# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی [illegible]ی و یەکەم (١٤٢١)- (١٥)ی تەمموزی ٢٠٢٤



# سەردانێکی مێژوویی لە کاتێکی هەستیاردا

ئەبو میساق ئەلمەساری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر:

**سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا ڕاگەیاندنی سەرەتای کۆتایی کێشەکان و دەستپێکردنی چارەسەریانە**

د.ئەحمەد شەریفی پسپۆڕی ئاسایش و ستراتیژییەتی سەربازی:

**سەردانەکەی سەرۆک بارزانیترووسکایی ئومێدە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە پاشاگەردانی**

پ.د.غالب ئەلدەعمی تۆیژەر لە بواری سیاسی:

**مسعود بارزانی، لەناو هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراقدا شکۆ و ڕێزێکی گەورەی هەیە**

د. حەیدەر ئەللامی سەرکردە لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا:

**سەرۆک بارزانی دەتوانێت ڕۆڵی باوکایەتی بۆ هەموو عێراق بگێڕێت**




# سەردانی لەندەن و کۆبوونەوە لەگەڵ تۆنی بلێر

## ١٢٢

دوای بەرنامەی سەردانمان بۆ ئەمەریکا، ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ بە فڕۆکەیەکی تایبەتیی حکوومەتی ئەمەریکا گەیشتینە لەندەن. تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بانگهێشتی کردبووین سەردانی لەندەن بکەین. لە لەندەن زۆر بە گەرمی پێشوازیمان لێ کرا. ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ لە بارەگای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا، تۆنی بلێر پێشوازیی لێ کردین، کۆبوونەوەیەکی زۆر دۆستانەمان کرد. تۆنی بلێریش هاوکاری و پشتگیریی بەریتانیای بۆ عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و مافەکانی گەلی کورد دووپات کردەوە. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانمان دایەوە.

لە چوارچێوەی سەردانەکەماندا بۆ لەندەن، زنجیرەیەک کۆبوونەوە و دیدارمان لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانیا پێک هێنا. لەوانە کۆبوونەوە لەگەڵ جۆن ڕید، وەزیری بەرگریی بەریتانیا. وەزیری بەرگری، کەسێکی زۆر کراوە و قسەخۆش بوو. لە کاتی گەیشتنمان بۆ ناو بارەگای وەزارەتی بەرگری، پێی گوتم: (ئەمانەش پێشمەرگەی ئێمەن).

دواتر چاومان بە ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیا و لۆردەکان کەوت. ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان و برادەرانمان بەسەر کردەوە. هەروەها سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و کوردستان لە چاتام هاوس سمینارێکمان پێشکەش کرد.

هەر لە میانەی سەردانەکەماندا بۆ لەندەن لەگەڵ جالیەی کورد لە بەریتانیا کۆبووینەوە و لە دیدارەکەدا بە وردی بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و کوردستانم بۆ ڕوون کردنەوە. لە کۆتایی دیدارەکەدا وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانمان دایەوە.



تابلۆی (مناره) ی  شاری هەولێر...
پرۆژەیەکی نوێکاریی هونەری هونەرمەندی شێوەکار
دارا محەمەد عەلی




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیلان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
ئارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

## هیمداد سەباح بیلال :



### بەم نزیکانە بەرهەمی سەردانەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا دەردەکەوێت

## عەبدولڕەحمان خانی :



### تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا شەش بەنداو تەواو کراون و سێ بەنداویش کاریان تێدا دەکرێت و ئەمساڵ تەواو دەبن

## د.عەرەفات کەرەم ستونی



دەوڵەتی تایفەگەری

## پ. د.کامەران ساڵحی



مەرجەکانی کاندیدکردن بۆ پەرلەمانی کوردستان

## پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس :



### ئەوەی جۆ بایدن بەرانبەر ئێران پیادەی دەکات سیاسەتی ڕازیکردن نییە

مەسعود کارەش :

**ئەنجومەنی وەزیران**
**بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی**
**یەک ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ**
**بودجەی فریاکەوتن تەرخان کردووە**





بێریڤان ئەحمەد حوسێن:

**بەداخەوە تا ئێستا نەمانبینیوە و**
**نەمانبیستووە خانمێک بەڕێوەبەری**
**دەزگایەکی میدیایی گەورە بێت**

**بچووکترین پرینتەری 3D**



**چەند ئاو خواردنەوە**
**پێویستە لە هاویندا؟**





بنار عەباس:

**ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی**
**لە پاڵەوانێتییەکی گەورەدا بەشداربم**

حەسنا لەعکوبی:

**سەرەڕای ئاستەنگەکان**
**هەر بەهێز ماومەتەوە**



# سەردانێکی مێژوویی لە کاتێکی هەستیاردا

## بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق

چەند مانگ پێش ئێستا و لە یەکێک لە گفتوگۆکانی بازنەی گفتوگۆ بەناونیشانی «هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵیدا»، ئەبو میساق ئەلمساری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێی گوتین: «برایان ئێوە وەک سیاسەتمەدار و دەستەبژێری هەرێمی کوردستان دەبێت ئەوە بزانن، ئێمە وەک لایەنە سیاسییەکانی عێراق دوو بەشین و بریتین لە – شیعەی ئەقڵانی و شیعەی چەکدار-، ئێوە دەبێت هەوڵ بدەن کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەگەڵ لایەنەکانی – شیعەی ئەقڵانی- چارەسەر بکەن، نەک لایەنەکانی-شیعەی چەکدار-». بەڵام لەسەردانی ئەمجارەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا، لەگەڵ لایەنەکانی «شیعەی چەکدار»یش کۆبووەوە.

لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بۆ ماوەی چەند مانگ هەوڵیان دا، لە ڕێگەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی زەمینەیەک ڕێک بخەن، کە سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدا بکات. دوای ڕەزامەندیی بەڕێزیان بۆ ئەو بانگهێشتنامەیە کە بانگهێشتنامەی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی عێراق بوو (بە شیعە و سوننە و پێکهاتەکانی دیکەوە) و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەیەکی زۆر ورد بۆ ئەم سەردانە ڕێک خرا. ئامانج لە دانانی ئەم بەرنامەیەش ئەوە بوو کە سەرۆک بارزانی وەک ساڵی ٢٠٠٢ پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتنی ئەو بەرنامەیە بگێڕێت کە وەک نەخشەی ڕێگە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامی لەسەر بونیاد دەنرێتەوە، لەسەر شێوازی ئەم بەرنامەیە ئەبولمیساق ئەلمساری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر بۆ ئەم ڕاپۆرتە قسەی کردووە و پێی گوتین:

* دوای سەردانەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئێمە وەک چوارچێوەی هەماهەنگی داوامان لێکرد، زەمینەیەک ڕێک بخەین بۆ ئەوەی بەڕێز سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدا بکات، دوای ئەوەی بەڕێزیان بە ئەرێنی وەڵامی بانگهێشتنامەکەی داینەوە، دەستمان بە دانانی بەرنامەیەک کرد.

* یەکێک لەو خاڵانەی بۆ زەمینەسازیی ئەم سەردانە گرتمانە بەر، هەوڵێکی جدیمان دا، بۆ ئەوەی بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەکان بچنە پێشەوە، وەک چارەسەرکردنی مووچەی

کاریزمای سەرۆک بارزانی کەسایەتییە مەزنەکەی هەمیشە وابووە کە لەگەڵ بەرانبەر ڕاستگۆیە و ڕێز لە قسە و ئیمزای خۆی دەگرێت و ئەو بەڵێنەی دای، جێبەجێی دەکات

سەرکردەکانی شیعە خۆیان دەڵێن، بە بێ لۆژیکی باوکانەی سەرۆک بارزانی هەرگیز ئەو عێراقە بونیاد نانرێتەوە کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بە نیشتمانی خۆیانی بزانن















**د.غالب ئەلدەعمی:**
**بەڕێز مسعود بارزانی، سەلماندوویەتی کە سەکردەیەکی هاوسەنگە، ڕاستگۆیە و کەم لێدوان دەدات و لەناو هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراقیش شکۆ و ڕێزێکی گەورەی هەیە**

**د.حەیدەر ئەللامی:**
**سەرۆک بارزانی بە کۆبوونەوەی لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی شیعە، ئەو گروپانەی کە پێشتر بە ڕۆکێت و درۆن هێرشیان دەکردە سەر هەرێمی کوردستان، سەلماندی کە ڕۆڵی باوکایەتی بۆ هەموو عێراق دەگێڕێت**

فەرمانبەران، ئەمە بۆ ئەوە بوو کە سەرۆك بارزانی هەست بەوە بکات نییەتێکی جددی لەلایەن هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوونی هەیە.

* بەرنامەمان بۆ دوو کۆبوونەوەی گرنگ ڕێکخست، یەکەمیان کۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، هەروەها کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە بێجگە لە (کورد و شیعە و سوننە) نوێنەری پێکهاتەکانی دیکەشی تێدایە، بۆ ئەوەی بەئامادەبوونی بەڕێزیان زۆر ڕاشکاوانە باس لە هەموو ئەو کێشە و ئاستەنگانە بکرێنەوە کە لە ئێستادا عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

پێش ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا بەچەند ڕۆژێك لە ئەڵقەیەکی دیکەی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە» بانگهێشتی شێخ عەبدولڕەحمان جەزائیری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسامان کردبوو، دوای پیشاندانی ڕەزامەندی بەوەی خۆشحاڵە لە بەغداوە بێتە هەولێر و، لەوەش ئاگاداری کردینەوە کە بەڕێزیان وەك کەسێك بە ناوی خۆیەوە بەشداریمان ناکات، بەڵکو وەك نوێنەری هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا و کۆی لایەنەکانی ناو هاوپەیمانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە دێت و مەبەستیشیەتی لە پەراوێزی ئەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە فراوانکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا بکرێت و نەخشەیەکی ڕێگە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی لەسەردانی شاندی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان (کە مەبەستی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بوو) بڕیاری سیاسیی یەکلاکەرەوەی لەسەر بدرێت.

ئاماژەکردنمان بەم باکگراوندە وەك ئامادەسازی بۆ سەردانەکەی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، بۆ ئەوە بوو، دەست بخەینە سەر گرنگیی ئەم سەردانە لە گۆڕینی ئەقڵییەتی سیاسی بۆ حوکمڕانیی عێراق و دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمایەکی دروستی دەستووری و ڕێگرتن لەوەی عێراق جارێکی دیکە بخزێتەوە ناو ئاژاوە و پاشا گەردانی.

لەمبارەوە د.ئەحمەد شەریفی پسپۆڕی ئەمنی و ستراتیژیەتی سەربازی کە لەم ڕاپۆرتە قسەی بۆ کردووین، گوتی: «ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا لەوە گەورەترە کە تەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بێت، بەڵکو ئەم سەردانە بەرەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد و قووڵی سەرۆك بارزانییە بۆ گۆڕانکارییەکانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و ناوچەکە، بۆیە ئەم سەردانە بە ترووسکایەکی ئومێد دادەنرێت، کە دەیەوێت ڕێگە لەوە بگرێت جارێکی دیکە عێراق بخزێتەوە ناو ئاژاوە و پاشاگەردانییەوە. ئەم سەردانە بۆ ئەوەیە بە سەرکردەکانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی بڵێت، دوو دەیەیە لەسەر دەستوور ڕێککەوتووین و گەلانی عێراق پەسەندیان کردووە، هێشتا وەك ٢٠ساڵ پێشە و تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە و هەنگاوێك بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی هەڵنەگیراوە».

کەواتە ئەم لێدوانانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە ماوەی ئەو چەند مانگەی لەسەر ئاستی کۆی لایەنە سیاسییەکانی عێراق (بە کورد و شیعە و سوننەوە) ئامادەسازی کراوە بۆ ئەم سەردانە مێژووییە و بێگومان سەرۆك بارزانی مەرجی خۆی هەبووە، پێش ئەوەی ئەم سەردانە بکات و ئەو مەرجانەی کە لە ئاکامی ئەم سەردانە گرنگە پسپۆڕان شرۆڤەی دەکەن و هەڵوەستەی لەسەر دەکەن بریتین لە:

١- دەبێت هەموو پێکهاتەکانی عێراق (بە کورد و شیعە و سوننەوە) لە چوارچێوەی پرانسیپی «هاوسەنگی، هاوبەشی، پێکەوەسازان» و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقیدا بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی ئەو نیشتمانەی پێی دەگوترێت «دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق».

٢- لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی (کورد، سوننە، شیعە) ناکۆکییە لاوەکییەکانیان وەلا بنێن و لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای ئەم نیشتمانە، دامەزراوەکانی دەوڵەت دووبارە بەهێز بکرێتەوە، لەم بوارەشدا زۆر بە پەرۆشی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننە لە ناوخۆیاندا لەسەر کاندیدێك

بۆ سەرۆکی پەرلەمان ڕێك بکەون و چیتر پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بەتاڵ نەبێت و دەبێت سەرۆکێکی عەرەبی سوننە پڕی بکاتەوە.

٣- لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە لەسەر بنەمای گیانی لێبوردەیی و لێکتێگەیشتن و یەکتری قبوولکردن، بۆ ئەمەش سەرۆك بارزانی تەنیا لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی – شیعەی ئەقلانی- کۆنەبووەوە، بەڵکو لەگەڵ گرووپەکانی –شیعەی چەکدار-یش کۆبووەوە.

سەبارەت بە کۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی شیعە، د.حەیدەر ئەللامی سەرکردە لە دەوڵەتی یاسا و نزیك لە گرووپە چەکدارەکانی شیعە، بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێی ڕاگەیاندین «سەرۆك بارزانی بە کۆبوونەوەی لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی شیعە، ئەو گروپانەی کە پێشتر بە ڕۆکێت و درۆن هێرشیان دەکردە سەر هەرێمی کوردستان، سەلماندی کە ڕۆڵی باوکایەتی بۆ هەموو عێراق دەگێڕێت و ئەو کاریزمایەیە کە توانای کۆکردنەوەی هەموو عێراقییەکانی هەیە و لە ئێستادا هەموو عێراق پێویستی پێیەتی».

لایەنێکی دیکە کە وەك بەرەنجامی ئەم سەردانە شرۆڤەی بۆ کراوە، ئەوەیە کە کاریزمای سەرۆك بارزانی کەسایەتییە مەزنەکەی هەمیشە وابووە کە لەگەڵ بەرانبەر ڕاستگۆیە و ڕێز لە قسە و ئیمزای خۆی دەگرێت و ئەو بەڵێنەی دای، جێبەجێی دەکات. لەمبارەوە پ.د.غالب ئەلدەعمی لە زانکۆی ئەهل بەیت و توێژەری کاروباری سیاسی لەم ڕاپۆرتەدا پێی گوتین: «بەڕێز مسعود بارزانی، سەلماندوویەتی کە سەرکردەیەکی هاوسەنگە، ڕاستگۆیە و کەم لێدوان دەدات و لەناو هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراقیش شکۆ و ڕێزێکی گەورەی هەیە. ئەمە بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی لێرە و لەوێ دەنگێك هەیە ڕەخنەی لێ دەگرن، کە پێدەچێت دەستیان لە پشت بدرێت، بەڵام سەرەنجام من مەزندە دەکەم، ئەم سەردانە لە کاتێکی زۆر باشدا بوو، دەبێتە هۆکاری ئەوەش کە کەشێکی ئەرێنی دروست بکات، ئەمەش نەك تەنیا لەگەڵ لایەنە شیعەکان و حکومەتی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو پرۆسەی سیاسیی عێراق».

ئەو ساتەوەختەی کە سەرۆك بارزانی سەردانی ئەمجارەی بۆ بەغدا ئەنجام دا، تەواو لە هاوشێوەی کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ساڵی ٢٠٠٢ی «لەندەن، پاریس» دەچێت. ئەو کات بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی (کە ئێستا لە دەسەڵاتدان) گوت: «بیر لە ئایندەی عێراق بکەنەوە، نەك تۆڵەسەندنەوە و دەوڵەت بونیاد بنێننەوە، نەك شەڕی خوێناوی دروست بکەن»، لە سەردانی ئەمجارەشیدا هەمووان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیامی سەرۆك بارزانی دووپاتکردنەوەی ئەو لۆژیکە بووە «بیر لە ئایندەی عێراق بکەنەوە و کۆتایی بە شەڕ و ڕق و کینە بێنن».

د.حەیدەر ئەللامی لە لێدوانەکەیدا بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێی گوتین: «لە دیدارێکمدا لەگەڵ سەرۆك بارزانی بەسەرهاتێکی بۆم گێڕایەوە و گوتی: دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، پێمگوتن کێ لە هەموو کەسێك زیاتر خراپەی بەرانبەر کورد و بارزانییەکان کردووە، پێیم بڵێن؟ گوتیان «فلانە کەس»، من چووم بۆ ماڵی ئەو کەسە و لە ماڵەکەی ئەو نانم خوارد و پێمگوت: ئەم نانەی لەم ماڵە دەیخۆم، وەك ئەوەیە گۆشتی میللەتەکەی خۆم بخۆم، بەڵام لەم بارودۆخە پێویستە هاوسەنگ بم، بۆ ئەوەی بتوانین لەم نیشتمانە پێکەوە بژین»، ئەمەیە کەسایەتی و کاریزمای سەرۆك بارزانی کە تەنیا ئەو دەتوانێت ڕۆڵی باوکایەتی بۆ هەموو عێراق بگێڕێت.

ئەم هەڵوێستەکردنەی د.حەیدەر ئەللامی کە خۆی نزیکە لە گرووپە چەکدارەکانی شیعە، لەسەر لۆژیك و لێبوردەیی سەرۆك بارزانی، کاردانەوەی دوای کۆبوونەوەی سەرۆك بارزانییە لەگەڵ سەرکردەی گرووپە چەکدارەکانی شیعە، بە ئاستێك سەرسامی کردووە کە خۆی دەڵێت، ئەو گرووپانەی بە ڕۆکێت و درۆن هێرشیان دەکردە سەر هەولێر، بەڵام سەرۆك بارزانی لاپەڕەی تازەیان لەگەڵدا هەڵدەداتەوە و دەیەوێت دووبارە عێراق بونیاد بنێتەوە، کە بێگومان وەك سەرکردەکانی شیعە خۆیان دەڵێن، بە بێ لۆژیکی باوکانەی سەرۆك بارزانی هەرگیز ئەو عێراقە بونیاد نانرێتەوە کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بە نیشتمانی خۆیانی بزانن.

**د.ئەحمەد شەریفی:**
**ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا لەوە گەورەترە کە تەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بێت، بەڵکو ئەم سەردانە بەرەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد و قووڵی سەرۆک بارزانییە بۆ گۆڕانکارییەکانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و ناوچەکە**

**ئەبولمیساق ئەلمساری:**
**دوای سەردانەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئێمە وەک چوارچێوەی هەماهەنگی داوامان لێکرد، زەمینەیەک ڕێک بخەین بۆ ئەوەی بەڕێز سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدا بکات**



**پ.د.غالب ئەلدەعمی**

توێژەر لە بواری سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی:

# مسعود بارزانی سەلماندوویەتی کە سەرکردەیەکی هاوسەنگ و ڕاستگۆیە و لە ناو هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراقدا شکۆ و ڕێزێکی گەورەی هەیە

**پ.د.غالب ئەلدەعمی، مامۆستایە لە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی (ئەهل ئەلبەیت) لە کەربەلا و توێژە و لێکۆڵەرە لە بواری سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و، ماوەی زیاتر لە سێ دەیەیە لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کار دەکات، لەسەر پرسە هەستیارەکانی عێراق بەردەوام لە کەناڵە عێراقی و عەرەبییەکان دیداری ڕۆژنامەیی لەگەڵ دەکرێت، سەبارەت بە سەردانە گرنگەکەی ئەم جارەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوە چڕ و هەمەلایەنەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییە عێراقییە جیاوازەکان گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا.**

*** بەشێکی زۆر لە میدیا عێراقی و عەرەبییەکان و هەروەها سەکردە سیاسییە عێراقییەکان، سەردانی ئەم جارەی سەرۆك بارزانیان زۆر بە گرنگ وەسف کرد، ئایا گرنگیی ئەم سەردانە لە چیدا بوو؟**

- من وەك هاووڵاتییەك و چاودێرێکی سیاسی بەم جۆرە سەیری سەردانەکەی بەڕێز بارزانی بۆ بەغدا دەکەم:

یەکەم: ئەم سەردانە دوای نزیکبوونەوەیەکی گەورە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی بەڕێز محەمەد شیاع سودانی بوو، بەڕێز بارزانی سەردانی بەغدای کرد بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەو لێك نزیکبوونەوەی نێوان هەولێر و بەغدا بدات.

دووەم: سیمایەکی پێوە دیار بوو کە بەڕێز بارزانی مەبەستێتی بەشداری لە چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی عێراقدا بکات، ئەمەش جیاوازە لەو سەردانانەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا ئەنجامی دەدەن، ڕاشکاوانەتر ئەوەی لە دۆسیێی سەردانەکەی بەڕێز بارزانیدا هەبوو، تەنیا تایبەت بە هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو کێشەکانی عێراق بوو.

سێیەم: بەڕێز مسعود بارزانی سەلماندوویەتی کە سەرکردەیەکی هاوسەنگە، ڕاستگۆیە و کەم لێدوان دەدات، لە ناو هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراقدا و شکۆ و ڕێزێکی گەورەی هەیە، ئەمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لێرە و لەوێ دەنگێك هەیە ڕەخنەی لێ دەگرن کە پێدەچێت دەستیان لە پشت بدرێ، بەڵام سەرەنجام من مەزندە دەکەم، ئەم سەردانە لە کاتێکی زۆر باشدا بوو، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کەشێکی ئەرێنی دروست بکات، ئەمەش نەك تەنیا لەگەڵ لایەنە شیعەکان و حکومەتی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو پرۆسەی سیاسیی عێراق.

*** بەرنامەی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی هەمەلایەن بوو، کۆبوونەوەکانیشی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بوو بە شیعە و سوننەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوەنیە کە نییەتێك هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- سەردانەکە زیاتر لە ڕەهەندێکی هەبوو، ڕەهەندی یەکەمی پەیوەندیدار بوو بە شێوازی چارەسەرکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی سوننە بۆ پەرلەمانی عێراق، ئەمەش واتە دەستنیشانکردنی کەسایەتییەك کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی سوننە بکات لە عێراقدا و ببێتە سەرۆکی پەرلەمان.

ڕەهەندی دووەمی سەردانەکەی پەیوەندیدار بوو بە چارەسەرکردنی گرفتە هەڵواسراوەکانی هەڵبژاردن، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، بەشداریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردن پاش وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی.

ڕەهەندی سێیەم: کۆبوونەوەکانی بەڕێز بارزانی لەگەڵ هەردوو لایەنی (شیعە و سوننە) وەك وەرشەیەك بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسییە عێراقییەکان خۆی وێنا کردبوو، بۆیە هەست دەکرا کە ڕایەڵەی پێکەوە سازان لە چوارچێوەی ناوکۆکییەکان پتەوترە و خاڵی هاوبەش لە خاڵی ناکۆك زۆر زیاتر بوو.

*** ئەم خوێندنەوەتان بۆ ئاراستەی کۆبوونەوەکان ئەوەمان پێ دەڵێت، دەرچەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان دوزراوەتەوە، ئایا مەبەستتان ئەمە بوو؟**

**ئەوەی لە دۆسیێی سەردانەکەی بەڕێز بارزانیدا هەبوو، تەنیا تایبەت بە هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو کێشەکانی عێراق بوو**

**کۆبوونەوەکانی بەڕێز بارزانی لەگەڵ هەردوو لایەنی (شیعە و سوننە) وەک وەرشەیەک بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسییە عێراقییەکان خۆی وێنا کردبوو**

**ئەم سەردانەی بەڕێز بارزانی زەمینەسازی بۆ بارودۆخێک سازکرد کە بتوانرێت ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک بڕیاری تازە بکرێت و، لێکتێگەیشتی زیاتر دروست ببێت و بارودۆخە سیاسییەکە بە شێوەیەکی گشتی هێور بکرێتەوە**



**پێشتر ئامادەسازی هەبوو بۆ یەکتری ڕەتکردنەوە، بەڵام ئێستا ئەم بارودۆخە تەواوی گۆڕاوە و ئامادەباشی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

**ئەو قۆناغە کۆتایی هات کوردستان بڵێت بەغدا بە شێوازێکی شۆڤێنییانە مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، لە بەرانبەریشدا دەنگێک هەبوو کە کەم نەبوون دەیانگوت کوردستان بە پارەی نەوتی بەسرا ئاوەدان دەکرێتەوە**

- چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەستی پێ کردووە و لە چارەسەری تەواو نزیک بووەتەوە، بەتایبەتیش پرسی «مووچەی فەرمانبەران، ناردنی شایستەی داریی، پرسی نەوت و هەندێک پرسی دیکەش وەك پرسی باج و دەروازە سنوورییەکان»، ئەمانە هەمووی بەرەو چارەسەری کۆتایی دەڕۆن، بۆیە دەکرێت بڵێین، ئەم سەردانەی بەڕێز بارزانی زەمینەسازی بۆ بارودۆخێك سازکرد کە بتوانرێت ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێك بڕیاری تازە بکرێت و، لێکتێگەیشتنی زیاتر دروست ببێت و بارودۆخە سیاسییەکە بە شێوەیەکی گشتی هێور بکرێتەوە، بۆیە ئێستا ژینگەیەك دروست بووە، هەست دەکرێت ئامادەباشیی دروست بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، کە پێشتر ئەم ئامادەباشییە نەدەبینرا، پێشتر ئامادەسازی هەبوو بۆ یەکتری ڕەتکردنەوە، بەڵام ئێستا ئەم بارودۆخە تەواوی گۆڕاوە و ئامادەباشی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و، ئەو قۆناغە کۆتایی هات کوردستان بڵێت بەغدا بە شێوازێکی شۆڤێنییانە مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، لە بەرانبەریشدا دەنگێك هەبوو کە کەم نەبوون دەیانگوت کوردستان بە پارەی نەوتی بەسرا ئاوەدان دەکرێتەوە، نەمانی ئەو تێڕوانینانە جێگەی خۆشحاڵییە و وەرچەرخانێکی گەورەشە.

*** لەوەتەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاوەستاوە، هەرێمی کوردستان کێشەی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی بۆ دروست بووە و باری حکومەتی فیدراڵی قورستر بووە، ئایا بۆ حکومەتی فیدراڵی پەلە لە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان ناکات؟**

- ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت، پێش ئەوەی زیانێك بێت بۆ هەرێمی کوردستان، زیانە بۆ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، ئەمە سەرباری ئەوەی کۆمپانیاکان شایستەکانی خۆیان وەردەگرن، زیانێکی گەورەشە بۆ بودجەی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی هەموو عێراقە، کەمکردنەوەی بارقورسی داراییە لەسەر حکومەتی فیدراڵی و، دەتوانرێت بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێم شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێم لە بودجەی عێراق زامن بکرێت.

ئەگەر سەرنج بدەین لەسەردەمی حکومەتی مستەفا کازمی کاتێك هەرێم نەوتی هەناردەی



دەرەوە دەکرد، حکومەتی فیدراڵی مانگانە تەنیا ٢٠٠ ملیاری بۆ هەرێم دەنارد، بەڵام دوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوت گەیشتە ٧٠٠ ملیار دینار، ئێستا گەیشتووەتە زیاتر لە ٩٠٠ ملیار دینار، هەموو ئەم جیاوازییە زۆرانە دەکرێت کەم بکرێنەوە ئەگەر نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکییەوە بفرۆشرێت.

*** لە سەرەتای وەرزی هاوینەوە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەگشتی و کارەبا بەتایبەتی، بارودۆخێکی گران لەسەر شانی هاووڵاتیان دروست بووە، ئایا لە ئێستادا عێراق لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر پێویستی بە سەقامگیری نییە بۆ ئەوەی بپرژێتە سەر بونیادنانەوە و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکات؟**

- بێگومان لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەولێر، هەروەها لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی فیدراڵی و پارێزگاکانی ڕۆژئاوا (مەبەست پارێزگاکانی سوننەیە)، فاکتەری سەرەکیی گرنگن بۆ هێوربوونەوەی بارودۆخەکە و دابینکردنی سەقامگیری لە سەرتاسەری عێراقدا، کە ئەم سەقامگیرییە دەبێتە فاکتەرێکی باش بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بپەرژێتە سەر دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هاندانی وەبەرهێنەرانی جیهانی بۆ ئەوەی بێنە عێراق و دەست بە پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی بکەن.

ئەو گفتوگۆ و کۆبوونەوانە کە لە سەردانەکەی بەڕێز بارزانی ئەنجام دران، ئاکامەکەی بۆ ئەوەیە کە عێراق سەقامگیر بێت، ئەوەی پێویستە لێرەدا بیڵێم، ئەوەیە کە سەردانەکانی بەڕێز بارزانی زۆر کەمن، ئەم جارەش دوای شەش ساڵ سەردانی بەغدای کردەوە، بۆیە مەزندە دەکرێت تەنیا سەردانێکی ئاسایی نەبووبێت و بەرنامەی سەردانەکەی چەندین دۆسیێ گرنگی لەخۆی گرتووە و، ئەو دۆسیانە دەخاتە بەردەم حکومەتی عێراق، بە مەزندەی من هەریەك لەو دۆسیانە ئامانج لێی سەقامگیریی عێراقە، لەبەر ئەوەی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان خەمی سەرەکیی بەڕێز بارزانییە، سەقامگیریی هەرێمیش بەبێ سەقامگیریی عێراق مسۆگەر نابێت، ئەگەر کێشەیەك لە بەغدا هەبێت، هیچ دوور نییە ئەم کێشەیە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان و بەپێچەوانەشەوە، بۆیە سەقامگیریی عێراق و سەقامگیری هەرێم پێکەوە گرێ دراون.

ئەو پێشوازییە گەورەیەشی لەم سەردانەی بەڕێز بارزانی کرا، جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە ئامادەباشیی تەواو لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانی بەغدا هەیە، ئەوجا چ سەرکردە سیاسییەکان، یان بەرپرسانی جێبەجێکار لە حکومەتدا، بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەموو کێشەکانی ڕابردوو بهێنرێن، بە کێشەی دانانی پارێزگاری هەردوو پارێزگای کەرکووک و دیالەشەوە، سەبارەت لە چارەسەرکردنی کێشەی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکانیش، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە هەردوو سەرۆك وەزیران بەڕێز محەمەد شیاع سودانی و بەڕێز مسرور بارزانی یەك تێڕوانینیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شنگال هەیە، کە ئەویش پێویستیی دەرچوونی هێزەکانی پەکەکەیە لە ناو شنگال و، گێڕانەوەی سەقامگیرییە لەژێر سایەی هێزەکانی عێراقدا بۆ ناوچەی شنگال، ئەگەر پەکەکە لە شنگال بێت، بەردەوام کێشەمان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە وەك دەوڵەت.

**ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت، پێش ئەوەی زیانێک بێت بۆ هەرێمی کوردستان، زیانە بۆ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا**

**دەتوانرێت بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێم شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێم لە بودجەی عێراق زامن بکرێت**

**سەقامگیریی هەرێمی کوردستان خەمی سەرەکیی بەڕێز بارزانییە، سەقامگیریی هەرێمیش بەبێ سەقامگیریی عێراق مسۆگەر نابێت**

**ئەگەر پەکەکە لە شنگال بێت، بەردەوام کێشەمان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە وەک دەوڵەت**



ئەبو میساق ئەلمەساری

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر بۆ گوڵان:

# سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا ڕاگەیاندنی سەرەتای کۆتایی کێشەکان و دەسپێکردنی چارەسەریانە

**ئەبو میساق ئەلمەساری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سایەستدا هەیە. یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە بەردەوام لەلایەن کەناڵە عەرەبی و عێراقییەکانەوە لەسەر پرسە گەرمەکانی عێراق و ناوچەکە دیداری ڕۆژنامەیی لەگەڵدا دەکرێت و ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. سەبارەت بە سەردانە گرنگەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا و زنجیرە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییە عێراقییەکان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئەنجام دا.**

* سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا لە دوای شەش ساڵ و کۆبوونەوە هەمەلایەنەکەی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە هاوکێشەی سیاسیی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت و، ئامادەباشییەك لەلایەن کۆی لایەنەکان دروست بوویێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وەك کاراکتەرێکی سیاسی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا خوێندنەوەت بۆ ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی چییە؟

- هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستاش بەڕێز بارزانی بە یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا دادەنرێت، ئەو کۆڵەگەیەکە هاوشانی سەرکردە باڵاکانی شیعە وەك (نوری مالیکی، هادی عامری، عەمار حەکیم)ـە، ئەم ڕۆڵە گەورەیەی بەڕێز بارزانی لە پرۆسە سیاسییەکە دەیگێڕێت، قورساییەکی گەورەی بەم کەسایەتییە داوە، هەر بۆیە غیابی بەڕێزیان بۆ ماوەی شەش ساڵ و نەهاتنی بۆ بەغدا، ماوەیەکی درێژە و بە ڕاشکاوی دەڵێم سەردانی بەڕێز بارزانی بۆ بەغدا ڕاگەیاندنی سەرەتای کۆتایی کێشەکان و دەستپێکی چارەسەرە و، زۆر دڵخۆش بووین بەم سەردانە موبارەکە، ئومێدمان هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا شێوازێکی تازە و جیاواز بەخۆیەوە ببینێت.

* یەکێك لە وێستگەکانی سەرۆك بارزانی لەم سەردانەیدا کۆبوونەوەی بوو لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانێتیی ئیدارەی دەوڵەت، کۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لە ناو ئەم هاوپەیمانێتییەدا تا چەند گرنگە بۆ ئەو قۆناغە نوێیەی کە بەڕێزت ئاماژەت پێ دا؟

- پێش سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، ئێمە وەك لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئامادەکاریمان بۆ کردبوو و خشتەیەکیشمان بۆ کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ڕێکخستبوو. بە سوپاسەوە بەڕێز بارزانی وەڵامدانەوەیەکی زۆر باش و ئەرێنییان بۆ بانگهێشتەکەی ئێمە هەبوو و، دوو کۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ڕێك خرا و بەڕێزیان تیایاندا بەشدار بوون. بە تەئکید بە بڕوای من کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرکردە و لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتیی ئیدارەی دەوڵەت گرنگترتر بوو لە حزوور و دیدارەکانی لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی، بەو پێیەی شێوازی حزوور لە کۆبوونەوەکانی ئیدارەی دەوڵەت، بەشدارییەکی باشی لە هەموو سەرکردەکانی پێکهاتەکانی عێراقی تێدا بوو لە (کورد و سوننە و شیعە و هەموو پێکهاتەکانی دیکە)، لەو کۆبوونەوەیەشدا جەنابیان بەشدارییەکی باشی لە پێشکەشکردنی پێشنیار و چارەسەرەکان هەبوو، بۆ چارەسەری کێشە قورس و ئەستەمەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کە بەردەوام لە سەکۆی گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا حزووریان هەیە. لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای باسکردنی بارودۆخی سیاسیی عێراق و هاوکێشەکان، بەڕێز بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە شوێنی بەتاڵی سەرۆکی پەرلەمان پڕ بکرێتەوە، کە لە ئێستادا پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بە یەکێك لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق دادەنرێت.

**بەڕێز بارزانی بە یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا دادەنرێت**

**زۆر دڵخۆش بووین بەم سەردانە موبارەکە، ئومێدمان هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا شێوازێکی تازە و جیاواز بەخۆیەوە ببینێت**

**پێش سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا، ئێمە وەک لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئامادەکاریمان بۆ کردبوو و خشتەیەکیشمان بۆ کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ڕێکخستبوو**

**کە کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد، زەمینەمان بۆ سەردانە گەورەکەی سەرۆک بارزانی رێک خست، لەو ماوەیەشدا کە ئامادەکاریمان دەکرد بۆ سەردانەکەی بەرێزیان، هەوڵمان دا، کارێکی جددی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکەین**

**ئێمە بەردەوام پێمان وابووە چەند بارزانی لە بەغدا نزیک بیێتەوە، لیژنەکانی پەرلەمانی و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە ئەوەندە لە کۆتاییهاتنی کێشەکان و چارەسەرەکان نزیک دەبنەوە**

**سەردانە مێژووییەکەی سەرۆک بارزانی دوای شەش ساڵ بۆ بەغدا ئاسۆیەکی تازەی کردەوە بۆ چارەسەر و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان**

*** ئایا دوای ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی، چاوەڕوان دەکرێت زۆر لە کێشە هەڵواسراوەکانی دیکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕوو لە چارەسەر بکات و، گرێکوێرەی زۆر لە کێشەکان بکرێنەوە و بە ڕێگەچارەی شیاو و میکانیزمی گونجاو هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت؟**

- بە تەئکید پێش سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا ئێمە پەیوەندیی باشمان لەگەڵ سەرکردەکانی هەولێر هەبوو بۆ ڕێکخستنی سەردانەکە و، هەروەها کە کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد، زەمینەمان بۆ سەردانە گەورەکەی سەرۆک بارزانی ڕێك خست، لەو ماوەیەشدا کە ئامادەکاریمان دەکرد بۆ سەردانەکەی بەڕێزیان، هەوڵمان دا، کارێکی جددی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکەین، لە ناویاندا چارەسەر کردنی کێشەی مووچەخۆرانی هەرێم، هەر بۆیە کاتێك سەرۆك بارزانی سەردانی بەغدای کرد و بینی چارەسەرکردنی کێشەکان بەرەوپێشەوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە، هەستمان کرد زۆر دڵخۆشە، بەڕێزیان ئەم دڵخۆشیەشی دەربڕی، بەوەی کاروبارەکان بە شێوەیەکی باش بەرەو چارەسەر دەچنە پێشەوە بە ئاراستەی ناردنی مووچەی فەرمانبەران، بێگومان ئەم ڕەزامەندییەی بارزانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان پیشانی دا، کاریگەری دیکەی دەبێت، ئەمەش بەو مانایەی کۆتایی بەم دۆسیانە بێنێن و بچینە سەر چارەسەرکردنی دۆسیەکانی دیکە، لە پێش هەموویانەوە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جیهانی تورکی و پرسەکانی دیکەش، ئەوەی گرنگە ئێمە زۆر بە ڕاشکاوی هەستمان کرد کە جەنابی بارزانی خۆشحاڵ بوو بەوە کە خەریکە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە تەواوەتی ئاسایی دەبنەوە .

*** ئەگەر لەسەر ئەم پرسەی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاوەستین، تا چەند ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی ڕێخۆشکەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەتایبەتی کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ هەردوو بواری ئابووری و دارایی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی گرنگە؟**

- ئێمە بەردەوام پێمان وابووە چەند بارزانی لە بەغدا نزیك ببێتەوە، لیژنەکانی پەرلەمانی و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە ئەوەندە لە کۆتاییهاتنی کێشەکان و چارەسەرەکان نزیك دەبنەوە، بۆیە سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی دوای شەش ساڵ بۆ بەغدا ئاسۆیەکی تازەی کردەوە بۆ چارەسەر و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، چونکە ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەسەر بودجەی گشتیی عێراق کاریگەریی زۆر قورسی لەسەر بواری دارایی و ئابووری هەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لانی کەم لە ئێستادا هەناردەکردنی نەوتی کوردستان ٣٠٪ کۆی هەناردەی نەوتی عێراق کەمتر نییە، بۆیە ڕاگرتنی ئەم ڕێژەیە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بودجەی عێراق دەکات، لەو ماوەیەی ئەو نەوتە ڕاگیراوە، ڕێژەیەکی زۆر گەورەی داهاتمان زیانی لێ کەوتووە، کە دەکرا ئەم داهاتە ڕۆڵەکانی عێراق بە (کورد و شیعە و سوننە و پێکهاتەکانی دیکە) سوودی لێ وەربگرن، بۆیە ئەم ڕاگرتنەش بە هۆی بڕیاری دادگای پاریسەوە دروست بوو، بەڵام ئێستا لێکتێگەیشتنی زۆر باش دروست بووە، پشت بەخوا ئەم ئاستەنگەش تێدەپەڕێنرێت، بۆ پشتگیریی بودجەی عێراق دەست دەکەینەوە بە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا.

*** لەم کاتەدا دەستتێوەردانە ئیقلیمییەکان بەتایبەتی لەلایەن هەردوو وڵاتی ڕدراوسێی (تورکیا و ئێران)ـەوە زیاتر بووە. ئایا باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ڕێگرتن لەم دەستتێوەردانانە دەبێت؟ ئایا ڕۆڵی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە پاراستنی سیادەی خاکەکەی لاواز نییە؟**

- ئێمە چەند ساڵێك پێش ئێستا ئاماژەمان بەوە کرد کە چەند پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی لاواز بووبێت، بوار بۆ دەستتێوەردانی وڵاتانی دەرەکی زیاتر بووە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، چەند پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بەهێز بووبێت، ئەو دەستێوەردانانە پاشەکشەیان کردووە و کەم بوونەتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەمانەوێت پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان هەرێم و ناوەند بونیاد بنێین و وەبەرهێنان لەم پەیوەندیەدا بکەین، داوامان

کردووە کە دەوڵەتانی دراوسێ هێزەکانیان لە عێراقدا بکێشنەوە، پێم وایە لە قۆناخی داهاتوودا ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ تورکیا دەبێت، بەوەی چوار خاڵی سەربازی لە کۆی ١٣ خاڵی سەربازیی تورکیا لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق بکشێنەوە، هەروەکو چۆن داوا لە لایەنی ئێرانی کراوە کە دەستبەرداری بەئامانجکردنی هەولێر و شارە سەرسنوورییەکانی دەوروبەری پارێزگای سلێمانی ببێت، بە هەموو پێوەرەکان قۆناغی داهاتوو بە قۆناغێکی نموونەیی دادەنرێت بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و دەوڵەتانی دراوسێ، لە هەمانکاتدا بەرەو پێشەوە چوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەمە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ.

*** ئایا ئەمە پێویستی بەوە نییە کە حکومەتی فیدراڵی کارێك بکات بۆ ئەوەی بتوانێت سەروەریی عێراق لەو دەستێوەردانانە بپارێزێت؟**

- بێگومان پاراستنی سەروەریی دەوڵەت گرنگە، بۆ ئەمەش ئێمە هێزێکی سنووریی باشمان لەسەر سنوورەکان هەیە، هەروەها هەولێریش ڕێگەی داوە چەند یەکەیەکی فیدراڵیی هێزە فیدراڵییەکانی سنوور لە سنوورەکانی هەرێم هەبێت، لەبەر ئەوەی بوونی ئەو هێزانە گرنگیی خۆی هەیە، هەروەها ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم کراوە ئەو خەڵکانەی لەلایەن یاساوە داواکراون بدرێنەوە بە یەکتری، ئەمەش واتە کاتێك تاوانبارێك تاوانێك لە هەولێر ئەنجام دەدات و خۆی لە بەغدا حەشار دەدات و بە پێچەوانەشەوە، ئەوا دەبێت ئەم تاوانبارە بگیرێت و ڕەوانەی بەغدا یان هەولێر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی سزای یاسایی خۆی وەربگرێت. ئەم پرسە کۆتایی هاتووە، لەمەش زیاتر گەیشتوونەتە سەر سەرپێچیی هاتوچۆ و یاساکانی هاتوچۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا کە یەك خراون، لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان هەولێر و بەغدا لە باشترین حاڵەتدایە بەراورد بە هەر لە ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا. بێگومان ئەم باشبوونەش بە هەوڵی بێوچانی برایانمان بووە، لە هەرێم و سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانییش هەموو ئەم دەستکەوتانەی پێکەوە کۆ کردەوە، گرنگە ئەم پەیوەندییە نموونەییەی نێوان هەرێم و بەغدا وەبەرهێنانی تێدا بکەین و تەواوی کێشەکانی پێ چارەسەر بکەین.

*** ئاسایی نەبوونەوەی دۆخی شنگال و جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتننامەی شنگال و بوونی هێزی پەکەکە لە شنگال، ئایا وا پێویست ناکات لە قۆناغی داهاتوودا حکومەتی عێراق بە بوێرییەوە کۆتایی بەم دۆسێیە بهێنێت؟**

- بابەتی ڕێککەوتنی شنگال لەبەردەستە و لەسەر بەرزترین ئاستی هەولێر و بەغدا ئیمزای لەسەر کراوە و، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەبێت هێزەکانی پەکەکە لەو شارە نەمێنن. پێم وایە دەبێت ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی شنگال کۆتایی بێت و چارەسەر بێت، پێموایە ئەو کۆبوونەوەیەی لە کۆتایی ئەم مانگە لە نێوان هەردوو دراوسێ (سووریا و تورکیا) کە لە بەغدا بەڕێوە دەچێت، ئامانج لەم کۆبوونەوەیە ئاشتبوونەوەیەکی مێژوویی بێت لە نێوان (سووریا و تورکیا)، ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە فاکتەرێك بۆ چارەسەرکردنی باردۆخی شنگال، هەروەها ئێستا کۆمەڵێك ڕێوشوێن بە کردەیی گیراونەتەبەر و نەخشەی زۆر ورد دارێژراوە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمیش ئاسایی بکەنەوە، بە شێوەیەکی گشتی هەنگاوەکان بەرەو ئەوە دەچن بارودۆخی ئەو ناوچەیە کە چەرمەسەریی زۆریان بینیوە و خەڵکەکەی نەهامەتیی زۆری بینیوە لەبەرچاو بگیرێت، بۆیە بابەتی ناردنەوەی بەزۆرەملێی ئاوارەکان بێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی سەقامگیری و ئەمنیی ناوچەکانیان و بواری ئاوەدانی و دابینکردنی خانوو و کار و پێداویستییەکانی دیکەی ژیانیان بکرێت، بابەتێکی هەڵەیە و هەموو ڕێککەوتن و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهان دژی ڕادەوەستنەوە. خەڵکی شنگال و تەواوی ناوچەکە لە دوای هێرشە دڕندەکانی داعش و کوشتنی ژن و منداڵ و پیاوەکانیان قوربانییەکی زۆریان داوە، من پێم وایە حکومەتی عێراق لە ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە کەمتەرخەم بووە و کەموکورتیی زۆر لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە هەبووە، لە ئێستادا شنگال و دەڤەرەکە بەپێی پێویست گرنگیی پێ نەدراوە و وێرانە، بۆیە لە قۆناغی داهاتوودا شنگال و خەڵکەکەی لەلایەن هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە پێویستیان بە هەماهەنگی و هاوکاریی زۆر دەبێت، بۆ ئەوەی بارودۆخی شنگال ئاسایی ببێتەوە و قۆناغی ئاوەدانکردنەوە دەست پێبکات و دۆسێی ئاوارەکان یەکلا ببێتەوە.

**بۆ پشتگیریی بودجەی عێراق دەست دەکەینەوە بە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا**

**ئێمە چەند ساڵێک پێش ئێستا ئاماژەمان بەوە کرد کە چەند پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی لاواز بوویێت، بوار بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەکی زیاتر بووە**

**حکومەتی عێراق لە ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە کەمتەرخەم بووە و کەموکورتیی زۆر لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە هەبووە**



د.ئەحمەد شەریفی

پسپۆڕی ئاسایش و ستراتیژیەتی سەربازی بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی سەرۆک بارزانی ترووسکایی ئومێدە بۆ ئەوەی عێراق نەخزێتەوە نێو ئاژاوە و پاشاگەردانی

**د.ئەحمەد شەریفی، پسپۆڕی ئاسایش و ستراتیژیەتی سەربازی، یەکێکە لەو پسپۆڕانەی کە لەسەر کۆی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، لە دیدارەکانی لەگەڵ کەناڵە عێراقی و عەرەبیە نیودەوڵەتییەکان قسەی ڕاشکانەی خۆی هەیە و بە دیدێکی ستراتیژی و ئاسایش و سەربازییانە بارودۆخی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا کە سەردانی ئەم جارەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ بەغدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.ئەحمەد شەریفی ئەنجام دا.**

*** سەردانی ئەم جارەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، لە کاتێکدایە هەموو ناوچەکە بە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ئاسایشی و سەربازیی ستراتیژیدا تێدەپەڕێت، وەك پسپۆڕێکی ئەم بوارە چۆن ئەم سەردانە لە ناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا دەخوێنیتەوە؟**

- قسەکردن لەسەر سەردانەکەی ئەم جارەی بەڕێز بارزانی بۆ بەغدا، وەك لە ڕووکەش و ڕای گشتیی عێراقدا دەرکەوتووە، پەیوەندیی بە کێشەکانی عێراقەوە هەیە، بەڵام ئەم سەردانە ئەو سنوورە دەبەزێنێت و لەوە گرنگتر و کاریگەرترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عێراق وەك دەوڵەت کە کاراکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئەوا سەردانەکە کاریگەریی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا و، لێرەوە لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١- عێراق لە چەند قۆناغێکدا و لە تێڕوانینی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش هۆکارێك بووە بۆ هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ ئەمەش چەندین بڕیاری بەسەردا سەپێندراوە، لەم ڕوانگەیەوە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، چارەسەرکردنی کێشەکان و سەرکەوتنی ڕیفۆرم لە عێراقدا وەك هۆکارێك بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی سەیر دەکەن و سەردانەکەی بەڕێز بارزانی هەر بۆ ئەم مەبەستە بووە.

٢- سەقامگیریی عێراق بەشێکە لە ئاسیشی هەرێمی، ئەمەش واتە بوونی سەقامگیری لە عێراقدا واتە سەلامەتیی ئاسایشی هەرێمی، سەرەنجامیش ئەوەی لە عێراق ڕوو دەدات، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێرەوە ئاوییەکان هەر لە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە تا دەگاتە دەریای سوور و گەوری بابولمەندەب و ئاوەکانی کەنداو، ئەم واقیعەی ئێستا لەم ناوچەیە بەڕێوە دەچێت و تیادا بەڕێز بارزانی سەردانی بەغدا دەکات، بۆ ئەوەیە هەموو کێشەکان ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە و سەقامگیری بۆ عێراق بگەڕێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا «دەرکەوتنی ڕووناکییەکە و ئومێدی تێدا دەبینرێت». لێرەدا دەپرسین: بۆچی دەرکەوتنی ڕووناکییەکە و ئومێدی لێ دەبینرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین، لەگەڵ ئەوەی عێراق حاڵەتی تێکشکان و نائومێدی باڵی بەسەردا کێشاوە، بەڵام سەرکردەیەکی سیاسیی دەبینین کە خوێندنەوەیەکی ورد و قووڵ بۆ دەرهاویشتە و هاوسەنگیی ناوچەکە دەکات، ئەمەش دەبێتە دەرکەوتنی ڕووناکییەك بۆ ڕزگارکردنی عێراق کە نەهێڵێت بکەوێتە ناو ئاژاوە و پاشاگەردانییەوە.

٣- سەردانی بەڕێز بارزانی پەیامێك بوو بۆ هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و ئەو وەرەقە سیاسییەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەر دامەزراوە، ئەمیش لەسەر دوو ئاست:

ا- حکومەتی فیدراڵی واتە (نامەرکەزی) پێویستی بەوەیە بە کاری هاوبەش و گیانی کارکردنی تیم کارەکانی بەڕێوە بەرێت، بەڵام ئێستا کۆمەڵێك کەس بڕیار دەردەکەن کە پێچەوانەی کاری هاوبەش و گیانی کارکردنی یەك تیمە، ئەمەش ئاراستەیەکە لە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی و هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیدا هەیە و هەستی پێ دەکرێت.

ب- ئەو ئاراستەیەی چوارچێوەی هەماهەنگی لە حوکمڕانیدا پیادەی دەکات، لەسەر ئاستی ڕای گشتیی عێراق و جەماوەر پەسەند نییە و لەگەڵ

**نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، چارەسەرکردنی کێشەکان و سەرکەوتنی ڕیفۆرم لە عێراقدا وەک هۆکارێک بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی سەیر دەکەن و سەردانەکەی بەڕێز بارزانی هەر بۆ ئەم مەبەستە بووە**

**ئەم واقیعەی ئێستا لەم ناوچەیە بەڕێوە دەچێت و تیادا بەڕێز بارزانی سەردانی بەغدا دەکات، بۆ ئەوەیە هەموو کێشەکان ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە و سەقامگیری بۆ عێراق بگەڕێتەوە**

ئاراستەی سیستمی دیموکراتیدا کە تیایدا «گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە» یەک ناگرێتەوە، بۆیە ئەمەش ئاراستەی پرۆسە سیاسییەکە بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەبات.

ئەم پەیامەی بارزانی ئاکامی ئەو خوێندنەوە قووڵ و وردەیە بۆ پێشهات و هاوسەنگیی ناوچەکەی کردووە، بۆیە لەو ئاراستە جیاوازەی چوارچێوەی هەماهەنگی لە پرۆسەی سیاسییدا گرتوویەتەبەر، ئاگاداریان دەکاتەوە، با سەرنج لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی ئێران بدەین و بپرسین گەلی ئێران کێی هەڵبژارد؟ دەبینین دەنگی گەلی ئێران بۆ گۆڕانکارییەکی لەناکاو لە لووتکەی هەرەمەکەدا کە ئەوی سەرۆک کۆماری ئێرانە، دەنگیان بە سەرۆکێکی پارێزگار دا، کە ئاراستەکەی بریتییە لە «گرتنەبەری ریفۆرم، کرانەوە بە رووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رۆژئاوادا»، لە بەرانبەریشدا بڕیاری رابەری شۆڕشی ئیسلامی کە خۆی سەرچاوەی بڕیاری سیاسییە لە وڵاتدا، رایگەیاند: «ئێران دەوڵەتێکی دیموکراتییە و ئەوەی گەلەکەی دەنگی لەسەر بدات، ملکەچی دەبێت». هەر بۆیە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەش کە قووڵایی ستراتیژی خۆی لە ئێراندا دەبینێت، ئەوا دەبینن ئێران بە ئاراستەی ریفۆرم و کرانەوەی نێودەوڵەتی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەوا بە خوێندنەوەی قووڵی وردی ئەم ئاراستەیە بەڕێز بارزانی وای دەبینێت، دەبێت چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەش هەمان هەنگاو هەڵبگرێت، ئەم هەنگاوەش پێویستی بە دروستکردنی پردەکانە بۆ گێڕانەوەی متمانە لە نێوان حکومەتی عێراق و رای گشتیدا، ئەم متمانەیەش پێویستی بە ریفۆرمی راستەقینە هەیە.

*** دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆک بارزانی لەم سەردانەیدا هەمەلایەن بوون، ئەمەش واتە لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی سوننەش کۆبووەوە و تەنیا سنووردار نەبوو بۆ لایەنە سیاسییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، ئایا ئامانج لەم کۆبوونەوە هەمەلایانانە چی بوو؟**

- ئامانجی بەڕێز بارزانی لە کۆبوونەوە هەمەلایەنەکانی ئەوە بوو، ویستی هۆشیاریی سیاسیی هاوبەشەکانی لە نیشتماندا رابچڵەکێنێت، بەتایبەتیش لایەنەکانی ناو هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لایەنە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی هەمانگی بەوەی پێیان بڵێت «ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ عێراقمان لەسەر بونیاد نایەوە، بە ئاراستەیەکی دروستدا ناڕوات بۆ پێشەوە، دوای تێپەڕبوونی ٢٠ساڵ ئەو دەستوورەی پێکەوە نووسیمانەوە و پاشان گەلانی عێراق دەنگیان پێ دا، ئەو دەستوورە، لە دەسەڵاتی بەرزترین دەسەڵات و دەوڵەت، تەنانەت لە دەسەڵاتی پەرلەمانیشدا نییە دەستکاری بکات، بێجگە لە ئەنجامدانی راپرسی لەلایەن گەلەوە، لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەدا دەبێت عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، وەک ئەم دەستوورە داوای دەکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ٢٠ساڵ لە دوای پەسەندکردنی ئەم دەستوورە، ماقووڵە سیاسەتمەدارانی ئەم دەوڵەتە ئاستی سیاسییان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە «پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەستوور» تێنەگەن، هەروەها لە چەمکی فیدراڵییەت تێنەگەن، بەوەی ناکرێت لە سیستمی فیدراڵیدا هەرێم و یەکە ئیدارییەکان ملکەچی بڕیارەکانی سەنتەر بکرێن، لەوە تێنەگەن کە عێراق سیستمی لامەرکەزی هەیە، سامانەکان وەک بەڕێوەبردن لەلایەن یەکە کارگێڕییەکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن؟ ئەوەی بۆ دەوڵەتی فیدراڵی دەمێنێتەوە ئەو دەسەڵاتانەیە کە رەهەندی سەروەرییان هەیە وەک «بەرگری، سیاسەتی دەرەوە، ئەو پرۆژە ستراتیژییانەی سنووری پارێزگاکان و هەرێمەکان تێدەپەڕێنێت»، ئەم دەسەڵاتانەی دەوڵەتی فیدراڵی سنووردارن، لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتانە ئەوەی دیکە هەمووی دەسەڵاتی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانی وڵاتن، لەمەش زیاتر دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی ئەو مافەی نییە ئەو دەسەڵاتانەش ببەزێنێت کە دەستووری تایبەتی هەرێمەکان یاسای لەسەر دەردەکەن، بە مەرجێک هاودژی لەگەڵ دەستووری دەوڵەتدا دروست نەکات.

*** تاچەند ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی دەبێتە هۆکارێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا؟**

- پەیامی بەڕێز بارزانی لەم سەردانەیدا بۆ بەغدا لەم کێشە لاوەکییانە گەورەتر بوو، هاتبوو بونیادنانی ئەزموونێکی سەرکەوتوو پیشانی سەرکردە عێراقییەکان بدات، کە ئەو ئەزموونەی

**سەردانی بەڕێز بارزانی پەیامێک بوو بۆ هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و ئەو وەرەقە سیاسییەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەر دامەزراوە**

**ئەو ئاراستەیەی چوارچێوەی هەماهەنگی لە حوکمڕانیدا پیادەی دەکات، لەسەر ئاستی رای گشتیی عێراق و جەماوەر پەسەند نییە**

**ئامانجی بەڕێز بارزانی لە کۆبوونەوە هەمەلایەنەکانی ئەوە بوو، ویستی هۆشیاریی سیاسیی هاوبەشەکانی لە نیشتماندا رابچڵەکێنێت**

**دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی ئەو مافەی نییە ئەو دەسەڵاتانەش ببەزێنێت کە دەستووری تایبەتی هەرێمەکان یاسای لەسەر دەردەکەن، بە مەرجێک هاودژی لەگەڵ دەستووری دەوڵەتدا دروست نەکات**

هەرێمی کوردستانە، لەگەڵ ئەوەی ناتوانین بڵێین ئەزموونێکی بێ کەموکووڕی و نموونەییە، بەڵام ئەزموونێکی سەرکەوتووە و لانی کەم ترووسکاییەکی ئومێدە، با هاوشێوەی ئەزموونی کوردستان بۆ هاووڵاتیانی عێراق دروست ببێت.

بەڕێز بارزانی پەیامی ئەوە بوو پێیان بڵێت، هەرێم پابەندە بە نەگۆڕە دەستوورییەکان، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئومێد لای هاوبەشەکانی نیشتمان هەیە لەم پەیامە تێبگەن و سوود لە ئەزموونی فیدراڵی وەربگرن و لەگەڵ بنکە جەماوەرییەکی خۆیان ئاشت ببنەوە، لەگەڵ دانیشتووانە لۆکاڵەکەیان ئاشت ببنەوە، واز لە بەرژەوەندیی خۆیان بێنن و لەگەڵ پرانسیپ و بنەمای دەستوور ئاشت ببنەوە و بەرژەوەندیی باڵای عێراق لەبەرچاو بگرن، بۆ ئەمەش پێکەوەسازانی گشتگیری نیشتمانی فەراهەم بکەن و سنووری ناسنامەی لاوەکی تێپەڕێنن و ناسنامەی نیشتمانی بەهێز بکەنەوە و، هاوبەشەکانی نیشتمان لەسەر بنەمای ناسنامەی لاوەکی نەتەوەیی و ئایینی بە کەم سەیر نەکەن، زۆر گرنگە ئەو پەیامەی بەڕێز بارزانی بە سەرکردە عێراقییەکانی گەیاند بە باشی لێی تێبگەن و هوشیار ببنەوە لەوەی ئەو ئاراستەیەی ئێستا هەنگاوی پێ هەڵدەگرن، خەڵك و جەماوەر لێی ڕازی نییە و ئاراستەی پرۆسەکەش بەرەو نادیاری و ئاژاوە و پاشاگەردانی دەبات.

*** ئاماژەت بەوە کرد، دوای دوو دەیە بەسەر پەسەندکردنی دەستوور، هێشتا تێگەیشتن لەسەر بنەماکانی دەستوور و چەمکی فیدراڵی لە عێراقدا بزرە، تەنگژەی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە فیدراڵییەت بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- تەنگژەی فیدراڵی لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ تەنگژەی هۆشیاریی سیاسی و تەنگژەی تێگەیشتن لە چەمکە سیاسییەکان، ئەوجا لەبەر ئەوەی قسە لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەکەین، دەبێت ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم کە پرسی فیدراڵییەت پێویستی بە دروستکەری بڕیاری سیاسی و لەخۆبوردیی و مرۆڤی مەبدەئیی ڕاستگۆ هەیە، کە لە ڕەهەندە مرۆییەکەوە لەگەڵ گشت عێراقییەکاندا مامەڵە بکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامە لاوەکییەکانیان، نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو دروشمانەی کە درێژکراوەی ئەو بیردۆزەیە کە ڕژێمی پێشوو هەوڵی دەدا تا کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئیتنی بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە دروست بکات، تا خۆی وا نمایش بکات کە بەهێزە و دەتوانێت بە زەبری هێز کۆنترۆڵ و سەرکوتیان بکات، ئەمە وا دەکات کە بڵێین لە ڕاستیدا پێویستمان بە هۆشیارییەك هەیە کە لە فیدراڵییەت تێبگەین.

ئەگەر لە سیستەمی فیدراڵییەت تێبگەین، سیستەمی فیدراڵی بارێکی زۆر لەسەر سەرشانی حکومەتی فیدراڵی سووك دەکات و ئەرشیقی دەکات، ئەرکە سەرەکییەکەی کارگێڕیی حکومەتە لۆکاڵەکان بەڕێوەی دەبات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك فیدراڵی ڕەت دەکرێتەوە، ڕەتکردنەوەیە لەسەر ئاستی عێراق، یان ڕەتکردنەوەیە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی هەرێمی؟

ئێمە وەك تەواوی عێراقییەکان دەنگمان بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ داوە و پێشوازیمان لە دیموکراتی و سیستەمی فیدراڵی کردووە، ئەمە مانای ئەوەیە گەلانی عێراق پێشوازی لە فیدراڵی دەکەن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پشتگیری و پشتیوانی لێ دەکەن، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا ڕووبەڕووی ئالنگاریی ڕەتکردنەوەی هەرێمی بووەتەوە، هۆکاری ڕەتکردنەوەی فیدراڵییش ئەوەیە کە ئەو ترووسکە ڕووناکییەی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت لە پیادەکردنی هەرێمێکی فیدراڵی، بووەتە چوارچێوەیەك بۆ «ئازادیی مرۆڤایەتی و ڕزگاربوونی سیاسی» بۆ هاووڵاتیانی هەرێمەکە، پێچەوانەی ڕژێمە سەرکوتکار و دیکتاتۆرەکانی دەوڵەتەکانیانە، کە ئەویش پیادەکردنی سیستەمی سەنترالیزمە کە لەسەر بنەمای تیۆری کۆنترۆڵکردنی ئیرادەی سیاسی چۆن بیانەوێت، دامەزراوە.

لە ئێستادا ئەگەر هۆشیاریی سیاسی بگاتە ئەو ئاستەی لە گرنگیی سیستەمی فیدراڵی تێبگەین، ئێمە بەرەو سیستەمێکی فیدراڵی هەنگاو هەڵدەگرین، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەر هەرێمێك خۆی بەڕێوە بەرێت و لەسەر ئاستی عێراق و تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکەش بەرەو تەواوکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنگاو هەڵبگرین، کە ئێستا جیهان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێشوازی لێ دەکات.

**پەیامی بەڕێز بارزانی لەم سەردانەیدا بۆ بەغدا لەم کێشە لاوەکییانە گەورەتر بوو، هاتبوو بونیادنانی ئەزموونێکی سەرکەوتوو پیشانی سەرکردە عێراقییەکان بدات، کە ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستانە**

**تەنگژەی فیدراڵی لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ تەنگژەی هۆشیاریی سیاسی و تەنگژەی تێگەیشتن لە چەمکە سیاسییەکان**

**پرسی فیدراڵییەت پێویستی بە دروستکەری بڕیاری سیاسی و لەخۆبوردیی و مرۆڤی مەبدەئیی ڕاستگۆ هەیە، کە لە ڕەهەندە مرۆییەکەوە لەگەڵ گشت عێراقییەکاندا مامەڵە بکات**

**ئەگەر لە سیستەمی فیدراڵییەت تێبگەین، سیستەمی فیدراڵی بارێکی زۆر لەسەر سەرشانی حکومەتی فیدراڵی سووک دەکات و ئەرشیقی دەکات**



د. حەیدەر ئەللامی

سەرکردە لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:

# کاریزمایەکی وەک بارزانی دەتوانێت ڕۆڵی باوکایەتی بۆ هەموو عێراق بگێڕێت و کێشەکان چارەسەر بکرێن

**د.حەیدەرئەللامی، یەکێکە لە سەکردەکانی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا، کە بەشێکە لە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی پێکی هێناوە، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانە مێژووییەکەی ئەم جارەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و بەشداربوونی لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و تەواوی لایەنەکانی سوننەش، ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.حەیدەر ئەللامی سەرکردە لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا ئەنجام دا.**

*** سەردانی ئەم جارەی سەرۆك بارزانی بە سەردانێکی گرنگ و مێژوویی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە لەقەڵەم درا، ئایا بایەخ و گرنگیی ئەم سەردانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

- بایەخ و گرنگیی سەردانەکە لە بایەخ و گرنگی خاوەنەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەویش بەڕێز مسعود بارزانییە، کە کەسایەتییەکی شۆڕشگێری زۆر گەورەیە و لەناو مێژوویەکی شەرەفمەند و پرشنگداردا لەدایك بووە، ئەم کەسایەتییە یەکێکە لەو کاریزمایانەی هەر لە سەردەمی ڕژێمی پێشووەوە هەتا ئێستاش کاریگەریی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق هەبووە و هەیە.

ئەم سەردانە مێژوویی بوو، لەبەر ئەوەی خاوەنی سەردانەکە لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە چەکی کردووەتە شانی، تەمەنی هێندە لاو بووە وێنەکانی پیشانی دەدەن کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی بووەتە پێشمەرگە، بڕنەوەکەی شانی لە بالآی خۆی درێژترە، بۆیە ئەم کەسایەتییە کارێزمایەکی گەورەی بۆ دروست بووە لەبەر ئەوەی هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی ئازادکردنی عێراق و داکۆکیکردنی لە مافی گەلەکەی لە عێراق و جیهان تەرخان کردووە.

کارێزمای بەڕێز مسعود بارزانی کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر عێراق و ناوچەکە هەیە، لە ناو سیاسەتی جیهانیدا ڕێزێکی گەورەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، ئەوجا سەردانی ئەمریکا بکات، یان کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو پەڕی ڕێز و شکۆوە پێشوازی لێ دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کەسایەتی و کاریزمای بەڕێز مسعود بارزانی لەلای دوو دژ (ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران) وەك یەك ڕێزی لێ دەگرن، ئەمەش مانای ئەوەیە کاریزماکەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر عێراق و ناوچەکە هەیە.

*** سەرۆك بارزانی دوای شەش ساڵ ئەمە یەکەمین جارە سەردانی بەغدا دەکات، ئایا ئەمە هەر سەردانێکی ئاسایی بوو، یان بارودۆخی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی پێویستی بەوە بوو، بارزانی لەم کاتەدا لە بەغدا ئامادەیی هەبێت؟**

- هاتنی بۆ بەغدا لە دوای شەش ساڵ، من لە چەند پرسێکدا بەرجەستەی دەکەم:

١- بەڕێز بارزانی بارودۆخی ئێستای عێراق بەو شێوەیە سەیر دەکات کە لە ئێستادا گۆڕانگارییەکی فیسیۆلۆژی لە سیاسەتی عێراقیدا هاتووەتە ئاراوە و، ئەم گۆڕانکارییەش

**کاریزمای بەڕێز مسعود بارزانی کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر عێراق و ناوچەکە هەیە، لە ناو سیاسەتی جیهانیدا ڕێزێکی گەورەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە**

**بەڕێز مسعود بارزانی لەلای دوو دژ (ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران) وەک یەک ڕێزی لێ دەگرن، ئەمەش مانای ئەوەیە کاریزماکەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر عێراق و ناوچەکە هەیە**

بووەتە هۆکاری ئەوەی کە کەسایەتی و سەرکردەی تازە لە ماوەی ئەم شەش ساڵەی ڕابردوو لە ناو پرۆسەی سیاسیدا دەرکەوتوون و ئێستا بڕیاربەدەستن، هەر بۆ نموونە لە ناوماڵی سوننەدا سەرکردەی وەك (محەمەد حەلبوسی، خەمیس خەنجەر، ئەبومازن) ئەم سەرکردانە کە تازە دەرکەوتوون و ئێستا لە بڕیاری سیاسیی پێکهاتەی سوننەدا کاریگەرییان هەیە.

٢- لە ناو ماڵی شیعەدا کۆمەڵێك کەسایەتی و سەرکردەی تازە دەرکەوتوون کە ئێستا پۆستی گرنگیان هەیە و پێش شەش ساڵ کاریگەریی ئێستایان نەبووە، بۆ نموونە بەڕێز موحسین مەندەلاوی کە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانە و لە ئێستا بە وەکالەت سەرۆکی پەرلەمانە، هەروەها کۆمەڵێك پارێزگاری تازە دەرکەوتوون وەك پارێزگارەکانی (بەسرە، کوت، کەربەلا) کە ئەمانەش پێش شەش ساڵ لە پرۆسە سیاسییەکەدا نەبووە.

٣- خاڵێکی دیکە کە پەیوەندیدارە بە سەردانەکەی بەڕێز مسعود بارزانی، ئەو بارودۆخەیە کە ئێستا ناوچەکەی گرتووەتەوە، هەموو لایەك دەزانن عێراق لە ناو جەرگەی ئەو گەردەلوولەدایە کە ئێستا لە نێوان قەوارەی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێت، کە بە ڕۆکێت و درۆن لە یەکتری دەدەن، تۆمەتی گەورەش هەیە کە پەیوەندیدارە بە کوشتنی سەرۆك کۆماری ئێرانەوە، هەروەها ئەو وێرانکارییەی لەسەر دەستی قەوارەی ئیسرائیلی بەسەر غەززەدا هاتووە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە مقاوەمەی ئیسلامیی عێراقی بەشداریی کردووە لە کێشەی غەززەدا، هەموو ئەم ڕووداوانە سێبەری خۆی بەسەر عێراقدا سەپاندووە، بۆیە لەم بارودۆخەدا، بەتایبەتی کە بەڕێز موقتەدا سەدر خاوەنی ٧٣ نوێنەر بوو لە پەرلەمانی عێراق لە پرۆسە سیاسییەکە دوور کەوتووەتەوە، بۆیە بارودۆخەکە پێویستی بەوە بوو، کاریزمایەك هەبێت بۆ ئەوەی کە ڕۆژگار خراپی کردووە تا بیهێنێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی، ئەو کاریزمایەش بەڕێز بارزانی بوو بۆ ئەوەی ئامادەیی هەبێت و جووڵەیەك لە پرۆسەکەدا دروست بکات بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ کێشە هەڵواسراوەکان بدۆزرێتەوە، بێگومان کۆمەڵێك کێشەی ئایندەیمان هەیە.

*** دوای ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی، ئایا چارەسەر بۆ کێشەکان دۆزرانەوە، یان هەندێك کێشە هەر بە هەڵواسراوی ماونەتەوە؟**

- ئەوەی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە دوو پرسە، یەکەمیان نەبوونی سەرۆك پەرلەمانێکی سوننە کە دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت، دووەمیان ئەوەیە دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەتا ئێستا نەتوانراوە پارێزگاری کەرکووك و دیالە دابنرێن.

*** لەسەر ئاستی ناوچەکە کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنی ئەنجام دا و سەرۆکێکی نوێی لە جێی سەرۆکی پێشوو دانا، هەروەها لە چەند مانگی داهاتوودا لە ئەمریکا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەڕێوە دەچێت، ئایا تاچەند ئەم پرسانە لە کۆبوونەکاندا بایەخیان پێ درا؟**

- ئەمانە و چەند پرسی دیکە بە بایەخەوە هەڵوێستەیان لەسەر کرا، بەو حیسابەی ڕەهەندی ئەم پرسانە لە ئایندەدا کاریگەرییان دەبێت، بێگومان هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ کۆماری ئیسلامی و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا کاریگەریی دەبێت و جارێ نازانرێ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا (کۆماری یان دیموکراتی) دەبێت، هەروەها هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و لە ئێستا داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە (کە لە وەرەقە سیاسییەکەی پێکهێنانی حکومەتی سوودانی) هاتووە، هەموو ئەمانەش پرسی گرنگن، بۆیە ئەم پرسانە هەموویان پێویستیی بە بەشداریی کاریگەری بەڕێز بارزانی هەبوو کە لەو کۆبوونەوەدا ئامادە بێت.

*** تا چەند دید و تێڕوانینی سەرۆك بارزانی وەك نەخشەیەکی ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق، لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراقی لە دیدێکی هاوبەشدا بۆ هەنگاوهەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کۆ کردەوە؟**

- بەڕێز بارزانی بە جیا لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سەرکردەکانی سوننە کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا جارێکی دیکە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو وەرەقە سیاسییە جەخت کرایەوە، کە

حکومەتی ئێستای عێراقی لەسەر پێك هاتووە، هەروەها لەگەڵ سەرکردەکانی مقاوەمەی ئیسلامیی عێراقی کۆبووەوە، کە ئەمەیە لۆژیك و کاریزمای بارزانی بە گەورەیی وێنا دەکات. لێرەدا دەخوازم ئاماژە بە دیدارێك بکەم کە خۆم لەگەڵ بەڕێز بارزانی هەمبووە، جارێك لەگەڵ بەڕێز بارزانی گفتوگۆمان دەکرد سەبارەت بە سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق و وەلانانی ڕق و کینەی ڕابردوو بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەڕێز بارزانی بە دەق پێی گوتم: «لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس، پێم گوتن کێ لە هەمووان زیاتر دوژمنایەتیی کورد و بارزانییەکانی کردووە، پێیان گوت فلان کەس، ئەوە یەکێك بوو لە ئەمنەکانی سەدام، بەڕێز بارزانی پێی گوتم: «من چووم سەردانی ئەو کەسەم کرد لە ماڵەکەی خۆی و لە ناو ماڵەکەی نانم خوارد و لەسەر نانەکە پێم گوت: ئەم نانەی لەم ماڵەدا دەیخۆم، وەك ئەوەیە گۆشتی نەتەوەکەی خۆم بخۆم، بەڵام من دەمەوێت هاوسەنگی ڕابگرم، تا هەموومان پێکەوە بتوانین بە ئاشتی لەم نیشتمانەدا بژین». سەیری گەورەیی ئەم لۆژیك و لێبوردەییەی بەڕێز بارزانی بکەین، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەمە دید و تێڕوانینی ڕابەرێکە کە متمانەی بە خۆی هەیە. دید و تێڕوانیی کاریزمایەکە کە توانای ئەوەی هەیە گەلەکەی پێکەوە کۆ بکاتەوە، هەر بۆیە کاتێك لەگەڵ سەرکردەکانی مقاوەمەی ئیسلامیی عێراق کۆ بووەوە، سەرباری ئەوەی مقاوەمەی ئیسلامی پێشتر بە ڕۆکێت و درۆن هێرشیان کردبووە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم لێبوردەییەی بەڕێز بارزانی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم ڕابەرە توانای کۆکردنەوەی هەموانی هەیە، بۆیە کاتێك کاریزمایەکی وەك بەڕێز بارزانی هەبێت، ئەوا کێشەکان بەبێ چارەسەر نامێننەوە، ئەوەی باسم کرد تەنیا پوختەیەکی سەردانەکەی بەڕێزیان بوو. لەم سەردانەدا بەڕێز بارزانی توانی بارودۆخەکە بە جۆرێك وەربچەرخێنێت کە تەنانەت دید و تێڕوانینی ئەو خەڵکانەش بگۆڕێت کە پێشتر بە نەرێنی قسەیان لەسەر دەکرد، ئەوان لەم سەردانەدا وێنەی ڕاستەقینەی بەڕێز بارزانییان بینی کە چ توانایەکی کۆکردنەوە و دید و تێڕوانینێکی باوکانەی هەیە بۆ کۆکردنەوەی هەموان. ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەم کەسایەتییە دەشێت ببێتە باوکی عێراق و ناوچەکە.

*** ئایا دوای ئەم سەردانە، ئومێدێك دروست بووە کە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو هەڵبگرن و ئاستەنگەکان نەمێنن؟**

- ئەوەی پێی دەڵێن ئاستەنگ، من بە جۆرێکی دیکە دەڵێم کە پێشتر سەرەتایەکمان نەبوو بۆ دەستپێکردنی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، بەتایبەتی لە (جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، ڕێککەوتنی شنگال، پرسی تەوتینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، پرسی نەوت وگاز و...هتد) ئەم پرسانە کێشەی ڕاستەقینە نین و، هەریەك لەم پرسانە چەندین چارەسەریان هەیە، چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستی بە لێژنەیە، بەڵام گرنگە ئەوەی سەرۆکایەتیی ئەم لێژنەیە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان جێگەی متمانەی بەڕێز بارزانی و هەرێم بێت، هەروەها جێگەی متمانەی حکومەت و پەرلەمانی عێراقی بێت و، بتوانێت بە شێوەیەکی ئاسان ئەم کێشانە چارەسەر بکات و چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش هەمووی خزمەتی بەرژەوەندیی گەلانی عێراق دەکات.

لەلایەکی دیکە خەمەکانی بارزانی تەنیا دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان نییە، بەڵکو لە دیدارێکمدا لەگەڵ بەڕێزیان هەستم کرد یەکێك لە خەمە گەورەکانی نەبوونی ئەو خزمەتگوزارییانەیە لە باشووری عێراق و هاووڵاتیان بەدەست نەبوونی ئەو خزمەتگوزارییانەوە دەناڵێنن، بۆیە دیدوتێڕوانینی بەڕێز بارزانی دیدوتێڕوانینێکی باوکانەیە بۆ هەموو عێراق و دەیەوێت برایەتیی نێوان کورد و عەرەب پتەوتر بکات، ڕیفۆرم لە هەموو عێراقدا سەرکەوتوو بێت و ژیانێکی شایستە بۆ گەلەکەمان دابین بکەین، مێژووش ئەمەی سەلماندووە کە بەڕێز بارزانی لە زۆر پرسی هەستیاری عێراقدا جێ پەنجە و کاریگەریی خۆی جێ هێشتووە.

**لەم سەردانەدا بەڕێز بارزانی توانی بارودۆخەکە بە جۆرێك وەربچەرخێنێت کە تەنانەت دید و تێڕوانینی ئەو خەڵکانەش بگۆڕێت کە پێشتر بە نەرێنی قسەیان لەسەر دەکرد**

**مێژووش ئەمەی سەلماندووە کە بەڕێز بارزانی لە زۆر پرسی هەستیاری عێراقدا جێ پەنجە و کاریگەریی خۆی جێ هێشتووە**



**هیمداد سەباح بیلال**
**سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بەم نزیکانە بەرهەمی سەردانەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا دەردەکەوێت

# دوای ئەم سەردانە کاتی ئەوە هاتووە ڕێککەوتنامەی شنگال زیندوو بکرێتەوە

**سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا لەناو پێکهاتەکانی عێراقدا ڕەنگدانەوەی زۆر باشی لێکەوتەوە، تورکمانەکانیش بە هاوشێوەی کورد و سوننە و شیعەکان و پێکهاتەکانی دیکە بە گرنگییەوە دەڕواننە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. هیمداد سەباح بیلال سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان جەختی لەسەر گرنگی و ئەنجامەکانی ئەم سەردانە کردەوە کە لەلایەن پێکهاتەی تورکمانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە.**

*** سەردانی سەرۆك بارزانی دوای شەش ساڵ بۆ بەغدا دەنگدانەوەیەکی زۆری لەناو پێکهاتەکانی عێراق و کوردستان لێکەوتەوە و، بە گەرمی لە لایەن پارت و لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵاتەکانی عێراقیشەوە پێشوازیی لێکرا. ئایا کاریگەریی کاریزمای کەسایەتیی سەرۆك بارزانی تاچەند گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە سیاسییەکانی ئەمڕۆی ناو گۆڕەپانی سیاسیی عێراق؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی لە ناوچەکە و جیهاندا خاوەنی پێگە و ناو و ناوبانگێکی گەورەیە و کەسایەتیی جەنابیان وای کردووە، ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و کوردستان دیار و لەبەرچاو بێت، بۆیە جەنابی بارزانی کاتێك جووڵەیەکی سیاسی دەکات و ڕوو لەبەغدا دەکات، لەناو ناوەندە سیاسییە عێراقییەکان و ئیقلیمییەکان دەنگدانەوەی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش بۆ کەسایەتیی سیاسی و مێژوویی و ناوبانگیی دەگەڕێتەوە. بەڕێزیان وەکو کەسایەتییەکی ناسراوی کوردستانی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە ڕۆڵی حەکیمانەی لەناو پرۆسەی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکان و کردنەوەی گرێگوێرەکانی ناو پرۆسەی سیاسی عێراق ناسراوە. بۆیە دوای زیاتر لە شەش ساڵ سەردانەکەی بۆ بەغدا و دیدار و چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی باڵای سیاسی و قەزایی و تەشریعی و حکوومی و نوێنەری پێکهاتەکان حیسابی وردی بۆ دەکرێت و، ئومێدبەخشە بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشە و گرفتەی کە بە هەڵپەسێردراوی و بێ چارەسەر ماونەتەوە، بەتایبەتی ئەو هەموو کێشە و گرفتەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی هەیە. ڕاستە چەندین جار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی، بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدایان کردووە و قسەی جددییان لەسەر چارەسەری کێشەکان کردووە و، تەنانەت زۆربەی وەزیر و شاندە باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەردانیاندا بۆ بەغدا گفتوگۆی گەرمیان لەگەڵ بەرپرسانی هاوتاکانیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کێشە و گرفتەکان هەر ماونەتەوە و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

من بیروبۆچوونم وایە، جەنابی سەرۆك بارزانی لە جووڵەکانیدا زۆر وریایی پێوە دیارە و حەکیمانە بڕیار لەسەر بابەتەکان دەدات، هیچ بڕیارێك نادات ئەگەر ١٠٠٪ نەزانێت کە تا چ ڕاددەیەك سوود و بەرژەوەندیی گەلی کوردستانی تێدایە بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزاکانیەوە، لەمەش زیاتر بەڕێزیان

**جەنابی سەرۆک بارزانی لە ناوچەکە و جیهاندا خاوەنی پێگە و ناو و ناوبانگێکی گەورەیە و کەسایەتیی جەنابیان وای کردووە، ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و کوردستان دیار و لەبەرچاو بێت**

**جەنابی سەرۆک بارزانی حەکیمانە بڕیار لەسەر بابەتەکان دەدات و هیچ بڕیارێک نادات ئەگەر ١٠٠٪ نەزانێت کە تا چ ڕاددەیەک سوود و بەرژەوەندیی گەلی کوردستانی تێدایە بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزاکانیەوە**

زۆر پەرۆشە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێم بۆ پاراستنی کەرامەتی خەڵکەکەی هەنگاو دەنێت، بۆیە سەردانەکە لە کاتێکدا هاتووە، کە بارودۆخی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی زۆر لەبارە بۆ تێپەڕاندنی کێشەکان و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی لێکتێگەیشتن و هاوکاری و کاری هاوبەش. بۆیە لە هەگبەی بەرنامەکەی سەرۆك بارزانی و ئەجندەی سەردانەکەی بۆ بەغدا، زۆر دۆسیێ و بابەتی هەستیاری تێدایە کە چەندین بواری سیاسی و ئابووری و ئەمنی و هەڵبژاردن و بابەتی مووچە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆ گرتووە، هەر لە بابەتی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە، تاوەکو بابەتی هەڵبژاردنەکان و ئیستحقاقاتی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی ناو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، کە لەسەر ئەو بنەمایە کابینە وەزارییەکەی محەمەد شیاع سوودانی پێکهاتووە.

*** سەرۆك بارزانی لەو سەردانەیەدا لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کۆبووەوە، تا چەند ئەم کۆبوونەوانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان گرنگ بوون؟**

- لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی عێراق و لایەنە سیاسییە گەورەکان ئامادەی بوون، حەسەن تۆرانی سەرۆکی بەرەی تورکمانییش ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو. لە کۆبوونەوەکانی ناو هاوپەیمانێتی ئیداری دەوڵەت بڕیار لەسەر داهاتووی عێراق و شێوازی چارەسەری کێشەکان دەدرێت. هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ماوەی دووساڵ زیاترە دامەزراوە و بە دەیان کۆبوونەوەی کردووە، بەڵام کۆبوونەوەی ئەمجارەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت جیاواز بوو، لەبەر ئەوەی ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بۆ سەرۆك بارزانی ڕێك خرابوو، کە ڕاشکاوانە قسە لەسەر هەموو کێشەکانی عێراق بکرێت و ناویشیاندا بە ڕاشکاوانە باس لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بکرێت، هەر بۆیە واچاوەڕوان دەکرێت، دوای کۆبوونەوەکەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، هەولێر و بەغدا تا ڕاددەیەکی زۆر باش کێشەکانیان ڕوو لە چارەسەرکردن بچێت.

*** دوای ئەم سەردانە تاچەند ئومێد هەیە بەوەی هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی بەردەم پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تێپەڕێنرێت ؟**

- لە عێراق ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش ئەوەیە گرنگ نییە کێ سەرۆك وەزیرانە، یان سەرۆکی پەرلەمانە، یان سەرۆك کۆمارە، بەڵکو خاڵی گرنگ ئەوەیە مەرجەع و کەسایەتیی پشت ئەو پۆستە چ لایەنێکی سیاسییە و کێ پشتگیری دەکات. ئەگەر سەرنج لە کۆبوونەوەکانی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی بدەین، دەبینین بەڕێزیان لەگەڵ مەرجەعەکانی عێراق کۆبووەوە و دانیشتن وگفتوگۆی جددی کرد. هەندێك لەو دەستتێوەردانە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانە وا دەکات، زۆرجار ڕێککەوتنەکان وەکو خۆیان جێبەجێ نەکرێن، یان ناکۆکی دروست بێت، بەڵام نزیکبوونەوەی هەرێم و عێراق دەستتێوەردانەکان کەم دەکاتەوە. هەندێك دەستتێوەردانیش هەیە دەبێت لە ڕەگ و ڕیشەوە هۆکاری دەستتێوەردانەکە نەهێڵدرێت، بۆ نموونە بوونی پەکەکە و هەڕەشەکانی بۆ سەر دەوڵەتێکی دراوسێ وا دەکات ئاڵۆزی و کێشە و گرفت لەسەر سنوورەکان دروست بێت، بەڵام دەستتێوەردانی ئێران جیاوازە.

لەدوای ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی کاتی ئەوە هاتووە بابەتی پەکەکە و هەڕەشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ناسەقامگیریی ناوچەکە چارەسەر بکرێت. ناکرێت ڕێککەوتنێکی وا گرنگی وەکو ڕێککەوتنی شنگال بە هۆی شەڕەنگێزییەکانی پەکەکەوە جێبەجێ نەکرێت، ئەم ڕێکخراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسراوە و لەسەر ئاستی عێراقیش وەك ڕێکخراوێکی قەدەغەکراوە، بۆیە زۆر گرنگە بوونی چەکداری پەکەکە لە عێراق کۆتایی پێبێت و، کاتی ئەوە هاتووە ڕێککەوتنامەی شنگال زیندوو بکرێتەوە. هەرچی ئەو کێشە و گرفتە نێوخۆییانەی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەیە ئاساییە و بە گفتوگۆ و دانوستاندن لە کۆتاییدا

**واچاوەڕوان دەکرێت، دوای کۆبوونەوەکەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، هەولێر و بەغدا تا ڕاددەیەکی زۆر باش کێشەکانیان ڕوو لە چارەسەرکردن بچێت**

**لە عێراق ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش ئەوەیە گرنگ نییە کێ سەرۆك وەزیرانە، یان سەرۆکی پەرلەمانە، یان سەرۆك کۆمارە، بەڵکو خاڵی گرنگ ئەوەیە مەرجەع و کەسایەتیی پشت ئەو پۆستە چ لایەنێکی سیاسییە و کێ پشتگیری دەکات**

**هەندێك لەو دەستتێوەردانە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانە وا دەکات، زۆرجار ڕێککەوتنەکان وەکو خۆیان جێبەجێ نەکرێن، یان ناکۆکی دروست بێت، بەڵام نزیکبوونەوەی هەرێم و عێراق دەستتێوەردانەکان کەم دەکاتەوە**

**بوونی پەکەکە و هەڕەشەکانی بۆ سەر دەوڵەتێکی دراوسێ وا دەکات ئاڵۆزی و کێشە و گرفت لەسەر سنوورەکان دروست بێت**

ڕوو لەچارەسەرکردن دەکات، ئەمە حاڵەتی زۆر لەو وڵاتانەیە کە بە قۆناغەکانی فیدراڵی تێپەڕ دەبن، تاوەکو بارودۆخەکەیان ئاسایی دەبێتەوە و کێشەکانیان لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا چارەسەر دەبێت. ئەمڕۆ لەنێوان هەولێر و بەغدا دوو جۆر گیروگرفت هەیە. هەرچی گیروگرفتی ناوخۆیی هەیە، کە دەکاتە کێشەکانی نێوان فیدراڵی و هەرێمەکانی، وەکو مووچە و داهات و ناردنی بەشە بودجە و ناردنی بودجەی هێزەکانی پێشمەرگە و دەسەڵاتەکان و دووبارە دەستپێکردنەوەی ناردنەوەی نەوتی هەرێمە.

وڵاتی تورکیاوە نەوتەکەی لە ڕێگەی بۆری ڕەوانەی ئەو بەندەرە دەکات و دەیفرۆشێت، بۆیە حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە غەدرێکی زۆر گەورەی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش کردووە، چونکە کاتێك هەرێمی کوردستان واژۆی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ تورکیا بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ دەرەوە و فرۆشتنی کرد، بە نهێنی نەکرا و حکومەتی عێراق ئاگادار بوو، ئەمە لە کاتێکدا عێراق خۆی یاسای نەوت و غازی

**لەدوای ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی کاتی ئەوە هاتووە بابەتی پەکەکە و هەڕەشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ناسەقامگیریی ناوچەکە چارەسەر بکرێت**




دووەم کێشە دەرەکییە کە بابەتی پەکەکە و هەڕەشەکانیەتی.

*** یەکێك لەو دۆسیيانەی کە چاودێران پێیان وایە دوای سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات، دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانە، ئایا پێت وانییە ئەم دۆسیەیش بووەتە قوربانی ململانێ و دەستێوەردانی دەرەکی؟**

- لە دۆسیێ هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەندەری جەیهانی تورکیاوە چەندین ساڵ بووە عێراق لێی ئاگادار بووە، کە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای

فیدراڵی نییە، تاوەکو پەنای بۆ ببرێت، ئەوەتا پەلەپەلکردن لە دەرکردنی بڕیارەکان و ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم زیانی گەورە بەر دارایی و ئابووریی عێراق کەوتووە و دواتر بەر هەرێمی کوردستانیش کەوتووە. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستیان بە وڵاتی تورکیا هەیە و لە بەرژەوەندیی هەموانە ئەو کێشە و گرفتانە تێپەڕێنرێت. بۆیە دووبارە دەڵێمەوە سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا چارەسەری هەموو ئەم کێشە و گرفتانە نزیك دەکاتەوە و لە ماوەیەکی زۆر کەم بەرهەمی ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی دەردەکەوێت.

**حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە غەدرێکی زۆر گەورەی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش کردووە**

# لە کاندیدکردن بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەزموونەکانی ڕابردوو دووبارە مەکەنەوە

زۆری نەماوە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە بچێت. دیارە ئەم پرۆسەیە بەرپرسیارێتییەکی گەورە و هەستیار دەخاتە سەرشانی هەموو ئەو حزب و لایەنانەی بەشداری تێدا دەکەن، ئەویش لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە نەکەن ئەزموونەکانی خولەکانی پێشتر دووبارە بکەنەوە، لە ڕووی ناونان و کاندیدکردنی ئەو کەسانەی دەتانەوێت بیاننێرنە پەرلەمانی کوردستان، ئاگاتان لێ بێت ئەوانە مەنێرنە پەرلەمان کە شارەزاییان نییە، یان ڕابردووی پاك و بێگەردی نیشتمانپەروەری و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان نییە، ئەوانە کاندید مەکەن بە پشتبەستن بە پەیوەندیی تایبەتی، یان حزبایەتیی تەسك، یان پەیوەندیی خێزانی و عەشایری، چونکە ئاگاتان لێ بێت، سەدان کادیری حزب هەن کە شیاو و بەهرەمەند و بەتوانان، کە بەردەوام لەبەر ئەو هۆکارانەی باسم کردن، دوور خراونەتەوە، ئەمە جگە لە کەسانی دڵسۆز و سەربەخۆ و بێلایەنی نیشتمانپەروەر کە پسپۆڕن لە زۆر بواری پێویستدا.

**ئەوانە مەنێرنە پەرلەمان کە شارەزاییان نییە، یان ڕابردووی پاك و بێگەردی نیشتمانپەروەری و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان نییە**

لە ڕاستیدا، ئەگەر ئەو حزبە کوردستانییانە هەمان ئەزموونەکانی پێشوو دووبارە بکەنەوە، ئەمە کاریگەری و دەرهاویشتەی زۆر نەرێنی دەبێت، بەتایبەتی پەرلەمان کە دامەزراوەیەکی یاسادانان و چاودێرییە، لەو حاڵەتەدا دەبێتە دامەزراوەیەکی پاشکۆی حزبەکان و ناتوانێت چاودێری و لێپرسینەوە لە حکومەت بکات، واتا ئەو پەرلەمانە هیچ ڕۆڵێکی لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی نابێت و، بە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی یاسادانان و چاودێریی هەژمار ناکرێت، بەڵکو دەبێتە دەزگایەك بۆ ئەرکی تایبەت و هەر پەرلەمانتارێکیش کار بۆ حزبەکەی خۆی دەکات و بە ڕێنمایی و داخوازیی حزبەکەی هەڵسوکەوت دەکات و، هیچ خزمەتێك بە خەڵك ناکات و بەرژەوەندیی گەل و وڵات پشتگوێ دەخات، ئەمەش بەو واتایەیە کە پەرلەمان گرنگی بە پێشخستنی کۆمەڵگە نادات لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستییەوە، بەڵکو ڕۆڵی ئەو پەرلەمانە تەنیا پشتیوانی و پاڵپشتیکردن دەبێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە لەو حاڵەتەدا پێی وایە کە بەو ئەرکە تەنیا حکومەت هەموو شتێکە و هەرچی فەرمووی، دەست بە سینگەوە دەگرێت.

**هەندێ حزب پێی وایە هەمیشە پشت بە توێژی گەنجان ببەسترێت، ڕاستە، ئەمە شتێکی ئەرێنییە، بەڵام سوودوەرگرتن لەو کەسانە تەنیا بڕوانامە و شایستە ئەکادیمییەکان نییە، بەڵکو پێویستە ئەو گەنجانە ڕابهێنرێن و خولی شیاندنیان بۆ بکرێتەوە**

بەم بۆنەیەوە لەلای خۆمەوە بە خۆنەویستییەوە پێشنیار دەکەم کە کاندیدی پەرلەمانی کوردستان ئەم بنەمایانەی تێدا بێت، تاکو لە کارەکەیدا سەربکەوێت:

١- دەستپاك بێت و پابەند بێت بە بەها کۆمەڵایەتی و پرەنسیپەکانی ڕەوشت و مۆراڵەوە، مێژوویەکی نیشتمانیی سەربەرزی هەبێت، ئامادە بێت بەرپرسیارێتی بە هەموو شەفافییەتێك و بێ پێچ و پەنا لەهەمبەر کۆمەڵگەکەی لەئەستۆ بگرێت.

٢- پێویستە شارەزا و پسپۆڕ بێت لە یەکێك لەم بوارانەدا، یاسا، کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، تەندروستی، پەروەردە، گەشتوگوزار، ژینگە و.. تاد.

٣- پێویستە ئاستێکی بەرزی پێگەیشتن و تێگەیشتن و هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی هەبێت، تاکو بتوانێت بە تێروتەسەلی لە هەموو پرس و کێشەکان بگات و، شیکردنەوەی تەواویان بۆ بکات، ئاگاداری پەرەسەندنەکانی ناوخۆ و دەوروبەر و جیهان بێت، شارەزای سیستەمی سیاسی و دەستووری بێت لە عێراق و کوردستان.

٤- توانای پیشەیی هەبێت کە بتوانێت لە کاتی ڕوودان و هاتنە پێشەوەی هەر پرس و کێشەیەك، بەشداری بکات لە خستنەڕووی پێشنیار و چارەسەری پراکتیکی بەپێی ئەو پسپۆڕییەی هەیەتی.

٥- بتوانێت لەنێو یەك تیمدا کاربکات بۆ وەدیهێنانی ئامانج و داخوازییەکان و جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێدان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی، بەبێلایەنی، واتا جیاوازی لەنێوان ناوچەیەك و ناوچەیەکی دیکەدا نەکات.

٦- توانای ئەوەی هەبێت دەستپێشخەری و پڕۆژە بخاتە ڕوو بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی بەو پێیەی کە نوێنەری خەڵکە، تاکو بێ جیاوازی داکۆکی



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بکات.

٧- سیما و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی تێدا بێت، تێکەڵی هاووڵاتیان بێت، مەینەتی و داواکاری و پێداویستییەکانیان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بخاتە ڕوو.

٨- شارەزا بێت لە کار و ڕێکار و ڕێوشوێنەکانی نێو پەرلەمان، هەروەها لە ڕووی قسەکردن و دانوستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوپیشەکانی بۆ خزمەتکردن و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە.

پشتبەستن بەو خاڵانەی خرانەڕوو، یارمەتیی حزبەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن دەدات، تاکو بزانن کێ کاندید دەکەن، ئەوانەی لێهاتوو و کارامە و شارەزا و پسپۆڕن لە بوارەکانی خۆیاندا، بۆ ئەوەی بە دڵسۆزی و دەستپاکی خزمەت بکەن.

هەندێ حزب پێی وایە هەمیشە پشت بە توێژی گەنجان ببەسترێت، ڕاستە، ئەمە شتێکی ئەرێنییە، بەڵام سوودوەرگرتن لەو کەسانە تەنیا بڕوانامە و شایستە ئەکادیمییەکان نییە، بەڵکو پێویستە ئەو گەنجانە ڕابهێنرێن و خولی شیاندنیان بۆ بکرێتەوە، بەپێی ئەو پسپۆڕییەی کە هەیانە، تاکو شارەزایی و ئەزموونی زیاتر بەدەست بهێنن، دواجار سوودیان لێ وەربگیرێت.

لێرەدا حەزدەکەم هەر بۆ بیرهێنانەوە، پەیامێك ئاراستەی کاندیدانی پەرلەمانی کوردستان بکەم، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە ئەندام پەرلەمان پابەند بێت بە کۆمەڵێك ئەرکی هەمەجۆر، لەوانە بەشداریکردنی کارا لە دەرکردنی یاسا و بڕیاری سیاسی، جگە لە چاودێری کردن و لێپرسینەوە لە حکومەت، بۆ ئەمەش ئەم خاڵانە پێویستن:

١- پێویستە ئەندام پەرلەمان دەستبەرداری وەلای حزبەکەی بێت، وەلای زۆری بۆ گەلەکەی بێت، نەچێتە ژێر باری فەرمان و داخوازییەکانی حزبەکەی، بەڵکو بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بخاتە لاوە و، هیچ ئاستەنگێك بۆ دەرکردنی هیچ یاسایەك دانەنێت بە بیانووی ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندیی حزبەکەی ناکات.

٢- پێویستە ئەندام پەرلەمان ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە چاودێریکردنی ئەدای دامەزراوەکانی حوکمڕانی بە هەموو جۆری شەفافییەت و دادپەروەری و یەکسانی، دوور بکەوێتەوە لە لێپرسینەوەی سیاسی کە بەدەر بێت لە پیشەگەری بە ئامانجی ناوزڕاندن.

٣- خستنەڕووی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان و پێشنیارکردنی ڕێگەچارەی گونجاو و پراکتیکی بۆ هەموو ئەو کێشانەی دەخرێنە ڕوو.

٤- بەشداریکردنی کارا لە پێشنیار، یان هەموارکردنەوە، یان دەرکردنی یاسا.

٥- بەشداریکردن بە دەستپاکی و شەفافییەت و بێلایەنی لە لێژنەکانی لێکۆڵینەوەی نێو پەرلەمان سەبارەت بە کێشەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی.

٦- بەشداریکردن لە لێژنەکانی پەرلەمان بەپێی پسپۆڕییەکەی خۆی، بە هەموو کارامەیی و بێلایەنی، پلانی ستراتیژی بۆ وەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بخاتە ڕوو.

**پێویستە ئەندام پەرلەمان ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە چاودێریکردنی ئەدای دامەزراوەکانی حوکمڕانی بە هەموو جۆری شەفافییەت و دادپەروەری و یەکسانی، دوور بکەوێتەوە لە لێپرسینەوەی سیاسی کە بەدەر بێت لە پیشەگەری بە ئامانجی ناوزڕاندن**

٧- پێویستە ئەندام پەرلەمان ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە گفتوگۆکانی نێو پەرلەمان، لەبارەی دەرکردنی بڕیار لە پرسە نیشتمانییەکان، هەروەها داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان.

٨- پێویستە ڕاوێژ بکات لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئابووریناسان و پسپۆڕانی دارایی و شارەزایانی دیکە لە خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمیی تایبەت بەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمان بەنیازە دەریان بکات.

٩- پێویستە ئەندام پەرلەمان بەشدار بێت لەو کۆنگرە و سیمینارانەی کە پەرلەمانە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان سازی دەکەن، بۆ بەتینکردنی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی شارەزایی لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کوردستانی.

**پێویستە ئەندام پەرلەمان بەشدار بێت لەو کۆنگرە و سیمینارانەی کە پەرلەمانە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان سازی دەکەن، بۆ بەتینکردنی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی شارەزایی لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کوردستانی**

١٠- پێویستە ئەندام پەرلەمان کاربکات بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەوانەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن و ڕووبەڕووی گەندەڵی دەبنەوە.

# دەوڵەتی تایفەگەری

**فرەیی ئایینی دیاردەیەکی سرووشتییە، بە مەرجێک هیچ تایفە، یان مەزهەب، یان قوتابخانە، یان گرووپێک نەبێت بە هێزێکی ستەمکار و بە لۆژیکی هێز و هێزی زۆرەملێ بۆچوونی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت**

لە هەموو ئایینێکدا تایفەگەلی جیاواز هەن، هەروەها مەزهەب و قوتابخانەش هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەموو ئایینێك دەقی هەیە و، ئەم دەقانەش پێویستیان بە لێکدانەوە و ئیجتیهاد هەیە. لە کاتی لێکدانەوە بۆ دەقەکان، تایفە و مەزهەب و قوتابخانەکان زۆر دەبن. بۆ نموونە لە ئیسلامدا قوتابخانە و مەزهەب و تایفە زۆرن، ئەم فرەییەش بە هۆی ئەو جیاوازییەیە کە لە لێکدانەوەی دەقەکانی ئایین لە قورئان و سوننەتەوە دروست بووە.

هەر بۆیە ئێمە دەبینین چەندین تەفسیری (کۆن و تازە) بۆ قورئانی پیرۆز هەیە، لە هەمان کاتدا زۆر ڕاڤەی (کۆن و نوێ) بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هەیە. لە مەزهەبی سوننەدا چەندین قوتابخانەی فیقهی هەیە (وەك حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی و ئەلزاهیری)، ئەوانە مەزهەبی تۆمارکراو و نووسراون، هەروەها قوتابخانەگەلی دیکەش هەن، کە لە گرنگیدا کەمتر نییە لەو مەزهەبانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، تەنانەت ڕەنگە هەندێکیان لەوانە باشتر بن کە باس کران.

هەندێك قوتابخانەی فیکر هەیە وەك (سۆفیزم، ماتریدیە، ئەشعەریە، موعتەزیلە، ئیبازیە، ئەحمەدیە، سەلەفی، قورئانخوازان، و ئیسلامیەتی مەعریفی)، لە مەزهەبی شیعەشدا چەند قوتابخانەی جیاواز هەیە (وەك دوانزەیی (جەعفەری) و زەیدیە و ئیسماعیلیە)، زۆرتریش هەن، کە لە کتێبەکانی مێژووی تیپ و مەزهەبەکاندا باسیان لێ کراوە.

فرەیی ئایینی دیاردەیەکی سرووشتییە، بە مەرجێك هیچ تایفە، یان مەزهەب، یان قوتابخانە، یان گرووپێك نەبێت بە هێزێکی ستەمکار و بە لۆژیکی هێز و هێزی زۆرەملێ بۆچوونی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت، جگە لەوەش ئەم فرەییەش دەبێت هەر لە جیهانی خۆیدا بمێنێتەوە، دوور لە سیاسەت و دەوڵەت، چونکە تەنیا دەستوەردانی هەر تایفەیەك، یان مەزهەبێك، یان قوتابخانەیەك، یان گرووپێك لە سیاسەت و دەوڵەتدا، دەوڵەت گەندەڵ دەکات و سیاسەت لە ناو دەبات. دەوڵەت بۆ هەموو کەسێکە بەناچاری، ئایینیش بۆ ئەوی بیەوێت ئارەزوومەندانەیە، بە دەربڕینێکی دیکە دەوڵەت پارێزەری هەموو هاووڵاتیانی خۆیەتی بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و بەختەوەری و سەقامگیری و ئاشتی و ئارامی و



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاسایش و ژیانی خۆشگوزەرانی بەبێ جیاوازی و دوورخستنەوە و پەراوێزخستن.

لێرەدا پێویستە پێناسەی ئایین بکەین، بۆ ئەوەی کەس وا تێنەگات کە ئێمە دژی ئایینین و لە ژیانماندا پێویستمان پێی نییە، بەڵکو ئایین ژیانی مرۆڤە، ڕەنگە شار و گوندی بێ نەخۆشخانە، یان قوتابخانەمان هەبێت، بەڵام مەحاڵە بەبێ پەرستگا هەبن. واتە ئایین پەیوەندییەکی شاراوەیە لە نێوان تۆ و خودادا، دواتر نابێت ئەم پەیوەندییە ڕۆحییەی تۆ بچێتە ناو جیهانی دەوڵەت کە جیهانی هەموو کەسێکە، هەر کەسێك بانگەشەی ئاییندار بکات، یان ئینتیما بۆ ئایینێك، یان مەزهەبێك، یان تایفەیەك بکات، دەبێت ئەوە بۆ خۆی بهێڵێتەوە، نەك ڕایبگەیەنێت، دەری بخات و هەوڵی سەپاندنی بدات بەسەر کەسانی دیکەدا، کە لە ئایین و باوەڕ و مەزهەب و فیکر لە خۆی جیاوازن، چونکە چی تۆ پێت وایە ڕاستە، ڕەنگە کەسێکی دیکە بە ناحەقی ببینێت. ئەوەی کەسێك بە ساغ دەیبینێت، ڕەنگە بەرانبەرەکەی بە نەساغ ببینێت. لێرەدا هەڵەی ئیسلامییەکان ڕوون دەبێتەوە، کاتێك دەیانەوێت هەموو شتێك بە ئیسلامی بکەن، یان هەموو شتێك بە تائیفی بکەن، یان هەموو شتێك بە ئایدیۆلۆژیا بکەن.

هیچ فیکرێکی مرۆیی، یان هەوڵێکی شەخسی ناتوانێت ببێتە ئایینێك بۆ هەمووان، ئەو دەوڵەتەی کە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئایین، یان تایفە، یان مەزهەب، یان ئایدیۆلۆژیای ئایینی دامەزرابێت، ژیانی هاووڵاتیانی خۆی کردووە بە دۆزەخێکی بەرگەنەگیراو، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە لە گەلانی جیاواز و چەندین تایفە و مەزهەبی جۆراوجۆر پێکهاتبێت، ڕەنگە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو کە یەك گەل و یەك ئایین و یەك مەزهەب تێیدا دەژین ڕاست بێت. بەڵام مەحاڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بگونجێت کە فرەچەشنی ئایینی و کەلتووری و نەتەوەییان تێدایە، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە لەسەر ئایدیۆلۆژیای ئایینی دامەزراون، دیموکراسی و ئازادی تێیاندا شکست دەهێنن، چەندین نموونەشمان بینی کە پێویست ناکات لەبەر درێژکردنەوە باسیان بکەین.

بۆ ئەوەی خوێنەر بە ڕوونی لە وتارەکەم تێبگات، وەك نموونەیەك باسی عێراق دەکەم کە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا (بەریتانیا و فەرەنسا) ئەم دەوڵەتەیان لە ساڵی ١٩٢١ دامەزراند،

**دەوڵەت پارێزەری هەموو هاووڵاتیانی خۆیەتی بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و بەختەوەری و سەقامگیری و ئاشتی و ئارامی و ئاسایش و ژیانی خۆشگوزەرانی بەبێ جیاوازی و دوورخستنەوە و پەراوێزخستن**

**ڕەنگە شار و گوندی بێ نەخۆشخانە، یان قوتابخانەمان هەبێت، بەڵام مەحاڵە بەبێ پەرستگا هەبن**

**ئەو دەوڵەتەی کە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئایین، یان تایفە، یان مەزهەب، یان ئایدیۆلۆژیای ئایینی دامەزرابێت، ژیانی هاووڵاتیانی خۆی کردووە بە دۆزەخێکی بەرگەنەگیراو**

**ئەگەر چارەی خۆنووسین خەونی هەموو گەلانی ڕەسەن بێت، گەلی کوردستانیش لە گەلانی لەپێشتری ناوچەکەیە، چونکە خاوەنی بنەماکانی دەوڵەتن**

**گەلی کوردستان دوژمنایەتیی زۆری کراوە و ئازار دراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ڕای خۆی لە ڕیفراندۆمێکی جەماوەریی ئاشتییانەدا لە ساڵی ٢٠١٧دا دەربڕیوە**

پاشان لە ساڵی ١٩٢٤ ڕیفراندۆمیان بۆ خەڵکی کوردستان ئەنجام دا، کە ڕیفراندۆمێکی ستەمکارانە بوو، بە شێوەیەك پرسیاریان لە خەڵکی کوردستان نەکرد، کە چیتان دەوێت بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆتان؟ بەڵکو بەسەریاندا سەپێندرا، کە دەبێت لە نێوان چوونە ناو دەوڵەتی نوێ (عێراقی پاشایەتی) یان چوونە ناو تورکیا (ئەتاتورك) یەکێك هەڵبژێرن. خەڵکی کوردستان چوونە پاڵ عێراقی هەڵبژارد، پێیان وابوو کە ڕەهەندی ئایینی هانیدان بچنە پاڵ ئەم دەوڵەتە لاوەوە، پێیان وابوو کە عەرەب و ئیسلام یەك شتن، سەرەڕای هەڵەی ئەم عەقیدەیە، ئەگەر قایل بووبانایە بەوەی فەرمانی پێدایەن، دوانەدەکوتین. ڕەنگە چوونە پاڵ تورکیا بۆ ئێمە باشتر بووبێت، ئەگەر ئێمە ئەوەمان بکردایە، ڕەنگە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و ڕاگواستن و ئاوارەبوون و کیمیاباران و گۆڕی بەکۆمەڵ و وێرانکردنی گوندەکان و جینۆساید و بڕینی بودجە و مووچەمان نەبینیبایە. تەنانەت ئەگەر چارەی خۆنووسین خەونی هەموو گەلانی ڕەسەن بێت، گەلی کوردستانیش لە گەلانی لەپێشتری ناوچەکەیە، چونکە خاوەنی بنەماکانی دەوڵەتن، خاوەنی ئیرادە و مێژوو و شارستانیەت و کەلتوور و زمان و خاك و هونەر و سەرکردایەتی و خەبات و داب و نەریتی خۆیانن. زۆربەی وڵاتانی جیهان سەربەخۆ نەبوون، مەگەر لە ڕێگەی چارەی خۆنووسین لەلایەن گەلەکەیانەوە نەبێت، هەروەها بە خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی خۆیان، بۆچی هەندێك گەل مافی چارەی خۆنووسینیان هەبێت و ئێمە مافمان نەبێت؟ بەتایبەتی کە گەلی کوردستان دوژمنایەتیی زۆری کراوە و ئازار دراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ڕای خۆی لە ڕیفراندۆمێکی جەماوەریی ئاشتییانەدا لە ساڵی ٢٠١٧دا دەربڕیوە، با لە بابەتەکەمان لانەدەین، دەوڵەتی عێراق کۆلۆنیالیزم دایمەزراند بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی، نەك لەبەر بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، گەلی کوردستان ژیانێکی سەقامگیر و دڵنیایی بەدەست نەهێنا. ڕەنگە تا ماوەیەك سەقامگیری و ئارامییان بینیبێت، بەڵام هەر زوو حوکمڕانانی بەغدا پەیمان و بەڵێنەکانیان دەشکێنن. هەمووان ڕێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئازاری ١٩٧٠یان لەبیرە، کە چۆن بە بادا چوو. ئەگەر جێبەجێ بکرایە، نەدەگەیشتینە ئەوەی کە پێی گەیشتووین، عێراقیش دەبووە وڵاتێکی سەقامگیر و پێشکەوتوو لە ڕیزی دەوڵەتانی کەنداودا، ئەگەر نەڵێین ڕیزی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە، بە هەموو قەناعەتێکەوە گەڕاینەوە بۆ بەغدا کە لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە خەبات و مێژوو و مەینەتی و ئاوارەیی، بەتایبەت شیعەکان، کاربکەین بۆ بنیادنانی عێراقێکی مەدەنی و دیموکراسی و ئازاد، پێکەوە کاربکەین بۆ گەشەپێدانی وڵات و خزمەتکردنی ئەو گەلەی کە بە درێژایی مێژوو مەینەتییەکی زۆریان چەشتووە، بەتایبەتی لە ماوەی شەڕەکاندا. ئەگەر ڕۆژگار بمانگەڕێنێتەوە دواوە، پێمان نەدەچووە بەغدا، جارێکی دیکە مەینەتیی گەلی کوردستان گەڕایەوە، کاتێك بودجە و مووچە بڕدرا و، لەلایەن میلیشیا لەیاسادەرچووەکان بۆردومان کراین، کولتوورێکی شێواویش دامەزرا لە عەقڵی بەکۆمەڵی شیعەدا، کە گوایە کوردستان هۆکاری دواکەوتوویی عێراقە، هەر بۆیەش دروشمی ئەوان لە هەڵبژاردنەکاندا هێرشی بەردەوام بووە بۆسەر گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی کورد، ئەگەرچی پێش ڕووخانی ڕژێم شەرعییەتی (پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکان)مان هەبوو، بەڵام لە پلەی یەکەمدا شەرعییەتمان بەو کەسانە بەخشی کە لە بنەڕەتەوە نەیانبوو. ئەگەر کورد نەبوایە شیعەکان نەیاندەتوانی شەرعییەت لە حوکمڕانیی عێراقدا بەدەست بهێنن، سوننەکان بایکۆتیان کردبوو، بەشێکیشیان لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان بوون دژی سیستەمی نوێی سیاسی.

بە تێپەڕبوونی کات بۆ ئێمە ڕوون بووەتەوە، بەتایبەتی دوای ویلایەتی دووەمی بەڕێز نوری مالیکی، کە زۆربەی سیاسەتمەدارانی شیعە عێراقێکی ئازاد و دیموکراسی و مەدەنییان

ناوێت، بەڵكو بەئایدۆلۆژیاكردنی دەوڵەتیان دەوێت، یان وردتر بەتائیفیكردنی دەوڵەت، ئەمە نامۆ نییە. حزبی دەعوەی شیعە، كە لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزرا، نوێنەرایەتیی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراقدا دەكات، بێ گومانیش لە ژێر كاریگەریی ئیسلامی سیاسیی میسردا بوو. مەبەستم گرووپی ئیخوان موسلیمینە، كە لە ساڵی ١٩٢٨ لە میسر لە لایەن (حەسەن ئەلبەننا)وە دامەزرا. من باش تێگەیشتم كە عێراق بەرەو دەوڵەتێكی تائیفی دەڕوات، بەتایبەتی كە یاسای حەشدی شەعبییان هێنایە پەرلەمان و لە ساڵی ٢٠١٦دا لە پەرلەمانی فیدراڵیدا دەنگیان لەسەر دا، لەو كاتەدا لێدوانم دا و گوتم: دەوڵەتی مەدەنی بە دەنگدان لەسەر ئەم یاسایە كۆتایی هات. من ئەوەم نەگوت چونكە من دژی هێزەكانی حەشدی شەعبیم، ئەوان لە شەڕی دژی داعش خوێنیان ڕژا، بەڵام ئەوەم گوت، چونكە دەركردنی یاسایەكی لەم شێوەیە ناكۆكە لەگەڵ فەلسەفەی دەوڵەتی مەدەنی و دیموكراسیدا، ناتوانرێت سوپایەك لەسەر بنەمای ڕەهەندی ئایینی تائیفی دابمەزرێندرێت، ئەوەش سەرپێچیی ماددەی ٩ی دەستووری عێراقە، ئەم دامەزراوەیە بۆ تایفەیەكی دیاریكراوە، بوونی هەندێ دەم و چاوی جیاواز ڕەهەندی تائیفی لێ دوور ناخاتەوە، ئەم ئەزموونەش تەنیا لە دەوڵەتانی ئایینیدا هەیە. عەلی خاتەمی نوێنەری ڕابەری ئێران عەلی خامنەیی لە پارێزگای زەنجان گوتی: «هێزەكانی حەشدی شەعبی و حزبوڵڵای لوبنانی و كوتلە خۆڕاگرییەكانی دیكە لە ناوچەكەدا بەرهەمی بیری شۆڕشی ئێرانن»، با ئەمەش وا بێت، بەڵام لە وڵاتێكی وەك عێراقدا ئەوە بە هیچ شێوەیەك گونجاو نییە، چونكە ئەم وڵاتە گەلان و ئایینە جۆراوجۆرەكان و مەزهەبە جیاوازەكان كۆیان دەكاتەوە. چۆن ئەزموونێكی ئایدیۆلۆژی بەسەر ئەوانی دیكەدا بسەپێندرێت؟ ئەمە ستەمە و نارەوایە و دەوڵەت بەرەو هەڵدێر دەبات، چونكە گەلان و ئایین و تایفەكانی دیكە ناتوانن ملكەچی سیاسەتێكی لەو شێوەیە بن. بەئایدیۆلۆژیكردن و بەتائیفیكردنی دەوڵەت كارەساتە دەرحەق مێژووی شارستانیی دێرینی عێراق و گەلە ڕەسەنەكانی و ئایینە كۆنەكانی و مەزهەب و تایفە ناسراوەكانی. درێژەدان بەم پڕۆژە ئایدیۆلۆژییە دەبێتە هۆی پارچەپارچەكردنی وڵات و تێكدانی پێكەوەژیانی ئاشتییانە و خنكاندنی ئازادی و مافەكان، لەوەش خراپتر، هەڵگیرساندنی ئاگری دووبەرەكیی تائیفییە. بەعس بۆ دەیان ساڵ هەوڵی دا عێراق بە بەعسی بكات، سەرەڕای دەسەڵات وهێز و ستەمكارییان، بەڵام شكستی هێنا.

كێشەكە لەوەدایە كە بەشێك لە سیاسەتمەدارانی شیعە پێیان وایە كە عێراق بەتەنیا هی خۆیانە و هیچ هاوبەشێكیان نییە و ئەوانن كە دامەزراندوویانە و بنیادیان ناوە، هەر بۆیەش لە یاسادانان و دەركردنی بڕیاردا تاكڕەون، بێ ئەوەی ڕەچاوی هاوبەشەكانیان بكەن، لێدوان دەدەن، وەك ئەوەیە ئەوانی دیكە میوانی ڕۆیشتوو و غەریبی كۆچكردوو بن، لە مامەڵەكردنیشیان لەگەڵ كوردستاندا وەك بڵێیت خێرمان پێ دەكەن، كاتێك ئێمە داوای مافی گەلی كوردستان دەكەین لە بودجە و دەرمان و چەك و مووچە و پۆست و ...تاد.

بە داخێكی زۆرەوە ئەمڕۆ مێژوومان و خەباتمان و دۆزمان و خەممان و داهاتوومان و خوێنمان بوونەتە بەرانبەر ئەو مووچەیەی كە بەغدا بە شێوەیەكی زۆر شەرمەزارییانە دەیدات، هەرچەندە ئەمە لە سەرەتاییترین مافەكانی گەلی كوردستانە. بۆ زانین بەغدا یەك ڕۆژ لە پێدانی مووچەی هاووڵاتیانی كەمتەرخەمی نەدەكرد، كاتێك لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون لە مووسڵ. سەبارەت بە پۆستەكان ئەگەر لێكۆڵینەوەیەكی ورد بكەین، بۆمان دەردەكەوێت كە زۆربەیان لە دەستی ئەواندایە، تەنانەت سوننەش بە دەست پەراوێزخستنەوە دەناڵێنن. ڕەنگە وەزارەتێكی تەواو بدۆزییەوە كە نە كوردی تێدایە و نە سوننە، ئێستا سێگۆشەی سیاسی (سازان، هاوسەنگی، شەراكەت) نییە، كە زۆرجار سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر دەكاتەوە.

باسی بابەتگەلێكی دیكە ناكەم كە ئاماژەیەكی ڕوونیان هەیە، بەوەی كە عێراق بەرەو دەوڵەتی تائیفی دەڕوات، بەڵام گرفت

**ئەگەر كورد نەبوایە شیعەكان نەیاندەتوانی شەرعییەت لە حوكمڕانیی عێراقدا بەدەست بهێنن، سوننەكان بایكۆتیان كردبوو، بەشێكیشیان لەگەڵ گرووپە چەكدارەكان بوون دژی سیستەمی نوێی سیاسی**

**ناتوانرێت سوپایەك لەسەر بنەمای ڕەهەندی ئایینی تائیفی دابمەزرێندرێت، ئەوەش سەرپێچیی ماددەی ٩ی دەستووری عێراقە**

**بەئایدیۆلۆژیكردن و بەتائیفیكردنی دەوڵەت كارەساتە دەرحەق مێژووی شارستانیی دێرینی عێراق و گەلە ڕەسەنەكانی و ئایینە كۆنەكانی و مەزهەب و تایفە ناسراوەكانی**

**بەعس بۆ دەیان ساڵ هەوڵی دا عێراق بە بەعسی بكات، سەرەڕای دەسەڵات وهێز و ستەمكارییان، بەڵام شكستی هێنا**

**پشووی ئایینی و تائیفی نابنە جەژنی نیشتمانی، ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتی مەدەنی و نیشتمانی بنیاد بنێین، دەبێت لەم بابەتانە دوور بکەوینەوە و لە دنیای خۆیاندا قەتیس بکرێن**

**ئەمڕۆ مێژوومان و خەباتمان و دۆزمان و خەممان و داهاتوومان و خوێنمان بوونەتە بەرانبەر ئەو مووچەیەی کە بەغدا بە شێوەیەکی زۆر شەرمەزارییانە دەیدات**

نییە کە وەك نموونە باسی دوو بابەت بکەم. یەکەمیان دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق، ئەم بڕیارە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە پەرلەمان دەرچووە، بڕیاری پێکهاتەیەکی دیاریکراو بوو، ئەویش شیعەیە، نە کورد و نە سوننە ئەمەیان نەدەویست. تەنانەت پێکهاتەکانی دیکەیش بەم شتە ڕازی نین، ئەمە دواجار بڕیارێکی نیشتمانی نییە، بۆ پرسە ستراتیژی و چارەنووسسازەکان دەبێت کۆدەنگیی نیشتمانی هەبێت، پرسی دووەمیش جەژنی غەدیرە، کە نوێنەرانی شیعە ڕۆژی غەدیریان ڕاگەیاند، وەك پشوویەکی فەرمیی نیشتمانی، بە گوشارێکی بەهێزی سەدرییەکان. لە گەڵ ڕێزمان بۆ تایفەی شیعە و، ئەوەی باوەڕیان بە مافی ئیمام عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب هەیە بۆ جێگرتنەوەی پێغەمبەری خودا (د.خ)، بەڵام ئەمەش تائیفەگەری چەسپاندووە و دەبێتە هەڕەشە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە، چونکە سوننە ددان بەمەدا نانێن، ئەوان پێیان وایە کە ئەبوبەکری سدیق خەلیفەی پێغەمبەری خودایە، پاش ئەو عومەر کوڕی خەتاب دێت، دادنان بە ڕۆژی غەدیر واتا خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) ناحەق بێت، منیش حەزناکەم باسی ئەم ناکۆکییە مێژووییە قووڵ و نەزۆکانە بکەم، چونکە ئێمە ناتوانین چارەسەریان بکەین. ئەوانەی لە ئێمە زاناترن نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن. دواتر ناتوانرێت دەوڵەت لەسەر ئەم ناکۆکییانە بنیاد بنرێت، کە هەندێك کەس ناویەتەوە و ئێمە بە هیچ شێوەیەك پێویستمان پێی نییە. باش لەبیرمە کاتێك لە خولی سێیەم (٢٠١٤-٢٠١٨) سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانتارێکی شیعە بە کاغەزێکەوە هاتە لام و واژۆی پەرلەمانتارانی کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی ڕۆژی غەدیر بکات بە پشوو. من ڕەتم کردەوە واژۆ بکەم، پاشان لە ڕۆژی دووەمدا پەرلەمانتارێکی سوننە بە کاغەزێکەوە هاتە لام و واژۆی دەکۆکردەوە بۆ ئەوەی ڕۆژی سەقیفە بکاتە پشووی فەرمی، ئەوەشم ڕەت کردەوە.



گوتم: پشووی ئایینی و تائیفی نابنە جەژنی نیشتمانی، ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتی مەدەنی و نیشتمانی بنیاد بنێین، دەبێت لەم بابەتانە دوور بکەوینەوە و لە دنیای خۆیاندا قەتیس بکرێن. بۆ نموونە دەبوو ڕۆژی غەدیر بکرایە جەژنێکی تایبەت بە تایفەی شیعە و، ڕۆژی سەقیفە - ئەگەر بڕیاریان دابێت بیکەنە پشووی فەرمی - دەبوو تایبەت بکرایە بە تایفەی سوننە، من پێموایە ئەم بڕیار و هەڵوێستانە دەبنە هۆی پەرتەوازەبوونی قەوارەی نیشتمانی و چەسپاندن و سەرهەڵدانی کەلتووری ڕق و کینەی مێژوویی، کە گەلانی عێراق پێویستییان بە پشووی ئایینی نییە، بەڵکو پێویستییان بە خزمەتگوزاری و ئاو و کارەبا و شەقام و پارك و یاریگە و خانووبەرە و هەلی کار و پاککردنەوەی شەقامەکانە، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران و بێکاریی کوشندە و نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەتە، ئەوەی مایەی ئازارە ئەوەیە کە زۆربەی سیاسەتمەدارانی عێراقی نوێ سەرکەوتوو نەبوون لە گەشەپێدانی وڵات، یان باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان، بەڵکو ئەوان تەنیا لە باشترکردنی ژیانی خۆیان و خزم و کەسوکاریان سەرکەوتوو بوون.

**ئەوەی مایەی ئازارە ئەوەیە کە زۆربەی سیاسەتمەدارانی عێراقی نوێ سەرکەوتوو نەبوون لە گەشەپێدانی وڵات، یان باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان، بەڵکو ئەوان تەنیا لە باشترکردنی ژیانی خۆیان و خزم و کەسوکاریان سەرکەوتوو بوون**



دیمانەی تایبەت



دان وێناوی فای دەیڤید، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نەیجەر دەلتا لە وڵاتی نەیجیریا، توێژەر و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئابووری سیاسیی نێودەوڵەتی، حوکمڕانی، ئاشتی و ناکۆکی، دیراساتی ستراتیژی و یاسای نێودەوڵەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی چەند پرسێکی تایبەت بە پرسی حوکمڕانی، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەگوترێت حوکمڕانیی خراپ، کە بۆچی زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا بەدەست ئەم جۆرە حوکمڕانییەوە دەناڵێنن و چۆن دەکرێت کار بۆ تێپەڕاندن و چارەسەرکردنی بکرێت و، ئایا لەم ڕووەوە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئەم کێشوەرە دەکات؟

### پرۆفیسۆر دان وێناوی فای دەیڤید بۆ گوڵان:

# زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا بەدەست حوکمڕانیی خراپەوە دەناڵێنن

* وەک ئاشکرایە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا گرفتارن بەدەست چەندین کێشە و قەیرانەوە، کە زۆربەی ئەم کێشانەش لە نەبوونی حوکمڕانییەکی باشەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئێوەش لەم ڕووەوە توێژینەوەیەکتان ئەنجام داوە، کە باس لە بوونی حوکمڕانیی بەد، یان خراپ دەکەن، سەرەتا دەمانەوێت بزانین ئێوە چۆن پێناسەی ئەم جۆرە حوکمڕانییە دەکەن و ئایا خەسڵەتەکانی چین؟

- بە تێڕوانینی من، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە پرس و بابەتی حوکمڕانی بڕوانین لە کیشوەری ئەفریقادا، ئەوا دەکرێت بە حوکمڕانییەکی بەد، یان خراپ یانیش باش وەسف بکرێت، کە ئەمەش بەندە بەوەی ئێمە لە چ گۆشەنیگایەکەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانین. بۆ نموونە، من لە یەکێک لە توێژینەوەکانمدا ئاماژەم بەوە کردووە، یان بەو شێوەیە پێناسەی حوکمڕانیی بەد، یان خراپم کردووە کە هۆکاری سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی چەندین ئاریشە و ئاڵنگاری، وەک ناکۆکیی نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکان و هاتنەئارای نائارامی و ناسەقامگیریی وەک تیرۆریزمی ناوخۆیی، چەتەگەری، ڕفاندن، بێکاری، نەبوونی ئاسایشی خۆراک، دروستبوونی حوکمڕانی سەربازی و چەندین کێشە و تەنگژەی دیکە کە کیشوەری ئەفریقا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و گرفتارە.

* ئەگەر پرسی حوکمڕانیی خراپ گرێ بدەینەوە بە بابەتی یان مەسەلەی شکستی دەوڵەتەوە، ئەوا دەبینین کە دەوڵەتانی ئەفریقا لە ڕووی دانپێدانانی نێودەوڵەتییەوە کێشەیان نییە و وەک دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری ناسراون، بەڵام ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانیوە لەسەر ئاستی ناوخۆ لە ئاست ئەرکەکانیاندا بن و شکستیان هێناوە لەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتییەکانیان دابین بکەن، ئێوە چۆن لە پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیی خراپ و دەوڵەت دەڕوانن؟

- لە ڕاستیدا حوکمڕانیی بەد، یان خراپ لە زۆربەی وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا هەلومەرجێکی نالەبار و نەخوازراو دەخوڵقێنێت بۆ پەیوەندیی نێوان هەڵسووڕێنەری دەوڵەت (کە مەبەستم حکومەتە) و چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە، ئەویش لە پەیوەندی بە دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانەوە، واتە بوونی ئەم چەشنە حوکمڕانییە خراپە هەلومەرجێکی هێناوەتەوە ئاراوە کە بووەتە هۆکار و سەرچاوەی شکستهێنان، یان داڕووخانی دەسەڵاتی دەوڵەت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە بونیاد و دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە.

* کەواتە ئەگەر بوونی حوکمڕانیی خراپ ببێتە هۆی شکستپێهێنان و داڕووخاندنی دەسەڵات و دامەزراوە دیموکراتییەکان، دەکرێت بڵێین ئەمە دۆخێک دەخوڵقێنێت، یان دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی لێ دەکەوێتەوە کە لە کۆتاییدا هاووڵاتییان باجەکەی دەدەن و ئەوان ڕووبەڕووی قورسایی نەبوونی ئارامی و سەقامگیری و بێکاری دەبنەوە، دید و بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟

- من پێشتریش ئاماژەم بەوە کرد کە حوکمڕانیی خراپ ناسەقامگیری بۆ ڕژێمە سیاسییەکە دروست دەکات و ئەم ناسەقامگیرییەش بە چەندین شێوە بەرجەستە دەبێت و دێتە ئاراوە. دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە نموونەیەک بکەین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی وەڵامەکە، ئەویش ئەوەیە کاتێک هەڵسووڕێنەری دەوڵەت (واتە حکومەت) ڕەتی دەکاتەوە پابەند بێت بە جێبەجێکردنی و بەدیهێنانی سەروەریی یاساوە لە بواری حوکمڕانیکردندا، یان بەرپرسیارێتی کار و کردەوە و بڕیارەکانی لە ئاست هاووڵاتییەکانیدا لە ئەستۆ ناگرێت، یان ئامادە نییە لە ئەستۆی بگرێت، ئەوا ئەو دەرئەنجامەی دێتە ئاراوە بریتی دەبێت لە دروستبوونی تەنگژەی نێوان کۆمەڵگە و ڕژێمە دەسەڵاتدارەکە، واتە بێ متمانەیی و بەدگومانی لە نێوانیاندا دروست دەبێت و دێتە ئاراوە.

* کەواتە ئێوە چۆن وەسفی دەوڵەتەکە دەکەن کاتێک حوکمڕانییەکی خراپ لە ئارادا دەبێت، ئایا دەکرێت ئەمە بە دەوڵەتێکی ناکارا، یان شکستخواردوو لە قەڵەم بدەین، بەتایبەتی ئەوەی کە لە وڵاتانی ئەفریقادا بەدی دەکەین؟

- حوکمڕانیی بەد، یان خراپ دەبێتە هۆی بنکۆڵکردن و تێکشکاندنی توانای دەوڵەت، بە شێوەیەک کە دەوڵەتەکە لە بارێکدا دەبێت کە

**حوکمڕانیی خراپ ناسەقامگیری بۆ ڕژێمە سیاسییەکە دروست دەکات و ئەم ناسەقامگیرییەش بە چەندین شێوە بەرجەستە دەبێت و دێتە ئاراوە**

**حوکمڕانیی خراپ پەردە لەسەر وێنە ڕاستەقینەکە لا دەدات، هەم لە پەیوەندی بە دامەزراوەکانەوە و هەمیش لە پەیوەندی بە دید و بیرکردنەوەی خەڵکەکەشەوە**

نەتوانێت بە چەشنێکی کارا دەستتێوەردان لە دۆخەکە بکات و بارە نالەبار و ناهەموارەکە ڕاست بکاتەوە، واتە توانای ڕاستکردنەوەی دۆخەکە لەدەست دەدات، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە پەیوەستن بە پاراستنی ئاشتی و بەدیهێنانی ئاسایش و برەودان بە گەشە و بەرەوپێشچوونی ئابووری و هێنانەئارای پەرەسەندنێك، کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژەکانی وەك هەژاری، بێکاری، نەبوونی ئاسایشی خۆراك و چەندین کێشەی دیکە، کە ئەم وڵاتانە بە دەستیانەوە دەناڵێنن.

*** زۆر باشە، تا ئێستا باسی دەرئەنجامی حوکمڕانیی خراپمان کردووە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر باسی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم حوکمڕانییە، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی حوکمڕانیی خراپ چین؟ ئایا دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ شکستهێنان لە بونیادنانی دامەزراوەی بەهێز و پتەودا، یان دەکرێت بڵێین حوکمڕانیی خراپ ڕیشەیەکی کەلتووریی هەیە و چارەسەرکردنیشی پێویستی بە هاتنەئارای ئاڵوگۆڕێکی قووڵە لە تێڕوانینی و بیرکردنەوەی خەڵکدا؟**

- من پێم وایە دروستبوون و بەردەوامبوونی حوکمڕانیی خراپ لە ئەفریقا دوای ئەو قۆناغە هات کە سەرکردەی ئەم وڵاتانە سەربەخۆیی و ڕزگاربوونیان بەدەست هێنا، لە ڕاستیدا چەندین لێکدانەوە و ڕاڤەکاری هەن بۆ سەرهەڵدانی حوکمڕانیی خراپ، وەك نەبوونی دامەزراوەی بەهێز و پتەو، هەروەها هۆکارێکی کەلتووریش هەیە کە پەیوەستە بە بیرکردنەوە و تێڕوانینی خەڵکەوە، کە هەروەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە. هەرچۆنێك بێت، من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ڕەنگە هەڵە تێگەیشتنێکیش لە نێو ئەفریقادا هەبێت کاتێك باسی دامەزراوەی بەهێز و پتەو دەکرێت، کە بۆی هەیە ئەمە وەك بوونی دیکتاتۆرییەت لێك بدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بڵێین کە چەندین یاسا و ستاندارد و بەها هەن کە دەبێت هەر کۆمەڵگەیەك پێیانەوە پابەند بن و پارێزگاری لێ بکەن. بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا بە تێڕوانینی من حوکمڕانیی خراپ پەردە لەسەر وێنە ڕاستەقینەکە لا دەدات، هەم لە پەیوەندی بە دامەزراوەکانەوە و هەمیش لە پەیوەندی بە دید و بیرکردنەوەی خەڵکەکەشەوە.

*** ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەوەیە کە گەندەڵی و حوکمڕانی دووانەیەکی لێك دانەبڕاون، واتە هەر کاتێك حوکمڕانیی خراپ لە ئارادا بوو، ئەوا گەندەڵییش تەشەنە دەکات و بەربڵاو دەبێت، کە ئەمە بە چەشنێکی زەق لە وڵاتانی ئەفریقادا بەدی دەکرێت و دەبینرێت، تێڕوانینی ئێوە چییە لەبارەی پەتای گەندەڵی لە سایەی حوکمڕانیی خراپدا لە ڕووی هۆکار و دەرئەنجامەکانییەوە؟**

- لە ڕاستیدا یەکێك لە ئاماژە و دەرهاویشتە دیار و گەورەکانی حوکمڕانیی خراپ تەشەنەکردنی گەندەڵی و بەربڵاوبوونیەتی لە تێکڕای ناوەند و جومگەکانی دەوڵەتەکەدا، واتە دەکرێت بڵێین لە سایەی حوکمڕانیی خراپدا گەندەڵی لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرێت، واتە هەم لەسەر ئاستی دەوڵەت (ئاستە سیاسییەکە) و هەم لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و بیرۆکراتییش. هەروەها گەندەڵی سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی چەندین کێشە، وەك هەژاری و بێکاری و نەبوونی گەشەکردن، کە هەموو ئەمانە دەبنەهۆی لە ناوبردن و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی نیشتمانی، یان ئەوەتا تەنیا کەسە گەندەڵکارەکان سوود لەم سەروەت و سامانە وەردەگرن، کە ئەمە لە وڵاتانی ئەفریقادا بەدی دەکرێت، کە تەنیا کەسانی نێو حکومەت یان ئەوانەی پەیوەندییەکی بەتینیان هەیە لەگەڵ کەسانی نێو حکومەتدا بەهرەمەندن لەم سامانە و لێی سوودمەند دەبن.

*** باشە بۆچی سەرەڕای چەندین هەوڵ و دەستپێشخەری، کەچی هێشتا وڵاتانی ئەفریقا نەیانتوانیوە خۆیان لە دەستی کێشەکانی پەیوەست بە هەژاری و نایەکسانی و حوکمڕانیی ناکارا ڕزگار بکەن؟ ئایا دەکرێت بڵێین هۆکارەکە ناوخۆییە، یان ئەوەتا کاریگەری و دەستتێوەردانی دەرەکی ڕێگە نادەن کاروبارەکانی ڕێڕەوی دروستی خۆیان بگرنەبەر؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت بیڵێین، وەڵامە ڕاستەخۆ و دەستبەجێیەکە ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە بەدەست حوکمڕانیی بەد، یان خراپەوە دەناڵێنن.

**یەکێک لە ئاماژە و دەرهاویشتە دیار و گەورەکانی حوکمڕانیی خراپ تەشەنەکردنی گەندەڵی و بەربڵاوبوونیەتی لە تێکڕای ناوەند و جومگەکانی دەوڵەتەکەدا**

**لە وڵاتانی ئەفریقا تەنیا کەسانی گەندەڵکاری نێو حکومەت یان ئەوانەی پەیوەندییەکی بەتینیان هەیە لەگەڵ کەسانی نێو حکومەتدا بەهرەمەندن لەو سامانە و لێی سوودمەند دەبن**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس بۆ گوڵان:

# ئەوەی جۆ بایدن بەرانبەر ئێران پیادەی دەکات سیاسەتی ڕازیکردن نییە

ستیڤن زونێس، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك (پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی)، دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکاری لە بارەی دۆخی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن، و ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە و ناکۆکیی نێوان ئێران و ئیسرائیل و چەند پرس و بابەتێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

* سەرەتا با لە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەست پێ بکەین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی غەززەوە، کە ئێمە دەزانین ئەم شەڕە تەنیا لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسدا قەتیس نەبووە، بەڵکو چەندین لایەنی دیکەش بەشدارن لەم شەڕەدا، ئەوەتا حزبوڵڵا و ئیسرائیل یەکتر بۆردومان دەکەن و چەندین لایەنی چەکداری دیکە دژی ئیسرائیل کار دەکەن و، لەم ڕووەوە ناکرێت باسی ئێرانیش نەکەین کە پشتگیریی زۆرێك لەو گرووپانە دەکات کە دژ بە ئیسرائیلین، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن؟

- ئەوە ڕوونە کە ئێران و ئیسرائیل بۆ چەندین ساڵە لە نێو شەڕی بەوەکالەتدان لە دژی یەکتری، واتە گرووپە هاوپەیمانەکانی ئێران بە بەردەوامی هێرشیان کردووەتە سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە، و لە بەرانبەریشدا ئیسرائیل پەنای بردووەتە بەر کوشتنی چەندین بەرپرسی ئێران و زانای ئەتۆمی ئەو وڵاتە، هەروەها هێرشی ئەلیکترۆنیی کردووەتە سەر تۆڕی کۆمپیوتەرەکانی ئێران. بەڵام ئێمە بەم دواییە بینیمان کە بۆ یەکەم جار ئێران و ئیسرائیل هێرشی ڕاستەوخۆ بکەنەسەر خاکی یەکتری، کە ئەمەش پێشێنەیەکی مەترسیدار بوو، کە بۆی هەبوو بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت، بەڵام خۆشبەختانە تا ئێستا ئەم هەڵکشانە ڕووی نەداوە.

* وەك ڕوونە نەك هەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکشاوەتەوە، یان دوور نەکەوتووەتەوە، بەڵکو بەم دواییە و بەتایبەتی لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی غەززە، ڕۆڵی گەورەتر و بەرچاوتری هەبووە لەم ناوچەیەدا، ئێوە چۆن لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەمریکا لەم ناوچەیە دەڕوانن؟

- لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم جارە (دوایین چەندین ساڵ) کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست بکات بە دەستەبەرکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ ئیسرائیل و بەشدار بێت لە بەرگریکردن و پارێزگاریکردن لەو وڵاتە، وەك بەکارهێنانی سیستمی دژە مووشەکی بۆ بەرژەوەندیی ئیسرائیل، و بە هەمان شێوە زیادکردنی هاوکارییە سەربازییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە بۆردومانکردنی کەرتی غەززە، ئەمە سەرەڕای بەرهەڵستییەکی بەربڵاو لە نێو ڕای گشتیی ئەمریکا لە بەرانبەر ئەم کارەدا. هەروەها بەکارهێنانی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە دەرکردنی بڕیارەکان، و بۆردومانکردنی پێگەی حوسییەکان لە یەمەن بەهۆی ئەو هێرشانەی دەیکەنە سەر کەشتییە بارهەڵگر و بازرگانییەکان لە دەریای سووردا. کەواتە سەرباری ئەوەی چەندین جار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە دەیەوێت خۆی بە دوور بگرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵ و کۆششەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا چڕ بکاتەوە (کە ناوچەیەکی گرنگە لە ڕووی ئابووری و ستراتیژییەوە، ئەویش لە بەرانبەر هەڵکشانی هێزی چیندا) بەڵام هێشتا ئەمریکا تێوەگلاوە لە کێشە و ناکۆکییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

* ئەگەر باسی پەیوەندی، یان ناکۆکیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بکەین، ئەوا هەندێ لە شرۆڤەکاران یان ڕەخنەگرانی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن پێیان وایە ئەم ئیدارەیە سیاسەتی ڕازیکردنی ئێرانی گرتووەتەبەر و، دەستی هەڵگرتووە لەو هەڵمەتەی کە پێشتر سەرۆك ترەمپ لە ئاست ئێراندا پیادەی دەکرد،

**گرووپە هاوپەیمانەکانی ئێران بە بەردەوامی هێرشیان کردووەتە سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە، و لە بەرانبەریشدا ئیسرائیل پەنای بردووەتە بەر کوشتنی چەندین بەرپرسی ئێران و زانای ئەتۆمی ئەو وڵاتە**

**هێشتا ئەمریکا ڕازی نەبووە ببێتەوە بە بەشێك لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا، ئەمە سەرباری ئەوەی کە چەندین وڵاتی ئەورووپا و وڵاتانی دیکەش خوازیاری ئەوە بوون ئەمریکا هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵبگرێت**

*** کە پێی دەگوترا هەڵمەتی ئەوپەڕی گوشار، لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من هیچ هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوەدا کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە ئاست ئێران بە سیاسەتی ڕازیکردن وەسف بکرێت و لێك بدرێتەوە، چونکە هێشتا ئەم ئیدارەیە چەندین سزای سەختی بەسەر ئێراندا سەپاندووە و درێژەی پێ داون، هەروەها هێشتا ئەمریکا ڕازی نەبووە ببێتەوە بە بەشێك لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا، ئەمە سەرباری ئەوەی کە چەندین وڵاتی ئەوروپا و وڵاتانی دیکەش خوازیاری ئەوە بوون ئەمریکا هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵبگرێت. لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە ئەو کەسانەی لە نێو ئێراندان و تێڕوانینێکی سەختگیرانەیان هەیە خوازیاری ئەوەن درێژە بە ناکۆکی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بدەن، بە پێچەوانەی میانڕەوەکانی ئەو وڵاتەوە کە دەیانەوێت لە ڕێی گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمییەوە کرانەوەیەك لە ئێراندا دروست بکەن لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕی کەلتووری و ئابووری لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بەڵام ئەوە بوو دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە و لەبەر ئەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن نەبووەوە بە بەشێك لەم ڕێککەوتنە، ئەوا ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەختگیرەکانی نێو ئێران بانگەشەی ئەوە بکەن کە وڵاتەکەیان هەموو پابەندبوونەکانی خۆی بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کردووە، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەی ئێران دەستی هێناوە، تەنیا زیادبوونی ئەو سزا و ڕێکارانەیە کە بەسەریدا سەپێندراون، لەم ڕووەوە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ناکرێت متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێت و پێویستە ئێران ڕێگە و ڕێڕەوی خۆی بگرێتەبەر، مەبەستم ئەوەیە هەموو ئەم پەرەسەندنانە و هەموو ئەم سیاسەت و ڕێکارانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونە هۆی باسك ئەستوربوونی کەسانی سەختگیری نێو ئێران. من پێش چەند ساڵێك لە ئێران بووم، پێم وایە ئەگەر خەڵك لە نێو وڵاتەکەشدا گلەیی و نارەزایەتیی هەبێت، ئەوا لە هەمان کاتدا بەرهەڵستیی گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن، لە ڕاستیدا هەر گوشارێکی زیاتری ئەمریکا لەسەر ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی زیادبوونی هەستی ناسیۆنالیستی لە نێو خەڵکەکەدا، چونکە ئێرانییەکان بە سرووشتی خۆیان کەسانی ناسیۆنالیستین، واتە ئەگەر نارەزاییەتیشیان هەبێت، بەڵام کەسانێکن شانازی بە مێژوو و کەلتوور و فەرهەنگی خۆیانەوە دەکەن، و لەم ڕووەوە نایانەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جڵەوی کاروبارەکانیان بکات و ئاراستەیان بکات. دوای ئەوە ئێمە دەزانین کە ئەو ڕەخنانەی ئەمریکا ئاراستەی ئێرانی دەکات بۆ وڵاتانی دیکەش دروستن کە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکان و بگرە ئەمریکا پشتیوانیشیان لێ دەکات، هەروەها ئەگەر ئەمریکا بەرهەڵستیی ئەوە دەکات ئێران چەکی ناوکیی هەبێت، بەڵام دەبینین کە ئیسرائیل و پاکستان و هیندستانیش ئەم چەکەیان هەیە و ئەمریکاش پاڵپشتی و پشتیوانییان لێ دەکات، کەواتە لەم ڕووەوە ئەوە بەدی دەکەین کە ئەمریکا دوو پێوانە و دوو ستانداردی جیاواز دەگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن و هەڵسەنگاندنی وڵاتان، کە لێرەدا ئێرانییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە بۆچی ئەمریکا بە پێوانەیەکی جیاواز لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوت دەکات؟ کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە من پێم وانییە ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆ بایدن لە بەرانبەر ئێراندا پیادەی دەکات سیاسەتی ڕازیکردن بێت، باوەڕم وایە ئەو کەسانەشی کە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم بانگەشەیە دەکەن، ئەوا تەنیا بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسیی سەرۆك بایدن ئەم کارە دەکەن، چونکە خۆیان هۆشیارن بەوەی هەلومەرجە ڕاستەقینەکە چییە.

*** باشە با پرسیارێکی گریمانەیی بکەین و بڵێین ئەگەر دووبارە دۆناڵد ترەمپ دەسەڵاتی گرتەوە دەست و بووەوە بە سەرۆك لە کۆشکی سپی، ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە؟**

- بەڵێ، من پێم وایە و بۆی هەیە بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا بڕوات، بە چەشنێك ئەمریکا شەڕێك لەگەڵ ئێران هەڵبگیرسێنێت، هەروەها من باوەڕم وایە کە ترەمپ کەمتر بایەخ بە کورد دەدات و ڕێگە بە ئیسرائیلیش دەدات کە کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، کە هەموو ئەمانە دۆخێکی مەترسیدار دروست دەکەن.

ئێرانییەکان بە سرووشتی خۆیان کەسانی ناسیۆنالیستین، واتە ئەگەر نارەزاییەتیشیان هەبێت، بەڵام کەسانێکن شانازی بە مێژوو و کەلتوور و فەرهەنگی خۆیانەوە دەکەن

من پێش چەند ساڵێک لە ئێران بووم، پێم وایە ئەگەر خەڵک لە نێو وڵاتەکەشدا گلەیی و نارەزایەتیی هەبێت، ئەوا لە هەمان کاتدا بەرهەڵستیی گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن

بۆی هەیە بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا بڕوات، بە چەشنێک ئەمریکا شەڕێک لەگەڵ ئێران هەڵبگیرسێنێت

من باوەڕم وایە کە ترەمپ کەمتر بایەخ بە کورد دەدات و ڕێگە بە ئیسرائیلیش دەدات کە کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە



**خەلیل کۆبانێ**

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# چەکدارانی پەکەکە زۆر گرووپ و کەسانی مەشقپێکراویان بۆ کاری تیرۆریستی و کوشتن و ڕفاندن و و ئاگرکەوتنەوە هەیە

# بە هۆی ڕەفتار و پیلانی پەکەکەیە سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان ئۆپراسیۆن ئەنجام دەدات

**پەکەکە لە دامەزراندنییەوە لە بیری نەتەوەیی و کوردایەتی دوور کەوتووەتەوە، دوای شکستەکانی لە باکووری کوردستان و لەدەستدانی جەماوەرەکەی، چەندین ساڵە بەسەر دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و گوندنشینەکانی سەر سنوورەوە بوونەتە بەڵا و خاکی کوردستانیان داگیر کردووە، بەردەوامیش هێرش دەکەنە سەر خەڵکی سڤیل و پێشمەرگ. پەکەکە لە جیهاندا وەکو تیرۆریست پێناسە کراوە، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە بوونەتە هۆکاری پەلکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ خەلیل کۆبانێ ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا.**

* پەکەکە بۆچی باکووری کوردستانی بەجێ هێشتووە کە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیەتی و هاتووەتە باشووری کوردستان، ئایا ئەمە نانەوەی کێشە نییە بۆ هەرێمی کوردستان؟

- پەکەکە لە سەرەتادا بۆ ئەوەی سۆزی گەلی کورد و جەماوەر بۆ خۆی ڕابکێشێت (بەتایبەتی کوردانی باکوور) هەموو قسە و گفتوگۆ و ڕاگەیاندنەکانی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و بە ناوی کوردایەتی بوو، کەچی پاش ئەوەی بنکەی ڕێکخستنەکانی و ژمارەی چەکدارانی زیادی کرد، کار و کردەوەکانی دژی هێڵی نەتەوەیی و کوردایەتی بوون، تا ئەو ئاستەی سەرکردەکان قسە و هەڵسوکەوتی وایان دەکرد، کە لای ئێمەش جێگەی گومان و نامۆ و دوور بوو لە بیر و هەستی کوردایەتییەوە. ئەوان کاریان لەسەر ئەوە کرد کە کوڕ و کچانی کورد و نەتەوەکانی دیکەش هەڵخەڵەتێنن، تا ئاستی ڕفاندنیشیان، ئەو کچ و کوڕانەش بەشی زۆریان لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوون، لە هەموو شەڕ و پەلاماردانەکانیاندا شکستیان هێنا و زیانێکی کاریگەریان بە سوپای تورکیا نەگەیاند. ئەوان تەنیا گوند و شار و شارۆچکە کوردییەکانیان وێران کرد، بگرە چەندین ڕەفتاری دیکەی قێزەونیان ئەنجام دا، تا دەگاتە کردەوەی تێرۆریستی و نانەوەی ئاژاوە و کێشە لە نێوان هۆز و تیرە کوردییەکاندا، هەموو ئەمانە وایان کرد گەلی کوردستانی باکوور و چەندین کەس لە ڕێکخستن و ئەندامانی وەکو ئێمەی کوردپەروەر لێیان دوور بکەوینەوە، لە ناو گەریلا و ڕێکخستنەکاندا گفتوگۆی جددی و یەکلاکەرەوە ڕوویان دا، کە دواجار زۆربەمان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوت کە سەرانی قەندیل بە فەرمانی هێزی داگیرکەر و ناحەزانی کورد دەجووڵێنەوە، بەتایبەتی پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان جەماوەرێکی زۆر بەتایبەتی ڕێکخستنەکانمان لێمان دوور کەوتنەوە، هەموو ئەوانە و نەبوونی بیری کوردایەتی و نەتەوایەتی وای کرد، جەماوەری پەکەکە زۆر کەم ببێتەوە، ئەمە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە چەکدارانی پەکەکە نەیانتوانی لە باکوور بمێننەوە و هاتن لە

> **دواجار زۆربەمان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوت کە سەرانی قەندیل بە فەرمانی هێزی داگیرکەر و ناحەزانی کورد دەجووڵێنەوە**

قەندیل و چەند شوێنێکی باشووری کوردستان جێگیر بوون، بەمەشەوە ڕانەوەستان، بەڵکو هاتن دژی قەوارە و دەستکەوتەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕاوەستان و شەڕێکی خوێناوییان دژی پێشمەرگە هەڵگیرساند، سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمەکەیان تێکدا و خەڵکی سڤیل و پێشمەرگەی ڕۆڵەی ئەم نەتەوە مەزڵوومەیان شەهید کرد. بۆ جێبەجێکردنی مەرامە قێزەوەنەکەشیان چەکدارانی پەکەکە بە ئاشکرا بوونەتە داردەستی داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ موخابەراتی ڕژێمی سووریا و ئێران، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین مەرام و داخوازیی تورکیاشیان بە جۆرێکی دیکە لە دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کردووە، ئەویش بە هاتنیان بۆ قەندیل کە وایان کرد سوپای تورکیا پەلکێش بکەن بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان و لە ئەنجامی شەڕ و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا لە دژی پەکەکە، زیاتر لە ٦٠٠ گوندی سنوورەکان لە باشووری کوردستان چۆڵ کراون، لە ئێستاشدا بە هۆی ئۆپەراسیۆنەی بەم دواییانە سوپای تورکیا ئەنجامی داوە، تەنیا لە بەروارییی باڵا و ناوچەی قەزای ئامێدی زیاتر لە ١٥٠ گوندی دیکە چۆڵ کراون و هەڕەشەی ئاوارەبوون و لەناوچوونیان لەسەرە.

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن چەکدارانی پەکەکە هۆکاری پشێوی و خراپیی بارودۆخێکی ناسەقامیگری نەخوازراون لە باشووری کوردستان، مەبەست و مەرامی ڕاستەقینەی پەکەکەش وەکو ئێمە دەیانناسین دژی ئەو قەوارە جوان و ئازاد و خاوەن یاسا و ڕێسا سەقامگیرەیە، کە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی کوردستانەوە بەدی هاتووە، بەمەش پەکەکە دوژمنێکی سەرسەختی کورد و کوردستانە بەتایبەتی باشووری کوردستان.

*** بۆچی چەکدارانی پەکەکە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ دەبێت جموجووڵەکانیان لەناو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، بەتایبەتی لە چەندین دەڤەری سلێمانی؟**

- ئەم جۆرە کارانە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکەوە هەبووە، بەڵام لە کاتی پێویستیی مەرام و پیلانەکاندا بەکاریان دەهێنن، بەداخەوە پەکەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سلێمانی و بەتایبەتیش چەند سەرکردەیەکی یەکێتییەوە پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆیان دەکرێت، ئەمەش وای کرد، پەکەکە بە شێوەی گرووپی چەکداری لە چەندین ناوچەی وەکو ڕاپەڕین و چەمچەماڵ و قەرەداغ و گەرمیان و ناو سلێمانی و دەوروبەری دەربکەون، هەر ئەمەشە وای کردووە، درۆنەکانی سوپای تورکیا ڕابکێشنە ناو قووڵایی خاکی کوردستان و چەندین کارەساتی ناخۆش و جەرگبڕ ڕوو بدات، لەوانە مەشقی چەکدارانی پەکەکە لە فڕۆکەخانەی عەربەت وای کرد بە درۆن بۆردومان بکرێت و چەندین کەس بکوژرێن و بریندار ببن، لە ماوەت و چەمچەماڵ و چیای هەیبەت سوڵتان و کۆیە و چەند شوێنی دیکە ڕووداوی ناخۆش ڕوو بدەن، هەموو ئەو کردەوانەش زیاتر بۆ تێکدان و شێواندنی سەقامگیریی هەرێمی کوردستانە، بە پاڵپشتی حەشدی شەعبی و ئێران.

*** ئایا ئەو کارە تێکدەرانەی چەکدارنی پەکەکە ئەنجامی دەدەن، بووەتە هۆکاری ئەوەی کوردانی باکووری کوردستان و ڕێکخستنەکانیان زیاتر باوەڕیان پێیان نەمێنێت؟**

- پەکەکە داردەستی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستانن و لەگەڵ هاتن و داگیرکردنی قەندیل و نانەوەی ئاژاوە و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ چەند جارێك و تا ئێستاش، هەر کار و مەرام و هەوڵیان بۆ دژایەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئەوەتا مانەوەیان لە شنگاڵ و ئەو بارودۆخە ناخۆشەی لەو ناوچەیە دروستیان کردووە، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ هەموو کورد و کوردستانییەك کە پەکەکە تا سەر ئێسقان ناحەز و دوژمنی ئێمەی کوردانە، ئەم تاقمە چەتەیە وەکو گرووپ و کەتیبە کەسانی تایبەتمەندیان هەیە بۆ کاری تیرۆریستی بە هەموو جۆرێك، هەر لە لەناوبردنی کەسایەتییە کوردییەکان و سیاسەتمەداری گەلەکەمان تا ڕفاندن و کوشتنی ئەوانەشی کە لە ناو ڕیزەکانی خۆیان ڕادەکەن، لە هەر شوێن و دەرفەتێك بۆیان بگونجێت بە دڕندەترین شێوە

**نەبوونی بیری کوردایەتی و نەتەوایەتی وای کرد، جەماوەری پەکەکە زۆر کەم بێتەوە، ئەمە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە چەکدارانی پەکەکە نەیتوانی لە باکوور بمێننەوە و هاتن لە قەندیل و چەند شوێنێکی باشووری کوردستان جێگیر بوون**

**چەکدارانی پەکەکە بە ئاشکرا بوونەتە داردەستی داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ موخابەراتی ڕژێمی سووریا و ئێران**

**لە ئەنجامی شەڕ و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا لە دژی پەکەکە، زیاتر لە ٦٠٠ گوندی سنوورەکان لە باشووری کوردستان چۆڵ کراون**

**پەکەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سلێمانی و بەتایبەتیش چەند سەرکردەیەکی یەکێتییەوە پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆیان دەکرێت**

دەیانکوژن تا ئاستی خنکاندن، بەڵگە زۆرە، لە باشووری کوردستان هەستاون بە دانانەوەی تەقەمەنی و کردەوەی تیرۆریستی لە شوێن و شەقام و مەڵبەندی سڤیل، ناشیرنترین ڕەفتار و کردەوەی پەکەکە سووتاندنی بازاڕ و مارکێت و دووکان و ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییان بووە، بۆ ئەوەی لە لایەک زیان بە ئاسایش و ئارامی بگەیەنن و لە لایەکی دیکەش لە ڕێگەی میدیاکانیشیانەوە خەڵکە زیانلێکەوتووەکە لە دژی حکومەت هان بدەن. ئەمە پیلانی دەزگای موخابەراتی دژ بە کوردە و ئەوان بەوەکالەت و پارە جێبەجێی دەکەن، ئەوەتا لەم چەند مانگەی ڕابردوو هیچیان لە دەست نەما لە دژی هەرێم و حکومەتی کوردستان ئەنجامی بدەن، لە ڕێگەی ئەو گرووپ و کەتیبانەی کە ئامادە کراون هەڵسان بە سووتاندنی بازاڕی لەنگە و قەیسەریی شوێنەوار و کەلتووری هەولێر و قەیسەریی کۆنی کەرکووک و بازاڕی کاسبیی ناو سەنتەری شاری دهۆک، ئەم کارە ناڕەوا و تیرۆریستییانەیان ئەنجام دا تەنیا بۆ تەپاندنی ئابووری و زیادکردنی بێکاری و لەناوبردنی سیمای شارستانیی ئەو شوێنانە بووە.

*** کەواتە چەکدارانی پەکەکە بوونەتە داردەستی ئەو گرووپانەی دژی هەرێمی کوردستانن، ئایا ئەمە دژ بە بیر و بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی نییە؟**

- چەکدارانی پەکەکە بۆ دوژمنایەتیی کورد و کوردستان دامەزراون و لە هەمووشی ترسناکتر دوژمنی ئەو لایەن و حزبە سیاسییەشن کە کوردپەروەر و ئازادیخوازن و داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و ماڵباتی بارزانیی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕە، هەموو ئەوانەش لە ڕووی دارایی و لۆجستێکی پاڵپشتی دەکرێن بۆ لاوازکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کیانەکەیەتی کە بە خوێنی سەدان شەهید و ڕۆڵەی کوردستانی باشوور و ئەوانی دیکە هاتووەتەدی بە سەرۆکایەتی جەنابی مسعود بارزانی، کە مەرجەعی گەلی کورد و کوردستان و ڕابەرێکی سەرکەوتوو و نیشتمانپەروەر و مرۆڤدۆستە. لە ئێستادا سەرکردەکانی پەکەکە لە پێناو مانەوەی خۆیان و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیاندا هەموو ڕەفتار و جووڵە و کارێکی دژ بە کوردایەتی و کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بە تەئکید لە ناو پەیڕەو و پرۆگرامی پەکەکەدا بەش و خەڵکی ئامادەکراوی تێدایە لە ڕووی دەستکەوتنی زانیاری و داتا و هەواڵگرییەوە، ماوەی چەندین ساڵیشە کاریان لەسەر زۆر زانیاری کردووە و گەیاندوویانەتە دەست دوژمنانی گەلەکەمان، ڕێگەی تێدەچێت هەندێ زانیاریی گرنگ هەیە لە ڕووی سیاسی و سەربازی و دارایی و ئابووری، بەتایبەتی لەسەر باشووری کوردستان، دابێتیان بەو شوێنانەشی کە پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەیە.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە بۆچی هەوڵ و پرۆسەی ئاشتییان لەبار برد، کە جەنابی سەرۆک بارزانی هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ تەرخان کردبوو؟**

- پەکەکە هیچ کاتێک باوەڕی بە گفتوگۆ و ئاشتی نییە، چونکە لە ئاشتیدا بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەو دەسەڵاتەیان نامێنێت کە ئێستا هەڵسوکەوتی پێ دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئەو چەکدارە دوژمن و خۆفرۆشانە لە مێژە ڕایانگەیاندووە کە دوژمنی پارتی و بارزانین و ئەو پرۆژە گرنگ و مرۆڤدۆستییەش کە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەنگاوی گەورە و بوێری بۆ هاویشت، بووە هۆی ئەوەی لەباری ببەن و، هەستان شەڕی خوێناوی و سەختی خەندەقیان هەڵبژارد، کە بووە هۆی ئەوەی گەلی باکووری کوردستان زیانێکی زۆری دارایی و مرۆییان تووش بێت، ئەگینا ئەو پرۆژەیەی جەنابی سەرۆک چارەنووسساز بوو بۆ گەیشتنی گەلی باکووری کوردستان بە ماف و ژیان و سەقامگیرییەکی خۆشبەختی بەڵام پەکەکە لەباری برد. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو ئۆپەراسیۆنەی ئێستا کراوەتە سەر چەکدارانی پەکەکە لەلایەن سوپای تورکیا لە ناو خاک و سنووری باشووری کوردستاندا، ئەوە هۆکاری سەرەکی و نانەوەی ئاژاوەکە هەر چەکدارانی پەکەکە و سەرکردەکانیانە و دەیانەوێت کێشە و ناسەقامگیریی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستانی دروست بکەن .

**مەشقی چەکدارانی پەکەکە لە فرۆکەخانەی عەربەت وای کرد بە درۆن بۆردومان بکرێت و چەندین کەس بکوژرێن و بریندار ببن**

**ناشیرنترین ڕەفتار و کردەوەی پەکەکە سووتاندنی بازاڕ و مارکێت و دووکان و ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییان بووە، بۆ ئەوەی لە لایەک زیان بە ئاسایش و ئارامی بگەیەنن و لە لایەکی دیکەش لە ڕێگەی میدیاکانیشیانەوە خەڵکە زیانلێکەوتووەکە لە دژی حکومەت هان بدەن**

**پەکەکە هیچ کاتێک باوەڕی بە گفتوگۆ و ئاشتی نییە، چونکە لە ئاشتیدا بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەو دەسەڵاتەیان نامێنێت کە ئێستا هەڵسوکەوتی پێ دەکەن**

**ئەو پرۆژەیەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ ئاشتی و گفتوگۆ چارەنووسساز بوو بۆ گەیشتنی گەلی باکووری کوردستان بە ماف و ژیان و سەقامگیرییەکی خۆشبەختی، بەڵام پەکەکە لەباری برد**



**مەسعود کاڕەش**

جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەنجومەنی وەزیران بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی یەک ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ بودجەی فریاکەوتن تەرخان کردووە

**لە دەستپێكی هاتنی وەرزی گەرمای هاوینی ئەمساڵ لە ژمارەیەك لە گەڕەكەكانی شاری هەولێر گرفتی كەمئاوی دەستی پێكرد. بەرزبوونەوەی خواستی بەكارهێنانی ئاو و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و فراوانبوونی پرۆژەكانی نیشتەجێبوون، ئەوە دەخوازێت پرۆژەی نوێی ئاوی خواردنەوە دروست بكرێت. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێكیدا لەگەڵ مەسعود كارەش جێگری پارێزگاری هەولێر، بەدواداچوونی بۆ ئەم گرفتە و هەوڵەكانی پارێزگای هەولێر كرد.**

**ترومپایەكی دیكەی ئیفراز دەخەینە كار و بڕێكی زۆری ئاو لە ناو تۆڕی ئاوی خواردنەوە زیاد دەكات**

*** وەكو چاوەڕوان دەكرا، هاوینی ئەمساڵیش لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەكانی گەرما، كێشەی كەمئاوی لە ژمارەیەك لە گەڕەكەكانی ناو شاری هەولێر سەریهەڵدا، بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە وەكو پارێزگای هەولێر چ هەنگاوێكتان ناوە؟**

- ڕاستە لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما و هەڵكشانی خواست لەسەر بەكارهێنانی ئاوی خواردنەوە لێرەولەوێ گرفت ڕوودەدات، بەڵام كێشەكە بەو شێوەیە نییە كە تەواوی گەڕەكەكان بێ ئاوی خواردنەوە بن. بۆ نموونە لەگەڕەكەكانی بەختیاری و كوێستان و كرێكاران و ڕووناكی كاتێك باسی كێشەی كەمئاوی دەكرێت، زیاتر لە چەند كۆڵان كێشەی كەمئاوی یان بێئاوییان دەبێت. دەكرێت باسی چەند نموونەی دیكە بكەین، لەوانە لە شەقامی ٦٠ مەتری تا دەگاتە ١٠٠ مەتری زۆنێكی گەورە و فراوانە لەم زۆنە فراوانە هەر چەند ماڵێك ئەم كێشەیەیان بۆ دروست بووە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژانە ئەو ماڵانەش كێشەكەیان چارەسەر كراوە و بە ئاسایی ڕۆژانە بڕی پێویستی ئاویان بۆ دابین كراوە. ئەم حاڵەتە بۆی هەیە لە زۆربەی زۆن و گەڕەكەكانی ناو شاری هەولێر هەبێت. ئێمە ناڵێین كێشەكە نییە، بەڵام خۆشبەختانە بە هەوڵ و هیممەتی تیمەكانی شارەوانی و پارێزگا و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆكان و بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر، توانراوە بەشێكی هەرە زۆری كێشەی كەمئاوی چارەسەر بكرێت. ئێمە وەكو تیمێك كار دەكەین و هەموو كاتێك لەگەڵ یەكتر لە پەیوەندیداین و لەسەر هێڵین بۆ بەدەنگەوەهاتنی هاووڵاتیان و چارەسەركردنی كێشەكانیان، ڕێگا چارەسەرەكانیش بەپێی ئەو هۆكار و كێشانەیە كە دێتەپێش، لەوانە ئەگەر لە گەڕەكێك، یان كۆڵانێك بیری ئاوەكانیان وشكی كردبێت، یان ئاستی ئاوەكە دابەزیبێت، ئەوە بە لێدانی بیری تازە و بەدیل چارەسەر كراون، یان كێشە لە تۆڕی دابەشكردن هەبێت، بۆ ئەوەش دەمودەست كار لەسەر چاككردن و گۆڕین بە تۆڕی تازەی دابەشكردنی ئاوی خواردنەوە كراوە. هەر ئەو كار و پرۆژە و بەدواداچوونانەیە وای كردووە، لە

**بە هەوڵ و هیممەتی تیمەکانی شارەوانی و پارێزگا و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆکان و بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر، توانراوە بەشێکی هەرە زۆری کێشەی کەمئاوی چارەسەر بکرێت**

**لە ئێستادا کێشەی کەمئاوی تا ڕاددەیەکی باش و بە ڕێژەی ٩٩٪ کۆتایی هاتووە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو قەیرانانەی تووشی هات کە ڕیزبەندی بۆ مووچە و قووتی خەڵک بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کار و پڕۆژەی خزمەتگوزاری بەتایبەتی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکە تازەکان و چارەسەری گرفتی گەڕەکە کۆنەکانیش کردووە**

ئێستادا کێشەی کەمئاوی تا ڕاددەیەکی باش و بە ڕێژەی ٩٩٪ کۆتایی هاتووە.

*** بەڵام باس لەوە دەکرێت هەندێك تۆڕی ئاوی خواردنەوەی هەولێر پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، یان کۆنە و لەگەڵ ئەو فراوانبوونەدا ناگونجێت. لەلایەکی دیکەوە زۆربەی بیرەکانی ئاوی خواردنەوە لە وەرزی هاویندا کێشەی کارەبایان هەیە، ئایا ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- یەکێك لە هۆکارەکانی کەمیی ئاوی خواردنەوەی بیرەکانی ئاوی ناو شاری هەولێر بۆ کەمیی ماوەکانی پێدانی کارەبا دەگەڕێتەوە، چونکە زۆربەی ئەو بیرانەی ئاوی خواردنەوە پشتیان بە تەزووی کارەبای نیشتمانی بەستووە و بۆی هەیە درەنگانێکی شەو، یان بە ڕۆژ چەند کاتژمێرێك کارەبای نیشتمانی هەبێت، واتە بیرەکان بەردەوام کارەبایان نییە، بەگشتی بۆی هەیە ماوەی کارەباکە بگاتە (١٢) کاتژمێر و بگرە کەمتر و لەو ماوەیەشدا کارەباکە پچڕپچڕە و بەردەوام و لەسەر یەك نییە. بۆیە ئەمە هۆکارێکی گەورەی کەمئاوییەکەیە چونکە لە کاتێك چوار کاتژمێر کارەبا هەیە ئەوە بیرەکان ئاو دەدەنە ناو تۆڕەکانی دابەشکردنی کۆڵان و گەڕەکەکان لەو کاتانەشدا هەندێك کۆڵان ئاویان بۆ دەچێت و هەندێك بە تەواوی ئاویان بۆ ناچێت و لە پاش ئەوەی کارەباکە دەبڕێت و لە جاری دووەم کە کارەبا دێتەوە دووبارە بیرەکە و تۆڕەکان ئاو دەگەیەننەوە هەمان ئەو شوێن و کۆڵانانەی کە لە جاری یەکەم ئاویان بۆ چووە و دووبارە ئەو کۆڵان و شوێنانەی پێشتر کە ئاویان بۆ نەچووە، یان بە تەواوی پێیان نەگەیشتووە ئەوە دووبارە بێئاو دەبن. هەر بۆیە ئەو کێشەیە تەنیا بە کارەبای بەردەوام یان (١٥تا١٨)کاتژمێر لەسەر یەکتر چارەسەر دەبێت و کێشە دروست نابێت، بۆ چارەسەری ئەمەش دەبێت دەستکاریی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی گەڕەك و کۆڵانەکان بکرێت، کە ئەو کێشەیەیان هەیە، کە بە دانانی قوفڵ لەسەر تۆڕەکان دەبێت، تاوەکو لەو کاتەی دووەم کارەبا دێتەوە و بیرەکان کار دەکەنەوە، قوفڵەکان لەسەر ئەو شوێن و کۆڵان و ماڵە بگیرێتەوە کە جاری یەکەم ئاویان بۆ چووە و بۆ ئەو کۆڵان و ماڵانە ئاو بچێت، کە لە جاری یەکەم ئاویان بۆ نەچووە. هەروەها لە هەر گەڕەکێك تۆڕی دابەشکردنی ئاو کۆن و خراپ بێت، ئەوە وەکو پڕۆژە دەست بە گۆڕینیان کراوە و لە ئێستادا لە چەندین گەڕەك ئەو کار و پڕۆژانە لەژێر جێبەجێکردندان، بۆ نموونە لە گەڕەکی ڕزگاری کە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر بەو کارانە هەستاوە.

*** شاری هەولێر لە چاو بیست ساڵ پێش ئێستا دەتوانین بڵێین چوار بەرانبەر زیاد و گەشەی کردووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی زۆر زیاد بووە، ئەمەش پێویستی بە بڕی ئاوی خواردنەوەی زۆر زیاترە، ئایا چ پلان، یان پڕۆژەیەکی ستراتیژیی تازەتان بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە هەیە؟**

- ئەگەر سەیری ئاوەدانی و گەشەکردنی شاری هەولێر بکەین لەچاو (٢٠) ساڵ پێش ئێستا، دیارە بەرفراوانییەکی زۆر ڕووی داوە و چەند بەرانبەر گەشەی کردووە و ژمارەی دانیشتووانەکەشی یەکجار زۆر بووە. لە هەولێر تەنیا ناو بازنەی سەد مەتری و چەند ماڵێك هەبوون لە گەڕەکی گوڵان و بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری کە پڕۆژەی سەد مەتری بەلای گەڕەکی نەورۆز تەواو نەکرابوو، ئێستا چەندین گەڕەکی تازە و سیتیی هاوچەرخی لێ دروست کراوە و شەقامی بازنەیی ١٢٠مەتری و ١٥٠ مەتری دروست کراون و هەولێر لەگەڵ کەسنەزان و بنەسڵاوە و دارەتوو لێکی داوەتەوە، هەر بۆیە فراوانبوون و گەورەبوونەکەی هەولێر لەو ماوەیەدا ئاسایی و سرووشتی نەبوو، واتە زۆر خێرا بوو، ئەمەش پێویستی بە پڕۆژەی زیاتری خزمەتگوزاری هەیە، بەتایبەتی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو قەیرانانەی تووشی هات کە ڕیزبەندی بۆ مووچە و قووتی خەڵك بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کار و پڕۆژەی خزمەتگوزاری بەتایبەتی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکە تازەکان و چارەسەری گرفتی گەڕەکە کۆنەکانیش کردووە، توانراوە پڕۆژەی ئیفراز سێ بەرفراوان بکرێت و چەندین بیری نوێ لێ بدرێن و بیرە کۆنەکانیش نۆژەن کراونەتەوە، هەر کێشەیەکیش

دروست بوویێت، توانراوە بە پاڵپشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت. هەر چەندە لەگەڵ گەورەبوونی شاری هەولێر بەرنامە و پلان هەبوو کە پرۆژەیەکی گەورە بە ناوی «بای وەتر» کە کۆمپانیایەکی بەریتانی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری ئێمە لە ساڵی (٢٠١٥) ئیمزای کرد، کە دەبووایە جێبەجێ بکرایە، بەڵام ئەو کۆمپانیایە نەیتوانی پابەندی کارەکانی بێت و ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکات. لە ئێستادا هەولێر پێویستی بە پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە هەیە، کە شاری هەولێر و کەسنەزان و بنەسلاوە و دارەتوو و بەحرکە لەخۆ بگرێت.

*** ئەنجومەنی وەزیران چ بودجەیەکی بۆ پرۆژە گەورە و ستراتیژییەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کەم ئاوی تەرخان کردووە؟**

- ڕاستەوخۆ دوای بڵاوبوونەوەی دەرکەوتنی کێشەی کەمبوونی ئاوی خواردنەوە لە ژمارەیەك گەڕەکی ناو شاری هەولێر، ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ملیارێك و ٥٠٠ ملیۆن دیناری وەکو گوژمەیەکی بەردەست بۆ چارەسەری گرفتەکان تەرخان کرد، ئەمەش وەکو بودجەیەکی فریاکەوتن و لەناکاو هاتووە. بودجەکە ئامادەیە و لەبەردەستە و بەمەش دەمودەست دەتوانرێت بیرلێدان بێت، یان چاککردن و گۆڕینی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی هەر شوێن و کۆڵان و گەڕەکێك، جێبەجێ بکرێت. لەو ماوەیەی ڕابردووش زۆر کار بۆ چارەسەری کێشەی کەمئاوی لە هەولێر کراون. ئەم هەنگاوەی کابینەی نۆیەم زۆر گرنگە بۆ ئاوەدانی و چارەسەری هەر کێشەیەك لە خزمەتگوزارییەکان هەبێت.

*** هوشیاری و دەستگرتن بە بەکارهێنانی ئاو بە یەکێك لەو بنەمایانە دادەنرێت کە پارێزگاری لەم سامانە دەکات و دواتریش دادوەری لە دابەشکردنی زامن دەکات، لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- ئێمە زۆر زیاتر لە ستانداردی نێودەوڵەتی، ئاوی خواردنەوەمان بۆ هەر تاکێك لە هاووڵاتیانمان دابین کردووە، بەڵام بەشێك لەو ئاوە بەداخەوە بە ڕێگای جیا جیا بەفیرۆ دەچێت، لەوانە نەبوونی تەوافە لەسەر تانکیی ماڵەکان و ئاودانێکی زۆری باخچەی بەردەمی ماڵان و شوشتنی ئۆتۆمبێل لەلایەن هەندێ هاووڵاتی بە ئاوی خواردنەوەی ماڵەکانیان، کە هەموو ئەوانە و چەندین جۆری دیکەی بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە وادەکات، هەندێ ماڵ و کۆڵان لە گەڕەکەکان تووشی کەمئاوی بن.

*** ئایا پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتایبەتی باڵەخانە بەرز و تاوەرەکان و سیتییەکانیش چ کێشەیەکیان لەسەر کەمئاوی هەیە؟**

**فراوانبوون و گەورەبوونەکەی هەولێر لەو ماوەیەدا ئاسایی و سرووشتی نەبوو، واتە زۆر خێرا بوو، ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی زیاتری خزمەتگوزاری هەیە، بەتایبەتی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە**



- ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنان کاریگەرییان لەسەر پرۆژەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی ماڵان نییە، چونکە خۆیان بۆ پرۆژەکانیان لەڕێگای بیرلێدانەوە ئاو بۆ باڵەخانە و تەواوی پرۆژەکان دابین دەکەن و تۆڕی دابەشکردن و ستافی کارکردنی خۆشیان هەیە و هیچ کاریگەرییان لەسەر ئاوی خواردنەوەی ماڵان نییە، پاش چەند ڕۆژێکی دیکە ترومپایەکی دیکەی ئیفراز دەخەینە کار کە بەمەش بڕێکی زۆری ئاو لە ناو تۆڕی ئاوی خواردنەوە زیاد دەکات و بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی ئێستا چارەسەر دەکات.

**ئێمە زۆر زیاتر لە ستانداردی نێودەوڵەتی، ئاوی خواردنەوەمان بۆ هەر تاکێک لە هاووڵاتیانمان دابین کردووە، بەڵام بەشێک لەو ئاوە بەداخەوە بە ڕێگای جیا جیا بەفیرۆ دەچێت**



## عەبدولڕەحمان خانی

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و
کۆگاکانی ئاو بۆ گوڵان:

# تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا شەش بەنداو تەواو کراون و سێ بەنداویش کاریان تێدا دەکرێت و ئەمساڵ تەواو دەبن

**لە نەخشەڕێگای ستراتیژیی عێراق (٢٠١٥-٢٠٣٥) دروستکردنی بەنداوەکانی باکرمان، مەنداوە، تەقتەق و دەڵگە خراونەتە بەرنامەی کار**

# بەنداوەکانی وڵاتانی دەوروبەر کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی داهاتی ئاو لە ڕووبارە هاوبەشەکان لە هەرێمی کوردستان کردووە

**عەبدولڕەحمان خانی بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، جەخت لەسەر گرنگیی بەنداوە گەورەکان و ژمارەیەك بەنداوی نوێ دەکاتەوە، کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بایەخی تەواویان پێدراوە و تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو شەش بەنداو تەواو کراون و سێ بەنداویش کاریان تێدا دەکرێت و ئەمساڵ تەواو دەبن. ئەوەش دەخاتەڕوو کە ژمارەیەك بەنداوی گەورە و ستراتیژی بۆ ئاو و زەوی و زار وەك نەخشەڕێگایەکی ستراتیژی بۆ ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠٣٥ دانراوە.**

*** لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەك بەنداوی گەورەو بچووك دروست کراون. ئایا ئەم بەنداوانە تاچەند گرنگن بۆ ئەمبارکردنی سامانی ئاوی و ئەمساڵیش کە ڕێژەی بارانبارین زۆر بوو، ئایا بڕی ئاوەکە چەند بووە و تا چەند لە ساڵی ڕابردوو باشتر بووە؟**

- لەهەرێمی کوردستان چەندین بەنداوی گەورە و مامناوەند و بچووك هەن، هەرچی بەنداوە گەورەکانە بریتین لە بەنداوەکانی (دووکان و دەربەندیخان و دهۆك) لە ئێستادا (٦,٥ ملیار م٣) ئاویان تێدایە، بەنداوە بچووکەکانیش کە ژمارەیان ٢٠ بەنداوە، نزیکەی ٨٥ ملیۆن م٣ ئاویان تێدایە و ١,٥ ملیار م٣ ئاویان لە ساڵی پار باشترە. کە دەکاتە ٦٥٪ی توانای خەزنی گشت بەنداوەکان و پلانی بەردانەوەی ئاوەکەشیان تا کۆتایی ساڵ لەسەر بنەمای پێویستییەکانی هاوین دانراوە. لەدوای ٢٠٠٥ـەوە چەندین بەنداوی بچووك و مامناوەند دروست کراون. لەوانە بەنداوەکانی سەروچاوە لە ڕانیە، هەڕاوە لە چەمچەماڵ، کەشکان لە دهۆك، ئەوانەشی تایبەتن بە سنووری ناوچە دابڕاوەکان، بەنداوی خاسەچای، شیرین و پەلکانە لە پارێزگای کەرکووك و ئەڵوەندە لە خانەقین.

لە ساڵانی ڕابردووش لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەنداوەکانی هەرێمەوە چەندین بەنداو دروست کراون، لەوانە لە سنووری سلێمانی، بەنداوەکانی ئەستێڵ، حەسەن کەنۆش، قادرکەرەم، هەشەزینی، دێوانە (دەربەندیخان) و چەندین پۆند، هەروەها شیوەسووری چەمچەماڵ — شوان تەواو کراون. بەنداوەکانی باسەڕە، زەلان، چەقچەق، سورقاوشان کاریان تێدا کراوە و لەبەر نەبوونی نەختینە و گرفتی دارایی کارەکانیان وەستێنراون. لە هەوڵداین ئەمساڵ ئەگەر بودجەیان بۆ دابین بکرێت، تیایاندا دەست بە کارکردن بکەینەوە. لە پارێزگای هەولێریش، بەنداوەکانی دیگەڵە و حەمامۆك و جەلی و کۆدەرە و چەمرگە تەواو کراون. بەنداوەکانی شەوگێڕ و ئاقوبان ئەمساڵ ئاویان کۆکردووەتەوە و لە قۆناغی کۆتاییدان. هەروەها بەنداوەکانی نازەنین، شیواشۆك و بانوی تاڵەبان کارەکانیان لەبەر گرفتی دارایی ڕاگیراون و لە هەوڵداین بۆ دەستپێکردنەوەیان، بەنداوی گۆمەسپان لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، بەنداوی بەستۆڕە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بودجەی بۆ دابین کراوە و کاری تێدا دەکرێت. لە پارێزگای دهۆکیش هەردوو بەنداوی بێدوهێ و خەنەس تەواو کراون و بەنداوەکانی گەلی بەنداو و سبنەش لە قۆناغی جێبەجێکردندان، لەئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانیش بەنداوی تورەجار و ئاوە سپی تەواو کراون و بەنداوەکانی خۆرنەوەزان و باوەنوور کاریان تێدا دەکرێت .

**بەنداوەکانی (دووکان و دەربەندیخان و دهۆک) لە ئێستادا (٦,٥ ملیار م٣) ئاویان تێدایە**

*** بەنداوە گەورەکان خزمەتێکی زۆریان کردووە**



**و پێویستیان بە سیانە هەیە. بەو پێیەی ئەم بەنداوانە بە هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بەڕێوە دەبرێن ئایا بۆچی لە بودجەی گشتیی عێراقدا بودجە بۆ نۆژەنکردنەوەیان تەرخان ناکرێت؟**

- بەنداوەکان بەتایبەت گەورەکان زیاتر لە ٦٠ ساڵ خزمەت دەکەن و پیر بوون و پێویستیان بە چاودێریی ورد و سیانە و کاری تەواوکاریی بەردەوام هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێویستیان بە دامەزراندنی کادیری ئەندازیاری گەنج و ڕاهێنراوی بەردەوام هەیە، کە بەشی زۆری کارمەندانی ساڵ لە دوای ساڵ خانەنشین دەبن و کەس لە جێیان دانامەزرێ و بۆشایی شارەزایی دروست بووە، ساڵانە پێویستیان بە گۆڕمەی زۆرە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانیان، جگە لە حکومەتی هەرێم پێویستە حکومەتی فیدراڵیش لە خەمی ئەو بەنداوانە بێت، کە خزمەتێکی زۆری ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەکەن. بەنداوەکان کارەبای بەردەوام بەرهەم دەهێنن، کە کارەبایەکی هەرزان و وزەیەکی پاکی دۆستی ژینگەیە، پێویستە لەو کارەبایەی دەفرۆشرێتەوە، ڕێژەیەکی بۆ چاککردنەوەی بەنداوەکان خەرج بکرێت. هەروەها بەنداوە بچووکەکانیش بەشێکیان زیاتر لە ١٥ ساڵە دروست کراون و قوڕ و لیتەیەکی زۆریان تێدا کۆبووەتەوە و بەشێکیان گیراون و ئەمانەش چەندین گرفتیان هەیە، گرفتی پاسەوانی و کارپێکەر و چاودێریان هەیە، ئەوانەش هەموویان بودجەیان پێویستە.

*** وەکو ئاشکرایە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی گرنگی بە دروستکردنی بەنداوەکان دراوە، ئایا لەم کابینەیەدا چەند بەنداوی نوێ دروست کراون؟**

- لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی لە دوو ساڵی ڕابردوو شەش بەنداو تەواو کراون و سێ بەنداویش کاریان تێدا دەکرێت و ئەمساڵ تەواو دەبن، هەروەها بەنداوێکی دیکەش وا لە هەوڵداین دەست پێبکاتەوە و تەواو بکرێت، چوار بەنداوی دیکەش لە سنووری سلێمانی و دهۆک کاریان تێد دەکرێتەوە، بەڵام گرفتی دارایی ڕێگر بووە لە جێبەجێکردنی تەواوی پلانەکان.

*** دوای تەواوبوونی بەنداوەکان وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئایا پێویستیتان بەوە نییە لە ڕووی ڕێگاوبان و گەشتوگوزار و کارەبا و سەوزایی و ڕواندنی درەخت و پاسەوان و چەندین بواری دیکەوە پرۆژەی هاوبەشتان هەبێت؟**

- لە ڕاستیدا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەسەر ئەو بەنداوانەی تەواو بوون، نووسراوی ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و تەواوی وەزارەتەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و کارەبا کردووە بۆ دروستکردنی ماستەرپلانی گەشتیاری، ئاوی خواردنەوە، ڕێگاوبان، کارەبا و چەندین بواری دی، هەروەها نووسراو بۆ پارێزگا و شارو شارۆچکەکانی نزیک بەنداوەکان نێردراوە بۆ هەمان مەبەست، بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە بەنداوەکان وەربگیرێت. لە هەندێ شوێن هەنگاو بەو ئاراستەیە نراوە و بەردەوامە. بەداخەوە لە هەندێ شوێنیش زیادەڕۆیی کراوەتە سەر شوێنە هەستیارەکانی بەنداوەکە و مەترسی بۆ سەر سەلامەتیی پرۆژەکە هەیە.

*** تا چ ڕاددەیەک بەنداوەکانی وڵاتانی**

**بەنداوە بچووکەکانیش کە ژمارەیان ٢٠ بەنداوە، نزیکەی ٨٥ ملیۆن م٣ ئاویان تێدایە و ١,٥ ملیار م٣ ئاویان لە ساڵی پار باشترە**

**بەنداوەکان بەتایبەت گەورەکان زیاتر لە ٦٠ ساڵە خزمەت دەکەن و پیر بوون و پێویستیان بە چاودێریی ورد و سیانە و کاری تەواوکاریی بەردەوام هەیە**

**جگە لە حکومەتی هەرێم پێویستە حکومەتی فیدراڵیش لە خەمی ئەو بەنداوانە بێت، کە خزمەتێکی زۆری ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەکەن**



دراوسێ کاریگەریی لەسەر سامانی ئاو لەناو بەنداوەکانماندا هەیە، بەتایبەتی کە هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران ژمارەیەکی زۆری بەنداو و بەربەست و ڕێڕەوی ئاوی و پڕۆژەی جۆراوجۆریان دروست کردووە و کاریگەری لەسەر وشکبوون و گۆڕینی ڕێڕەوی سەرچاوە ئاوییەکان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کردووە؟**

- بە دڵنیاییی بەنداوەکانی وڵاتانی دەوروبەر کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی داهاتی ئاو لە ڕووبارە هاوبەشەکان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بە تایبەتی لە وەرزە وشکەساڵەکاندا، حکومەتی فیدراڵی ئاگاداری ئەو بابەتەیە، کە بەپێی مادەی ١١٠ی دەستوور لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر ئاوە هاوبەش و سنووربڕەکان وتووێژ و ڕێککەوتن بکات، کە تا ئێستا ڕێککەوتن نەکراوە، بەڵام هەوڵەکان بەردەوامە.

*** زۆر لە پڕۆژە گەورەکانی وەکو بەنداوەکان پێویستە لەسەر بودجەی سیادی ئەنجام بدرێن، چونکە سوودی هاوبەشی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە. بەڵام هەست دەکرێت عێراق بۆ ئەم بوارە نەك هەر کەمتەرخەمە بەڵکو هیچ گرنگییەکی بە دروستکردنی بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستان نەداوە؟**

- دیراسەی ستراتیژیی عێراق کە بۆ ئاو و زەوی و زار وەك نەخشەڕێگایەك لە ٢٠١٥ تا ٢٠٣٥ دانراوە و، چەندین پڕۆژەی بەنداوی لە هەرێمی کوردستان تێدایە، ئێستا وەکو لە دوایین کۆبوونەوەی شاندی هەردوولا لە بەغدا و دوایین کۆبونوەوەی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم و شاندی هاوەڵی لەگەڵ سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق و سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکارانی ئەنجومەنی وەزیران و لەگەڵ هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لەگەڵ عێراق لە سەر دەستپێکردنی هەرچوار بەنداوی باکرمان (زێی خازر) و مەنداوە (زێی گەورە) و تەقتەق و دەڵگە (زێی بچووك) گفتوگۆی جددی کراوە و لیژنەی تەکنیکیی هاوبەش دروست کراون و کۆنووسی هاوبەش کراوە. بڕیارە لە بودجەی فیدراڵیی عێراقدا جێگیر بکرێن و پێداچوونەوە و ئامادەکاری بۆ دیراسە و دیزاینکردنەوەی بەنداوەکان دەستپێبکەین.



دیلان هوشیار:

# خەڵک بێ ئاگان لەوەی ئافرەتی جیابووەوە قوربانین و پێویستیان بە ڕێزگرتنی زیاترە نەک سەرزەنشتکردن و شکاندنەوە

# دوو ساڵ پێش ئێستا کوڕێکم ناسی و هاتنە داوام، بەڵام دوای ئەوەی خێزانەکەیان زانیبوویان دایکم جیا بووەتەوە، کشانەوە و جارێکی دی نەهاتنەوە

**دیلان هوشیار کچە گەنجێکی تەمەن ٣٠ ساڵەی دانیشتووی شاری هەولێرە، خۆی و دایکی لە یەکێك لە گەڕەکە میللی و هەژارنشینەکان نیشتەجێن. لە نەخۆشخانەیەکی حکومی وەکو یاریدەدەری پزیشك کار دەکات. وەك خۆی باسی دەکات، کاتێك تەمەنی چوار ساڵ بووە، دایك و باوکی لە یەکتر جیابوونەتەوە و بە هۆی جیابوونەوەی دایکی ڕووبەڕووی گرفت و ناخۆشیی زۆر بووەتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دیلان بە دڵشکاوییەوە باسی خۆی و ئازارەکانی دەکات و خوازیارە دید و تێڕوانینی کۆمەڵگە لە هەمبەر تاکەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت ئافرەتان بگۆڕدرێت. هەر لە مبارەیەوە دەڵێت: « لە تەمەنی منداڵییەوە تاوەکو ئەمڕۆ زۆر بە زەحمەت بەرانبەر بە سەختی و نادادییەکانی ژیان وەستامەوە. هەمیشە دراوسێکان و تەنانەت هاوڕێکانم لێیان دەپرسیم: بابت لە کوێیە؟ بۆچی بە تەنیا دەژین؟ بۆ ئەوەی لەناو خەڵك جێگەمان ببێتەوە، نەدەوێرام بڵێم: دایکم لە باوکم جیا بووەتەوە، بەڵکو دەمگوت: بابم سەفەری ئەورووپای کردووە و ئێمەش دەبات. ئاسان نەبوو، بەڵام بە بێ باوك و لە ژێر سێبەر و سایەی دایکە زەحمەتکێشەکەم هەموو قۆناغەکانی خوێندنم تەواو کرد».

دیلان بە دڵێکی شکاو و چاوی پڕ لە فرمێسك درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: «دوو ساڵ پێش ئێستا کوڕێکم ناسی و هاتنە داوام، بەڵام دوای ئەوەی خێزانەکەیان زانیبوویان دایکم جیا بووەتەوە، کشانەوە و جارێکی دی نەهاتنەوە، پاشان خەبەریان بە یەکێك لە هاوڕێکانمدا نارد و گوتیان ئێمە کچێك ناخوازین کە دایکی تەڵاق دراوە. چەند مانگێك پێش ئێستاش داخوازییەکی دیکەم هات، کوڕێکی باش و خێزانێکی تیگەیشتوو بوون، کوڕەکە داوای لێکردم پێش مارەبڕین بابم ببینێت، دایکم تەلەفۆنی بۆی کرد و پێی گوت دیلان داخوازی هاتووە و کوڕەکە حەز دەکات تۆ ببینێ لەبەر ئەوە وەرە ئێرە لەگەڵی دابنیشە، بابم لە وەڵامدا گوتی نایەمە ماڵەوە ئێمە جیابووینەتەوە و حەرامە. دایکم پێی گوتبوو کەواتە بابێتە ماڵی تۆ، گوتبووی ئەوە نابێ لەبەر ئەوەی ژنەکەی ڕێگەی پێ نادات، دواجار بابم گوتی: با کوڕە تەلەفۆنم بۆ بکات و لە کافیتریایەك یەکتر دەبینین. ئیدی بڕیارم دا، ئەو هاوسەرگیرییە نەکەم. بابم ئەمڕۆ ئامادە نەبێت بە تەرخانکردنی نیو سەعات قوربانیم بۆ بدات، دەبێ ئەو کات ماڵی خەزوورانم چەند بێڕێزیم پێ بکەن و چەند جار بیدەنەوە بە ناوچاومدا کە بابم لەسەر جادە هاوسەری داهاتووی کچەکەی ببینێت».

دیلان لە دوا قسەیدا بە هەناسەیەکی ساردەوە گوتی: «خەم بۆ ئەوە ناخۆم کە تا ئێستا هاوسەرگیریم نەکردووە، چونکە هەموو شت قسمەت و نسیبە، بەڵکو خەم بۆ ئەوە دەخۆم کە تاوەکو ئەمڕۆش خەڵك بە چاوی کەم لە ئافرەتی تەڵاقدراو دەڕوانن. بێ ئاگان لەوەی ئەو ئافرەتانە قوربانین و پێویستیان بە ڕیزگرتنی زیاترە نەك سەرزەنشتکردن و شکاندنەوە».

**بۆ ئەوەی لەناو خەڵك جێگەمان ببێتەوە، نەدەوێرام بڵێم: دایکم لە باوکم جیا بووەتەوە، بەڵکو دەمگوت: بابم سەفەری ئەورووپای کردووە و ئێمەش دەبات**

**ئاسان نەبوو، بەڵام بە بێ باوك و لە ژێر سێبەر و سایەی دایکە زەحمەتکێشەکەم هەموو قۆناغەکانی خوێندنم تەواو کرد**

**بابم ئەمڕۆ ئامادە نەبێت بە تەرخانکردنی نیو سەعات قوربانیم بۆ بدات، دەبێ ئەو کات ماڵی خەزوورانم چەند بێڕێزیم پێ بکەن و چەند جار بیدەنەوە بە ناوچاومدا کە بابم لەسەر جادە هاوسەری داهاتووی کچەکەی ببینێت**



بێریڤان ئەحمەد حوسێن:

# بەداخەوە تا ئێستا نەمانبینیوە و نەمانبیستووە خانمێک بەڕێوەبەری دەزگایەکی میدیایی گەورە بێت

بێریڤان ئەحمەد حوسێن، میدیاکارێکی سەرکەوتووی دانیشتووی هەولێرە. بێژەری هەواڵە سیاسییەکانە لە ڕادیۆی زاگرۆس پێشکەشکاری چەندین بەرنامەی مەیدانی بووە و لە کۆمەڵێک تەلەفزیۆنی جیاواز کاری کردووە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ڕاشکاوانە باسی ئاریشەکانی بەردەم ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی بۆ ئافرەتان دەکات و بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** پێشینەی کاری میدیاییتان چی بووە؟**

- سەرەتای کاری میدیاییم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ وەک بێژەری هەواڵە سیاسییەکان لە ڕادیۆی زاگرۆس دەست بەکار بووم و تا ئێستاش بەردەوامم، لەگەڵ ئەوەش وەک پێشکەشکاری چەندین بەرنامەی مەیدانی لە کۆمەڵێک تەلەفزیۆنی جیاواز کارم کردووە.

*** وەك خانمێکی میدیاکار ڕەوش و ڕۆڵی ئافرەت لە میدیای کوردی چۆن دەبینی؟**

- بەراورد بە ساڵانی پێشوو ئێستا ڕۆڵێکی دیارتر و بەرچاوتریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین زۆر باشە، چونکە ئێمە تمووحی زیاترمان هەیە و دەبێت گرنگییەکی زیاتر بە ڕۆڵ و توانای ئافرەتان بدرێت و بەرپرسیارێتییان پێ بدرێت. بەداخەوە تا ئێستاش ئافرەتان ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی گەورەیان پێ نەدراوە، لە کاتێکدا کە چەندین ئافرەتی بەتوانا و لێهاتوومان هەن، توانای بەڕێوەبەردنی دەزگای میدیایی گەورەیان هەیە، بەڵام بە هۆی ئافرەتبوونیانەوە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیان پێ نادرێت، دەتوانم بڵێم: زۆر جار ئامادەن پیاوێك کە بەرپرسێکی ناسەرکەوتووشە لە شوێنی خۆی بهێڵنەوە، بەڵام ئافرەتێکی بەتوانا لە شوێنی دانەنێن.

*** پێشنیارت بۆ کەسانی خاوەن بڕیار و بڕیارساز لە حکومەت و حزب چییە بۆ ئەوەی ئافرەتی خاوەن کار بە گشتی و میدیاکار بەتایبەتی بتوانن ئەرکی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن؟**

- داواکارم خاوەن کار و خاوەن پڕۆژە میدیاییەکان ئەو حزب لایەنانەی کە خاوەن دەزگای میدیاین زیاتر هەل بۆ ئافرەتان بڕەخسێنن و بەرپرسیارەتیان پێ بدەن. واتە ئافرەتان بیهێننە پێشەوە و بکرێنە خاوەن بڕیار لە دەزگا و پڕۆژە میدیاییەکان بەداخەوە تا ئێستا نەمانبینیوە و نەمانبیستووە خانمێک بەڕێوەبەری دەزگایەکی میدیایی گەورە بێت، کە ئەمەش عەیبەیەکی گەورەیە، بەڵام چرایەکی دڵخۆشکەریش دەبینین کە لە نێو ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆڵ بە ئافرەت دەدرێت و هەروەها لە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بە هەمان شێوە، کە ئەمەش دڵخۆشکەرە.

*** ئاریشە و بەربەستەکانی بەردەم خانمانی میدیاکار لە هەرێمی کوردستان چین؟**

- تا ئێستاش بەشێك لە خەڵکی ئێمە بە چاوێکی نارەوا سەیری کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەت بۆ کاری ئافرەتان لەو بوارەدا خوێندنەوەیەکی هەڵەیان هەیە. هەندێک لە خەڵک پێیان وایە ئافرەتان نابێت کاری ڕاگەیاندن بکەن. زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە لە کاری میدیایی خۆی سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، چ پێشکەشکار، یان پەیامنێر، یان بێژەرە دەبنە کەسایەتییەکی دیاری نێو کۆمەڵگە، کەچی لە جیاتی دەستخۆشی و هاندان بەپێچەوانە هێرشی بێ ویژدانانە دەکەنە سەریان، بە مەبەستی ڕووخاندن و ناشیرینکردنیان، بەوەش ڕووبەڕووی ناحەقیی زۆر دەبنەوە، کۆمەڵێک هەواڵی ناڕاستیان دەدرێتە پاڵ کە ئەمانە گەورەترین بەربەستن و بۆ خانمانی میدیاکار.

*** تا چەند سیستمی کۆتا بۆ ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکان شیاوە ئایا خانمانی بەربژار ناتوانن بە کارامەیی خۆیان دەنگی دەنگدەران بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن؟**

- من لەگەڵ ئەوەم ئافرەتان بە کارامەیی خۆیان دەربچن وەک هەر پیاوێک دەنگی پێویست بە دەست بێنن، لەبەر ئەوەی ئافرەتی زۆر لێهاتوو و بەتوانامان هەیە، بەڵام بەداخەوە کە تا ئێستاش کۆمەڵگەکەمان بڕوایان بە توانا و لێهاتوویی ئافرەتان نییە، بگرە زۆر جار پیاوان بە عەیبەی دەزانن دەنگ بە ئافرەتێک بدەن هەر چەند ئەو ئافرەتە بەتوانا و لێهاتووش بێت، بۆیە تا بەو عەقڵییەتە بیر بکەینەوە، پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆتا بۆ ئافرەتان بە پێویست دەزانم.

*** ئافرەتان تا چەند لە ڕاییکردنی کار و ئەرکی پێسپێردراویان سەرکەوتوو بوون؟**

-ئافرەتان هەمیشە نموونەیەکی جوان پێشکەش دەکەن لە هەموو ئەو بوار و ئەرکانەی پێیان دەسپێردێت. زۆر جار دەبیستین و دەخوێنینەوە کە ئافرەتێک لە بوارەکەی خۆی چ لە بواری ئیداری، یان لە بزنێس یان هەر بوارێکی دی ئیبداعی کردووە. زۆر جار چیرۆکی سەرکەوتنیان لە بوارەکەی خۆیان دەبێتە بابەتی گەرمی ڕاگەیاندنەکان، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئافرەتان سەرکەوتوون لە ئەرک و پیشەی خۆیان.

*** چ ڕوانگەیەکتان بۆ سەرمەشق وەرگرتن لە پێگەی ئافرەتان لە وڵاتانی پێگەیشتوو هەیە؟**

زۆر دەخوێنمەوە لەبارەی ئافرەتە بەهێز و خاوەن پێگەکان لە هەر کونجێکی ئەم جیهانە بن. حەز دەکەم چیرۆکی سەرکەوتنیان بزانم و لێیان فێر ببم. کاتێک چیرۆکی سەرکەوتنی ئافرەتێک دەخوێنمەوە، یان دەیبیستم، هێز و وزەی لێ وەردەگرم، ئەمە بۆ هاوکار و هاوپیشە ئافرەتەکانیشم ڕاستە. من ئامانجی گەورەم هەیە و هەوڵی بۆ دەدەم، بەڵام دڵخۆش دەبم کە ببینم ئەوانیش بەرپرسیارێتی وەردەگرن.

**دەبێت گرنگییەکی زیاتر بە ڕۆڵ و توانای ئافرەتان بدرێت و بەرپرسیاریەتییان پێ بدرێت**

**لە نێو ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆڵ بە ئافرەت دەدرێت و ئەمەش دڵخۆشکەرە**

**ئافرەتان هەمیشە نموونەیەکی جوان پێشکەش دەکەن لە هەموو ئەو بوار و ئەرکانەی پێیان دەسپێردێت**

**کاتێک چیرۆکی سەرکەوتنی ئافرەتێک دەخوێنمەوە، یان دەیبیستم، هێز و وزەی لێ وەردەگرم**



## هێڤین شێخە بۆ گوڵان:

# ئافرەتانی هونەرمەند مافیان پێشێل دەکرێت

**هێڤین شێخە یەکێکە لە هونەرمەندانی ڕۆژئاوای کوردستان، کە ماوەیەکی زۆرە لە شاری حەسەکە دەستی بە کاری هونەری کردووە و ئێستاش لە ئەورووپا بەردەوامە، بەم دواییەش چەند بەرهەمێکی بڵاو کردەوە، سەبارەت بە سەرەتاکانی کاری هونەری و ڕەوشی هونەری کوردی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

*** سەرەتای کاری هونەریت چۆن بوو؟**

- سەرەتا پەیوەندیم بە گرووپە فۆلکلۆرییەکانەوە کرد، بەڵام لە شانۆدا دەستم پێکرد، تاقیکردنەوە لە شانۆ و گۆرانی و سەماکردندا هەبوو، من لە شانۆدا دەستم پێدەکرد، بەڵام ڕۆژێك هاوڕێیەکم هەبوو کە خەریکی تاقیکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقا بوو، لە کۆتاییدا لای ئەو لە بواری مۆسیقادا خۆم تاقیکردەوە، ڕاهێنەرەکە پێی گوتم، دەنگت خۆشە وەرە نێو بواری مۆسیقا، لەو ڕۆژەوە چوومە بواری مۆسیقا و زۆر کەس هەبوون کە هاوکارم بوون و هانیان دام بۆ ئەوەی بەردەوام بم، من خۆشم زۆر حەزم لە مۆسیقا و گۆرانی بوو، بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٨ لەگەڵ تیپە میوزیکییەکان بەردەوام بووم لە گۆرانیگوتن.

*** بەڕای ئێوە جیاوازی چییە لە نێوان کاری هونەری لە کوردستان و لە ئەورووپا؟**

- بەرهەمهێنانی کاری هونەری لە کوردستان زۆر ئاسانترە لە ئەورووپا، بەهۆی دووریی نێوان ئاوازدانەر و شاعیر و گۆرانیبێژەکان لە یەکترەوە، چونکە ئەگەر بتەوێت کارێك ئەنجام بدەیت دەبێت ڕۆژێکی بۆ تەرخان بکەیت، ئەمەش شتێکی زۆر قورسە، ئەگەر نا دەبێ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجامی بدەیت، من چوار ساڵ لە باشووری

کوردستان ژیام، کارە هونەرییەکانی ئەوێ زۆر ئاسان بوو، هەروەك چۆن لە ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ئاوازدانەرەکان کۆدەبووینەوە و بیروڕا و دیدگاکانمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەمەش کۆتایی کارە هونەریەکان بوو بۆ هەردوولا، بەڵام لە ئەوروپا ئەم کارە زۆر سەختە، بەتایبەت ئەگەر خێزان و منداڵت هەبێت.

*** دۆخی هونەر لە ڕۆژئاوای کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە ڕۆژئاوای کوردستان هونەر زۆر پێشکەوتووە، لە سەرەتاوە ژمارەیەکی کەمی ژن هەبوون کە گۆرانییان دەگوت لە شاری حەسەکە، من یەکەم کەس بووم کە گۆرانیم گوت و چوومە ناو مەیدانی گۆرانیگوتنەوە، دووەمیشم لەسەر ئاست ڕۆژئاوای کوردستان دوای زۆیا، بەڵام ئێستا چەندین ئافرەتی هونەرمەند هەن کە بەرهەمی هونەریی جوان پێشکەش دەکەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتی هونەرمەند لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا هەن و گۆرانی هونەری کوردی دەڵێن. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هونەر لە ڕۆژئاوای کوردستان ئێستا زیاتر ئەکادیمی بووە، بەو پێیەی چەندین ناوەند و پەیمانگای هونەری کراونەتەوە، کە زۆرێك لە هونەرمەندانی ژن و پیاوی لێیەوە سەرهەڵدەدەن و هونەری کوردی بە شێوەیەکی هاوچەرخ پێشکەش دەکەن، لە هەمان کاتدا ڕەسەنایەتیی هونەرەکەی دەپارێزن.

*** ئێمە فۆلکلۆرێکی گەورە و دەوڵەمەندمان هەیە، بەڕای ئێوە ئایا هونەرمەندانی گەنج توانیویانە سوود لەم فۆلکلۆرە وەربگرن؟**

-هونەرمەندانی گەنج سوودیان لە هونەری فۆلکلۆری کۆن وەرگرتووە، چونکە زۆرێك لە هونەرمەندان هەن کە لە ڕێگەی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە کۆنانەوە ناوبانگیان بەدەستهێناوە، بۆیە دەتوانم بڵێم کە ئەوان سوودیان لێ وەرگرتووە، فۆلکلۆر بە گەنجینەی گەورە بۆ هونەر و هونەرمەندانی کورد دادەنرێت و پێویستە شانازیی پێوە بکەین و هەوڵی پاراستنی بدەین، هاوکات دووبارەکردنەوە و دروستکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندانی گەورە و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان زۆر گرنگن، چونکە نیشانەی هونەری ڕەسەنی کوردین، پێویستە نەوەکانی داهاتوو شانازییان پێوە بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن کە لەبیریان نەکەن، بەڵکو بە هونەری هاوچەرخ نوێیان بکەنەوە، ئەوەش بۆ تێکەڵاوبوونە لە نێوان هونەری هاوچەرخ و هونەری فۆلکلۆریی کوردی.

*** ئایا بەپێی پێویست پشتگیریی خانمە هونەرمەندەکان دەکرێت؟**

- هەروەك پێشتر گوتم، خانمە هونەرمەند زۆرن کە بەرهەمی هونەریی باش پێشکەش دەکەن، بەڵام بەداخەوە هیچ پاڵپشتی و پشتیوانییەك بۆ هونەرمەندی ئافرەت نییە، بەڵکو هەموو پشتیوانییەك بۆ هونەرمەندانی پیاوە لە هەموو ڕوویەکەوە، تەنانەت لە کۆنسێرتی تایبەتیشدا کرێی زیاتر دەدەن بە هونەرمەندانی پیاو، ئەمەش خۆی هۆکارێکە بۆ ئەوەی ژنان نەتوانن کاری زیاتر و جوانتر پێشکەش بکەن، من زیاتر لە دە ساڵە کاری هونەری ئەنجام دەدەم بەبێ هیچ پشتیوانییەك لەلایەن هیچ لایەن و کەسێکەوە، تەنانەت کاتێك ئەلبوومی هونەرییش بەرهەم دەهێنین، کەناڵە کوردییەکان ڕازی نین گۆرانییەکان پەخش بکەن یان بانگەشە بۆ ئەلبوومەکە بکەن، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بەرامبەر هونەرمەندانی پیاو دەیکەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە پێشێلکردنی مافی ژنە هونەرمەندەکانی کورد دادەنرێت، بەداخەوە هیوادارم ئەم شتە نەمێنێت و پاڵپشتییەکە هاوتەریب بێت لە نێوان هونەرمەندانی پیاو و ئافرەتدا.

*** چۆن سوود لە فۆلکلۆری کوردی وەردەگری؟**

- لە ڕاستیدا من زۆر گوێ لە فۆلکلۆری کوردی دەگرم، بەو پێیەی دەوڵەمەندە بە بەرهەمی جوان، بەڵام گۆرانیی فۆلکلۆری لە ئەلبوومەکانمدا ناڵێمەوە، بەڵکو تەنیا لە ئاهەنگ و بۆنە و ئاهەنگەکاندا بە گشتی پێشکەشی دەکەم.

*** بەڕای ئێوە لە کام بەشی کوردستاندا هونەری کوردی پێشکەوتووترە؟**

ڕاشکاوانە بڵێین، هونەرمەندانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هونەری کوردی دەپارێزن و پاراستوویانە، ئەم هونەرمەندانە بەرهەمی هونەری باش دەخەنە ڕوو کە تیایدا هونەر و میرات و زمانی کوردی لە ڕێگەی گۆرانی و مۆسیقاوە دەپارێزن، ئێمە لە ئەوروپاین کاتێك منداڵەکانمان گوێ لە هونەرمەندی کورد دەگرن داوای زانیاریمان لێدەکەن، ئەم هەنگاوەش لانیکەم لە پاراستنی زمان و میراتی کوردیدا ڕۆڵی باشی هەیە، بۆیە دەڵێم هونەرمەندان کارەکانیان بە باشی ئەنجام داوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پاراستنی هونەری کوردی هەبوو بەشێوەیەکی گشتی.



## حەسنا لەعکوبی:

# سەرەڕای ئاستەنگەکان هەر بەهێز ماومەتەوە



کچێکی مەغریبی خاوەن زیاتر لە بەهرەیەکە لە نێوان کاری میدیایی و مۆدێلدا، ئێستاش ڕووی لە بواری نواندن کردووە، سەرەڕای ئاستی پێشکەوتووی هونەری لە وڵاتی مەغریب، بەڵام بەردەوام ڕوو لە دوبەی و قاهیرە دەکات، وەك خۆی دەڵێت ماوەی سێ ساڵە لە دوبەی ڕووبەڕووی کێشەیەکی یاسایی کراوەتەوە، بەجۆرێك گەشتکردنی لێ قەدەغە کراوە و ناتوانێت تەنانەت سەردانی کەسوکاریشی بکات و ئاستەنگی زۆری بۆ درووست کراوە، سەبارەت بەم بابەتە و چەند پرسێکی دی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

*** کەیسەکەت بە چی گەیشت؟**

- کێشەکەم چارەسەرنەکراوە و هێشتا وەك خۆیەتی، وەك هەموان دەزانن لە پشت هەموو ئەمانەشەوە ڕاگرتنی فایلەکە هەیە و جاڵجاڵۆکە هەن کە تەڵە بەدەوری مندا دەبەستن، لەکاتێکدا ئەو کەسەیە کە بازرگانیی لەگەڵیدا دەکات و ئازادیی لە وڵاتی ئازادییەکاندا سنووردار دەکات، بۆیە نزیکەی سێ ساڵ سەفەرم لێ قەدەغە کرا.

*** پێشتر ڕات گەیاندووە کە خیانەتت لێ کراوە، ئەمە چۆن بووە؟**

- زۆر ڕووخسار هەبوون مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم، لەم تاقیکردنەوەدا زۆرێك لە دەمامکەکان کەوتنە خوارەوە ڕووخسارەکان ئاشکرا بوون کە شارەزا بوون لە نواندنی ڕۆڵی هاوڕێیەتی و برایەتیی درۆینە، بۆیە ویژدانیان فرۆشت بۆ پارە و هەندێك پرۆژەی هونەری، بۆیە بێدەنگییان هەڵبژاردووە سەرەڕای دڵنیایی تەواویان لە ڕاستییەکان و ئەو نادادپەروەرییەی کە لەسەر دەستی هاوشێوەکانی پابلۆ ئیسکۆبار بووە، خودای گەورە پشتیوانمەوە و دوعای دایکم و باوکم کە نزا و پاڕانەوەی ڕۆریان کرد بۆ ڕزگاربوون لەو کە بە سیحر یارمەتی ئەو کەسەیان دا، کە نەخۆشی خۆبەگەورە زانینی هەیە، پاشان دەستی کرد بە هەڕەشەکردن.

*** بەڕای ئێوە کێ ڕێگری لە هەموو ئەمانە دەکات؟**

- من پرسیار دەکەم، ئایا ئەم وڵاتە بە یاریدەدەرەکانیدایە بۆ ئەوەی ڕێگە بە دەست کێیە کە کەسێك بە ناڕەوا ڕێگری چوونە دەرەوە و ناهێڵێت کە خێزانەکەم ببینم، بەڵام لە ڕەحمەتی خودا بێهیوا نەبووم و نائومێد نابم و لەم دونیایەدا و لەو مەیدانەدا کە هەمیشە خەونم پێوە بینیوە، سەرەڕای هەموو ئەو سەختییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبمەوە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان بەردەوام دەبم تا دەرفەتێکی زێڕین دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێم.

*** لە قەیرانەکە و لە دوبەی چی فێربوویت؟**

- قەیرانەکە زۆر شتی فێری کردم، یەکەمیان ئەوەیە کە مرۆڤ سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەی کە دەیچێژێت، ناکەوێت و بە بەرزی و ڕاوەستانەوە دەمێنێتەوە، چونکە خەڵك ڕەحم بە لاوازەکان ناکات، قەیرانەکە فێری کردم و تاقیکردنەوە لە خودای گەورە نزیکتری کردمەوە، هەرچەندە بەهۆی ئەو نەخۆشییەی کە لە ئەنجامی ئەو کردەوە جادووگەرییانەی کە تووشی بووم پێشتر، بۆ چەندین کاتژمێر هۆشم لەدەست دەدا، ئەمە وای کرد زیاتر بەرگەی سەختییەکان بگرم. سوپاس بۆ خودا هەوڵ دەدەم سەرەڕای هەموو شتێك خۆڕاگر بم و بەردەوام بم، چونکە لە بوارێکی پڕ لە دەرکەوتندام، و دەبێت بوەستم و بۆ ئەوەی پێش سەرکەوتن بژیم.

*** وەك شاژنی جوانی، کاریگەریی جوانی و ڕێکی لەسەر هونەرمەند چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- جوانی ڕواڵەتێکی دەرەکی سەرنجراکێش نییە، بەڵکو تێکەڵەیەك لە چەند سیفەتێکی ناوەکی و دەرەکی، کە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی گشتی، کە جێگەی ڕەزامەندیی چاو و ڕۆح بێت، ئەوە شێوازێکی ژیانە کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی و بەهای مرۆڤە.

من پشتم بە توانا و بەهرەی خۆم بەستووە، چونکە پێویستە بەهرەی هونەریت هەبێت، تا بتوانیت بوونی خۆت بسەلمێنی، من تا ئێستا دەرفەتی زۆرم بۆ نەڕەخساوە تاکو بتوانم هەموو توانا و بەهرەکانی خۆمی تێدا دەربخەم، یان فیلمێکم پێشکەش کرابێت کە بە تەواوی لێی ڕازی بم، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێت.

*** نهێنییەکانی جوانیت چین؟**

- ناتوانم بڵێم کە نهێنی جوانکاری نائاساییم هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم چەند ئامۆژگارییەکی گشتی بۆ چاودێریکردنی پێست و جەستە پێشکەش بکەم کە ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ پاراستنی جوانیی سرووشتی، پێست ڕۆژانە جارێك بە بەکارهێنانی پاککەرەوەیەکی نەرم بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، وەرزش بکە و دوور بکەرەوە لە جگەرەکێشان، هەموو ڕۆژێك جارێك بە بەکارهێنانی سابونێکی نەرم خۆت بشۆ.



*** ڕاگەیاندن یان نواندن؟**

- نواندن لای من هەر لە منداڵییەوە وەك بەهرەیەك بووە، هەروەها خۆشەویستیشم بۆ نواندن هەبوو، لەبەر ئەوە پەیوەندیم بە پەیمانگاوە کرد و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە بواری شانۆی درامی خوێند، بۆیە زیاتر حەز لە بواری نواندن و شانۆ دەکەم، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە کە من شایەنیم، واتە مافی خۆم پێ نەدراوە، تا ئێستا ئەو دەرفەتەم نەهاتووەتەدی کە خەونی پێوە دەبینم، سەرەڕای ئەمەش حەز دەکەم لە ڕیکلامەکاندا نواندن بکەم، بۆ ئەوەی زیاتر بناسرێم و هەوڵ بدەم تواناکانم پێش بخەم و بگەمە ئەو ئاستەی کە خۆم دەمەوێ پێی بگەم.



بنار عەباس

یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی:

# ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکی گەورەدا بەشداربم

**لە قەزا و ناحیە و ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی زیاتر خواستی لەسەر دەبێت، یارییەکانی هێزی لەش و لەشجوانی و زوومبا و ئایرۆبیك بوونەتە یەکێك لەو یاریانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لەم یارییە دەکەن بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك. یاریی هێزی لەش کە یارییەکی زیاتر بەرزکردنەوەی قورساییە، لە ئێستادا لە پەرەسەندن دایە و ئافرەتانیش بەشێوەیەکی زیاتر لە جاران ڕوو لە وەرزشەکە دەکەن، لە قەزای کەلاری سەر بە ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیانیش کۆمەڵێك کچە یاریزان دیانەوێ ڕکابەریی سەرجەم تیپەکانی کوردستان بکەن، چەندین یاریزانی بەتواناش چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی باشیان لێ دەکرێت، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان (بنار عەباس)ـە، بنار توانیویەتی پلەی یەکەم لەسەر گەرمیان بەدەست بهێنێت لە پاڵەوانێتی یانە و هۆڵەکانی گەرمیان، ئەم کچە یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٨ی کەلارە و ئێستا بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکات، تەنیا وەکو یاریزان بۆ هۆڵ بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان دەکات، لە دیمانەیەکدا بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی داوەتەوە.**

*** چۆن بوو بڕیارت دا بێتە نێو دونیای هێزی لەش و هەڵگرتنی قورسایی؟**

- خولیا و ئارەزووی خۆم بوو، ئەم یارییە خەونێکی منداڵیم بووە.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە کە یاریی ئاسنە؟**

- نەخێر، هیچ هەست بە قورسایی ناکەم، بە پشتگیری کاپتنەکەم زیاتریش دەڕۆمە پێش.

*** بۆچی یاریی هێزی لەش لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- چونکە بەشێك لە خانمان گرنگی بەم وەرزشە نادەن و بە پێویستی نازانن.

*** هەست ناکەیت ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە بە تایبەت بۆ کچان؟**

- بەدڵنیاییەوە ڕاستە، چونکە هیچ بەرەوپێشچوونێك نەبووە، ئەگەر هەوڵیش بدرێ و کاری بۆ بکرێ بەدڵنیاییەوە باشتر دەبێت.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ئێستادا باشە و ئەگەر کاری لەسەر بکرێ لەلایەن وەرزشوانان و یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی، ئەوا بە شێوەیەکی باش ژمارەیەکی زۆر خەڵکیش ڕوو لەم یارییە دەکەن، پێویستە لەلایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە کاری جدی بۆ بکرێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پەرەپێدان و گرنگیدانی زیاتر بەم یارییە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی بەشێکی دیکەی خەڵك ڕوو لەم وەرزشە.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- هەوڵ دەدەم زیاتر پەرە بەتواناکانی خۆم بدەم و ئاستی خۆم بەرز بکەمەوە و لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم.

*** بۆچی بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەی؟**

- تەنیا بۆ هۆڵەکەی خۆمان یاری دەکەم، لە ئێستادا توانیومانە تیپێکی بچووك و بەهێز دروست بکەین.

*** گرفتی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینیت؟**

- ئەم یارییە گرفتی زۆرە، چونکە یاریزان پێویستی بە توانای دارایی و مەشقی بەردەوام و شوێنی شیاو هەیە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

- بتوانم لە هەموو یارییەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی سەرکەوتووبم و بگەمە ئاستێکی باشتر.

*** یانەکان گرێبەستیان پێشکەش نەکردووی؟**

- بەڵێ بۆم هاتووە لە چەند یانەیەك.

*** بڕیارت نەداوە بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتیدا بکەی؟**

- لە ئێستادا ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکی گەورەدا بەشداری بکەم.

*** هەوڵی گەیشتنت بە هەڵبژاردەی عێراق نەداوە؟**

- هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ ئەوەی بگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی خانمانی عێراقی، لە سەر ئاستی ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیانیش پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە لە داهاتوو هەوڵی جدیتر دەدەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پاڵپشتیی وەرزشکاران لە تەواوی کوردستان، بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنم.







# وەرزشی مەلەوانی خواستی لە سـ

**وەرزشی مەلەوانی یەکێك لەم وەرزشانەی کە وەرزشوانان و چینەکانی کۆمەڵگەش بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئێستادا ڕوویان لەم وەرزشە کردوە بۆ ئەوەی هەم لایەنی تەندروستییان بەهێز بکەن و هەم لە پاڵ لایەنی جەستەیی وەرزشەکەش ئەنجام بدەن و ئارەزووەکانیان وەکو وەرزش بەدی بهێنن، لە وەرزی هاوین چینەکانی کۆمەڵگە بە هەموو ئاستەکانی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن، بەشێك بۆ وەرزش کردن و کۆمەڵێکیش**

ڕاهێنەر مەولود ئەسعەد لە بارەی یاری مەلەوانی لە وەرزی هاویندا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: لەم وەرزەی هاوین بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما زیاتر خواستی لەسەرە، لە وەرزی زستانیش باشە، چونکە ئاوی مەلەوانگەکەمان گەرمە بس خواستی زیاتر لە سەر نییە وەکو هاوین، لەبارەی هاتنی خەڵکیش گوتی" چەند جۆرێك خەڵك سەردانمان دەکەن هەیە بۆ فێربوون دێت و هەیە بۆ نەخۆشی و لێرە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا لە وەزیر بگرە تا هاونیشتمانی ئاسایی سەردانی ئێرە دەکات، بەشێکیش بۆ چارەسەری پزیشکی دێنە مەلەوانگەکان، ئێمە جگە لە مەلەوانی چالاکی جۆراوجۆرمان هەیە وەکو تێنس چەندین خولی تریش دەکەینەوە بۆ ئەوەی چالاکییەکان هەمە جۆربن، لە بەرنامەشمان دایە وەکو ئاکا فتنس پاڵەوانێتی جۆراوجۆری وەرزشی ئەنجام بدەین، لە هەوڵی ئەوەشین تیپێکی مەلەوانی بە ناوی مەلەوانگەکەمان دروست بکەین بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانێتی هەولێر و ئاستی کوردستانیش، لە هەوڵیش بیکەینە یانە، لە بارەی گرفتەکانی یاری مەلەوانی مەولود گوتیشی" زیاتر کێشەی ئێمە ئەوەیە کە ژمارەیەك خەڵك دێنە ئێرە دەڵێن مەلەوانی دەزانین کەچی یاریزان نییە و هیچ زانیارییەکیان نییە دەبێتە گرفت بۆ ئێمەی ڕاهێنەر، هەروەها ئێمە زیاتر سەلامەتی یاریزانانمان دەوێت بەهۆی سەڵامەتی، لە بارەی ئافرەتانیش گوتی" بۆ ئافرەتانیش ڕاهێنەری تایبەتمان هەیە و چەندین خولی جۆراوجۆرمان بۆ خانمایش هەیە، ئەوانیش جۆراوجۆرن بۆ وەرزش و فێربوون و نەخۆشی دێن، لەبارەی پاك و خاوێنی ئاوەکەش و بوونی سەلامەتی تەندروستی گوتی"هەفتەی جارێك ئاوەکە دەگۆڕێت و ڤاکیۆمی ئاوەکەش دەکەین بۆ ئەوەی سەلامەتی مەلەزانان مسۆگەر بکەین و شەوانەش دەرمان و تەعقیمی ئاوەکە دەکەین. جگە لەوەش قوتابیانی






# ـــــەر زۆر بووە

**بۆ باشبوونی لایەنی تەندروستی، بەشێکیش بە ڕێنمایی پزیشکی دەچنە نێو ئاو، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماش خواستنی خەڵك بۆ ئەم یارییە زیاتر دەكات و زۆربەی مەلەوانگەکان پڕبوونە لە فێرخواز و وەرزشوانان، گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم پرسە سەردانی یەکێك لە مەلەوانگەکانی کردووە و ئەم ڕاپۆرتەی ئەنجامدا و بۆچوونی خەڵکی جۆراوجۆری وەرگرتووە، ئەوانیش قسەی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان هەبووە.**

قوتابخانەکان سەردانمان دەکەن بۆ فێربوون و هەمیش بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر ببەن.

مەروان هێرش مستەفا یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یاری مەلەوانی لە شاری هەولێر لەم بارەشەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی" ڕۆژانە کە دێمە ئێرە بۆ ئەوەی بتوانم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم لە یاری مەلەوانی و هەمیش وەرزشەکە ئەنجام دەدەن، مەشقیش دەکەم بۆ ئەوەی بەردەوام لە ئامادە باشیدا بم بۆ ئەوەی بتوانین ئامادە بین بۆ خول و پاڵەوانێتیەکان، جگە لەوەش لەم مەلەوانگەیە یاری یاریزانانیش دەدەم بۆ ئەوەی پێویستی بە هاوکاری بێت، مەلەوانی بەردەوام گرنگی خۆی هەیە بۆ تەندروستی و هەمیش دونیایەکی جیاوازە لە وەرزشەکانی تر، هەوڵ دەدەم توانای خۆم زیاتر بەرەو پێش ببەم و بگەمە ئاستێکی بەرز.

عومەر ئەیاد فێرخوازی یاری مەلەوانی لە بارەی هاتنی بۆ ئەم یارییە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی" من وەکو یاریزان لێرە نیم، بەڵام لەشێکی گران و کێشی زۆرم هەبوو، سوپاس بۆ خوا لێرە هەم کێشم دابەزییە و هەمیش فێری یاری مەلەوانی بوویمە، دەمەوێ زیاتر گرنگی لە تەندروستی خۆم و دابەزاندنی کێشم بدەم و بۆ ئەوەی لەش و لارێکی ڕێکم هەبێت و بتوانم زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم، لە داهاتووشدا هەوڵ دەدەم ئاستم باشتر بێت، لێرەش لەلایەن ڕاهێنەرانەوە گرنگی زۆر بە فێرخوازان دەدرێ.

سیرات سیروان فێرخوازی یاری مەلەوانی لە بارەی ئەم یارییە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی" من زیاتر بۆ لایەنی تەندروستی هاتوومەتە ئێرە، کێشم زۆرە و زۆر جار گرفتم بۆ دروست دەبێت، لێرە هەم گرنگی بە تەندروستییەکەم دەدەم، وە گرنگی بە دابەزاندنی کێشیشم دەدەم، دەمەوێ لە داهاتوودا ببمە یاریزانیش و بەشداری کێبڕکێیەکان بکەم، زۆریش ئاسودەم کە لێرە وەرزشی بە باشی ئەنجام دەدرێ و مامۆستایان گرنگی زۆرمان پێ دەدەن.



# سێو بە توێکڵەوە بخۆ!

سێو میوەیەکی دەوڵەمەندە بە ماددەی خۆراکیی گرنگ، بۆنموونە ڕیشاڵی تواوە و ڕیشاڵی نەتواوەی وەکو پێکتین و سێلیولۆز، کە ڕۆڵیان هەیە لە ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێندا، باشترکردنی کرداری هەرسکردنی خۆراك و تەندروستیی ڕیخۆڵە، هەروەها پاراستنی تەندروستیی دڵ. سێو ڤیتامین A و C، پۆتاسیۆم، کالسیۆم، هەروەها ماددە دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆلەکان Polyphenols لەخۆدەگرێت، کە بایەخی زۆریان بۆ پاراستنی تەندروستی بەتایبەتی خۆپاراستن لە شێرپەنجە هەیە. وا باشترە کە سێو بە توێکڵەوە بخورێت، چونکە ڕێژە بەرزەکەی ماددە دژەئۆکسان و ڤیتامینەکان کەوتوونەتە ناو توێکڵی سێوەوە. سوودە تەندروستییەکان: خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو تا ڕێژەی ٢٨٪ لە ڕێگەی پاراستنی گلاندی پەنکریاس و هێواشکردنەوەی هەڵمژینی شەکری گلوکۆز لە کۆئەندامی هەرسدا، کەمکردنەوەی ڕیسکی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، کەمکردنەوەی ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش تا ڕێژەی ٣٠٪ لە ڕێگەی هێشتنەوەی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر ئینجا هاندانی دابەزاندنی کێشی زیادی لەش، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا، دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، بەمەش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان کەمتر دەبێتەوە، باشترکردنی سیستمی میکرۆبیی ڕیخۆڵە یان بەکتریای سوودبەخش، هەروەها خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە و پاراستنی کۆئەندامی دەمار.

# ڕێنمایی بەکارهێنانی دروستی دژەئارەقە

ئاوێتەکانی دژەئارەقە Antiperspirants بە شێوەیەکی باو بەکار دێن، بەتایبەتی لە نێو ئەو کەسانەدا کە تووشی حاڵەتی زیاد ئارەقەکردن Hyperhidrosis بوونەتەوە. بەگشتی بەکارهێنانی ئاوێتەکانی دژەئارەقە بێزیانە، ئەگەرچی لە هەندێك کەسدا لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری پەیدابوونی هەستەوەری بەرانبەر بە یەکێك لە پێکهاتەکانی دژەئارەقە، بۆنموونە ئەو ماددەیەی کە بۆنی تایبەت بە دژەئارەقە دەبەخشێت، یان ڤیتامین E، ماددەی لانۆلین Lanolin یان پێکهاتەی دیکە بە شێوەی سووربوونەوە و سووتانەوەی پێست. ئاوێتەکانی دژەئارەقە جیاوازن لەگەڵ ئاوێتە لابەرەکان بۆنی ناخۆش Deodorants کە بەکتریای سەر پێست لەناو دەبەن، کەچی ئاوێتەکانی دژەئارەقە کونەکانی پێست دادەخەن لە چینی هەرە سەرەوەی پێستدا، بەمەشەوە ڕێژەی گەیشتنی ئارەقە بە پێست کەم دەبێتەوە. بە پێی ڕێنمایی پسپۆرانی پێست وا باشترە کە دژەئارەقە ڕۆژانە دوو جار بە باشی لەسەر پێست مەساج بکرێت، جارێك بەیانیان و جارێکی دی لەکاتی شەو پێش نووستن، چونکە ڕێژەی ئارەقەکردن لەکاتی شەودا کەم دەبێتەوە، دەرەنجام بڕێکی زیاتر ئاوێتەی دژەئارەقە دەچێتە ناو کونەکانی پێست، بەمەشەوە ڕێژەی ئارەقەکردن لەکاتی ڕۆژدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە بن کەوشەکاندا کەم دەبێتەوە لەوکاتەی کاریگەریی زۆربەی ئاوێتەکانی دژەئارەقە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر بەردەوام دەبێت، بەم شێوەیە ڕێگە لە پەیدابوونی بۆنی ناخۆشی بن کەوشەکان دەگیرێت. دەتوانرێت کە جگە لە بن کەوشەکان، دژەئارەقە بۆ هەر شوێنێکی لەش کە ئارەقە دەکات بەکاربهێنرێت، بۆنموونە پێیەکان یان نێوچەوان.





# چەند ئاو خواردنەوە پێویستە لە هاویندا؟

ڕۆژانە خواردنەوەی بڕی تەواوی ئاو بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا زۆر پێویستە بۆ پاراستنی تەندروستی. گەرمای هاوین ئەگەری کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration بەرز دەکاتەوە ئەگەر بە خواردنەوەی بڕی باشی ئاو ڕێگەی لێ نەگیرێت. بۆنموونە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر تەنیا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش ئەگەر سادەش بێت. نیشانەکانی کەمبوونەوەی شلەی لەش: هەستکردن بە ماندووبوون و بێهێزی، سەرئێشە، سەرسووڕان، دابەزینی پەستانی خوێن کە هاوکات دەبێت لەگەڵ زیادبوونی لێدانەکانی دڵدا، هەستکردنی بە تینووبوون، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، وشکبوونی دەم و لێوەکان، وشکبوونی چاوەکان، سووربوونەوەی پێست، تاریکبوونی ڕەنگی میز، قەبزی، ئاوسانی پێیەکان، ئازاری ماسوولکە، پەستی و نارەحەتی، هەروەها کەمبوونەوەی توانای تەرکیز. بڕی پێویستی ڕۆژانەی لەش بە ئاو لە وەرزی هاویندا پەیوەستە بە تەمەن، ڕەگەز، کێشی لەش، لەگەڵ ئاستی چالاکیی فیزیکی، بەڵام بەگشتی چەندێتی پێویستی ڕۆژانە بە ئاو لە لایەن پسپۆڕانی تەندروستی بە پێی تەمەن بەم شێوەیە دیاری کراوە: بۆ تەمەنی ٤-٨ ساڵ ٥-٦ پەرداخ کە دەکاتە ١٠٠٠-١٢٠٠ میلیلیتر، تەمەن ٩-١٣ ساڵ ٧-٨ پەرداخ کە دەکاتە ١٤٠٠-١٦٠٠ میلیلیتر، تەمەن ١٤-١٨ ساڵ ٨-١١ پەرداخ کە دەکاتە ١٦٠٠-٢٢٠٠ میلیلیتر، پیاو لە تەمەنی ١٩ ساڵ و بەسەرەوە ٨-١٣ پەرداخ کە دەکاتە ١٦٠٠- ٢٦٠٠ میلیلیتر، ئافرەت لە تەمەنی ١٩ ساڵ و بەسەرەوە ٨-١٠ پەرداخ کە دەکاتە ١٦٠٠-٢٠٠٠ میلیلیتر، ئافرەتی دووگیان ١٠-١١ پەرداخ یان ٢٠٠٠-٢٢٠٠ میلیلیتر، هەروەها ئافرەت لەکاتی شیردانی سروشتیدا ١٠-١٥ پەرداخ واتە ٢٠٠٠-٣٠٠٠ میلیلیتر.



# نیشانەکانی شەکەتیی دەروونی

شەکەتیی دەروونی Mental exhaustion بریتییە لە هەستکردن بە ماندووبوونی مێشك لە ئەنجامی تەرکیزکردنی زۆر لە کارێکی هزری قورس، بۆنموونە لەکاتی کار و پیشە یان چاودێریکردنی منداڵ یان دایك و باوکە بەساڵاچووەکاندا. نیشانەکان: ئۆقرە نەگرتن یان زوو تووڕەبوون، چونکە شەکەتیی دەروونی هۆکارە بۆ خراپبوونی مەزاج و کۆنترۆڵ نەکردنی هەستەکان، کەموکووڕی لە ئەنجامدانی دروستی کارەکان و لاوازبوونی پاڵنەر هەتا لە کارە سادەکانیشدا، بۆرژان و کەمبوونەوەی وریابوون کە لەوانەیە ببێتە هۆی کارەساتی ترافیك لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلدا، کەم خەوی یان خەوزڕان لە ئەنجامی بارگرانیی زۆری کار کە شەکەتیی دەروونی سەختتر دەکات، ئەنجامدانی شتی ناتەندروست وەکو زیاد بەکارهێنانی دەرمان و گرنگینەدان بە خۆراك یان هەتا ڕاهاتن لەسەر ئەلکهول یان درەمان، هەستکردن بە دڵتوندی یان خەمۆکی کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ڕاپەڕاندنی دروستی کار و چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە، زیاد نیگەران بوون لەوکاتەی کە شەکەتیی دەروونی بزوێنەرە بۆ سیستمی دەماریی سیمپەتاوی Sympathetic کە هۆکارە بۆ پەستی و نیگەرانی، گرفت لە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیدا، چونکە شەکەتیی دەروونی هۆکارە بۆ شەکەتیی جەستەیی یان هەستکردن بە ماندووبوونی ماسوولکەکان، گۆڕان لە ئارەزووی خواردندا، هەروەها زیاد هەڵەکردن بە بێ نیاز و خواست کە گەلێك جار دەبێتە ئەگەری گرفت لە کار و پیشە یان تێکچوونی ئامێر و پێکدادانی ئۆتۆمۆبیل، هەروەها هەستکردن بە ئازاری جۆراوجۆری وەکو سەرئێشە، پشت ئێشە، ئازاری گەدە، یان ئازار و گرژبوونی ماسوولکە.



# قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرە

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرەدا هەیە، هەر دوو حاڵەتیش لێکەوتەی نەخوازراوی تەندروستییان لێ دەکەوێتەوە. قەڵەوی هۆکارێکی هاندەری بەهێزە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، ئەمە جگە لە ئاڵۆزیی تەندروستی دیکەی وەکو نەخۆشیی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، شێرپەنجە..تاد. چۆن قەڵەوی دەبێتە هۆی نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو؟ قەڵەوی حاڵەتێکی ئاڵۆزی درێژخایەنە کە کاریگەریی دەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی تەندروستی، کۆبوونەوەی بڕی زیادی چەوری لە لەشدا هاندەرە بۆ دەردانی ماددەکانی هەوکردن و پەیداکردنی فشاری ئۆکسان Oxidative stress، ئەم ماددانەی هەوکردن هۆکاری سەرەکین بۆ پەیدابوونی بەرگریی ئینسولین Insulin resistance و تووشبوون بە نەخۆشی شەکرەی جۆری دوو، هەروەها نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان و گرفتی تەندروستیی دیکە. ئاڵۆزییەکانی دیکە قەڵەوی: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، جەڵتەی مێشك، چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەردی زراو، گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس، وستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا Sleep apnea، خەمۆکی، زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر، گرفتەکانی گورچیلە، داڕوشانی جومگە OA، گرفتەکانی پێست وەکو نەخۆشیی سەدەف.




# گرنگیی خواردنی پەنیر لەکاتی دووگیانیدا

لە لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری cheese ژاپۆنیدا هاتووە کە ڕۆژانە خواردنی ١,٣ گرام یان زیاتری پەنیر لە مانگەکانی دووگیانیدا، ئەگەری گرفت یان دواکەوتن لە پەرەسەندنی کۆئەندامی دەماری کۆرپە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە، کە لە تەمەنی سێساڵیدا بە تەواوی بەرجەستە دەبێت لە توانای پەیوەندیکردن، جووڵەی ماسوولکە گەورەکان، جووڵەی ماسوولکە بچووکەکان، لەگەڵ کارامەیی کۆمەڵایەتی Social skills. خۆراکی هەوێنبووی وەکو پەنیر یان ماست زۆر پێویستە لەکاتی دووگیانیدا، بۆنموونە پەنیر دەوڵەمەندە بە ماددەی گرنگی وەکو: پرۆتین، کالسیۆم، ڤیتامینەکانی A، B12، D، K، کانزای زینك، لەگەڵ پرۆبایۆتیك Probiot- ics کە بریتییە لە بەکتریا و هەوێنی زیندوو، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ڕێکخستنی سیستمی میکرۆبی ڕیخۆڵە Gut microbiota لە دایك و پەرەسەندنی سیستمی میکرۆبی ڕیخۆڵەی کۆرپە کە هەر لە ناو منداڵدانەوە دەست پێدەکات و لە دایکەوە بۆی دەگوازرێتەوە، هەروەها ماددەی تریپتۆفان Tryptophan کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پەرەسەندنی دروستیی کۆئەندامی دەماری کۆرپەدا. لە لایەکی دیکە ڕێژە بەرزەکەی کالسیۆم لە پەنیردا زۆر سوودبەخشە بۆ ئافرەتی دووگیان، بەوەی کە ڕۆڵی هەیە بۆ هاندانی گرژبوونەوەکانی منداڵدان لەکاتی منداڵبووندا، ئەمە جگە لەوەی کە گرنگیی زۆری هەیە بۆ تەندروستیی ئێسك و ددان.





# چاویلکەیەک و هەموو شتێک!

ژیریی دەستکرد بە زیرەکی خۆی خزاندۆتە گشت ئامێرەکان. لەمەودوا ئامێرەکان بە ژیریی دەستکرد کۆنترۆڵ دەکرێن. چاویلکەی جۆری QIDI Vida smart AR Glasses یەکێکە لەو چاویلکانەی تەواو هۆشمەندە. تایبەتە بە پایسکل سوارەکان.

کاتێك لە چاوی دەکەی وەك ئەوە دەچێت شاشەیەکی سەد ئینجی لەبەرچاوت بێت. هەرچی زانیاری لە دەوروبەر هەیە نیشان دەدات. ڕێنوێنی ڕێگاوبانت دەکات و سیستەمی GPS هەیە. ئەگەر لەگەڵ هاوڕێکانت لە پێشبڕکێ دابی، شوێنی هەموویان لەسەر شاشەکە نیشان دەدات. بە دەنگ کۆنترۆڵ دەکرێت. وێنە دەگرێت و هەر بەدەنگی خۆت بڵێ وێنەم بۆ بگرە، وێنە دەگرێت و فیلم هەڵدەگرێتەوە. سیمکارتی تایبەت بەخۆی هەیە و هەموو ئاپەکانی وەك تێلیگرام، واتساپ، اینستاگرام...تاد لەوێدا نیشان دەدرێن. دەنگی خاوەنەکەی دەناسێتەوە تەنانەت ئەگەر لە خێراییشدا بێت و گڤەی با بێت. دەتوانێت لەکاتی ڕۆیشتندا لەگەڵ هاوڕێکانت بە دەنگ چات بکەی. کامێراکەی ٤٨ میگاپیکسلە، بە شێوەی پانۆرامایی وێنە دەگرێت. کاری وەرگێڕان دەکات و هەر تابلۆیەك دێتە پێشت یا هەر نووسراوێك بە زمانی مەبەستی خۆت وەریدەگێڕێ. زانیاری خێرایی ڕۆیشتن، لێدانی دڵ، ڕێژەی ئۆکسجین و هەموو شتێکت نیشان دەدات.

# بچووک و خێرا و زیرەک




سەردەمی کۆمپیوتەری دیسکتۆپی گەورە بەسەرچوو، ئەوانەی هەم شوێنێکی زۆریان دەگرت و هەم وزەیەکی زۆریان پێویست بوو بۆ کارکردن، جگە لەوەش لەکاتی کارکردندا دەنگە دەنگێکی زۆریان لێدەهات. ئێستا سەردەمی مینی کۆمپیوتەرەکانە. بۆ نموونە:

کۆمپیوتەری بچووکی AtomMan X7Ti کۆمپیوتەرێکە تایبەتمەندییەکانی یەکجار بەرزن. لەسەر کەیسی کۆمپیوتەرەکە شاشەیەکی چوار ئینجی هەیە بۆ نیشاندانی زانیارییەکانی تایبەت بە کۆمپیوتەر، وەك خێرایی، گەرمی و گواستنەوەی داتاکان و...تاد. کۆمپیوتەرەکە core 9 ultraیە و لە ڕیزی بژاردە باشەکان دێت بۆ ئەندازیاران و ئەوانەی کاری گرافیك دەکەن. خێرایی گواستنەوەی ئینتەرنێتی لە wi-fi 7 سوود وەردەگرێت کە لە ڕیزی بەهێزترینیانە و ٤٦ گیگابایت لە چرکەیەکدا دەگوازێتەوە. داتاگەکەی لە جۆری SSD M2یە و چوار ترابایتە. سێ دینەمۆی زیرەکی لەسەرە کە هەموویان پێکەوە تۆڕێکی گرنگی زیرەکی دەستکرد پێکدێنن، دینەمۆکانی CPU و GPUو NPUن.

رامەکەی ١٦ هەتا ٣٢ گیگابایتە. کێشی تەنیا دوو کیلۆ و چوارسەد گرامە.

# ئامێرێک بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقی




سەردەمێك واكمەنەكان (Walkman) زۆر باوبوون، واكمەن ئەو ئامێرەیە كە بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقی سوودیان لێوەدەگیردا، دوای بە دیجیتال بوونی ئامێرەكان ئەوانیش بە دیجیتالی بوون و دواتر كە مۆبایل پەرەی سەند، بە یەكجاری باویان نەما و كۆمپانیاكان چیدی بەرهەمیان نەهێنا.

لەم دواییەدا ئامێرێكی هاوشێوەی ئەوان بەناوی HiBy R4 player بەرهەم هاتووە، بە چەندین تایبەتمەندی نوێوە.

ئامێرەكە ئەندرۆیدی ١٢ی لەسەرداندراوە، هەموو فایلێكی دەنگی و ڕەنگی بڵاو دەكاتەوە. شاشەیەكی ٤,٨ ئینجی هەیە. میمۆرییەكەی ٣٢ گیگابایتە و ڕامەكەی ٣ گیگایە. بە مۆبایل كۆنترۆڵ دەكرێت و جگە لەوەش كۆنترۆڵی خۆی لەگەڵدایە. بچووكەو بەقەد مۆبایێكی ئاسایی دەبێت و تۆزێك ئەستوورترە. كاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا ١٢ كاتژمێر شەحنەكەی دانابەزێت. ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و فایلە مۆسیقییەكان لەوێوە وەردەگرێت.




# تەنیا یەک تایەیە و بەس!

لە دونیای تەكنەلۆژیای نوێدا ئامرازەكانی گواستنەوە گۆڕانكارییان بەسەردادێت و ئامێری نوێ بەرهەم دێن. یەكێك لەو ئامێرە سەیروسەمەرانە ئامێری Inmotion V14یە. ئامێری تەك قاچ یا تەك تایە و هیچی دیكە. مۆتۆڕێكی بەهێزی لەسەرە كە شەحن دەبێتەوەو باترییەكی چوارهەزار واتی لەسەرە و لە ماوەی كاتژمێرێكدا شەحن دەبێتەوە و خێراییەكەی لە كاتژمێرێكدا دەگاتە ١١٠ كیلۆمەتر. بە هەموو هەوراز و بەرزاییەكیشدا سەردەكەوێت.

ئامێری ناوبراو بۆ گەشتكردن لەناوچە شاخاوییەكان زۆر گونجاوە. ئامێرە مەترسیدارە و كەسی زۆر شارەزای نەبێت ناتوانێت كۆنترۆڵی بكات بەتایبەتی ئەگەر خێراییەكەی زۆر دەچێتە سەر، هیچ سووكانێكی نییە بۆ كۆنترۆڵ كردن.

# پرۆگرامێکی PDF پشتیوانی لە ژیریی دەستکرد دەکات

لە داهاتوودا هەموو پرۆگرامەکان بە ژیری دەستکردەوە پەیوەند دەدرێن، هەر لە ئێستاوە زنجیرە پرۆگرامەکانی ئەدۆب پشتیوانی لە ژیریی دەستکرد دەکەن و مایکرۆسۆفتیش لە هەوڵدایە پرۆگرامەکانی خۆی بە ژیری دەستکردەوە ببەستێتەوە.

پرۆگرامی PDFgear تایبەتە بە فایلەکانی PDF، بەڵام جیاوازی لەگەڵ پرۆگرامەکانی دیکە ئەوەیە کە لەگەڵ ژیریی دەستکرد واتە ChatGPT پەیوەند دەدرێت و ئەو دەقانەی لەناو فایلەکە دان بەکارهێنەر دەتوانێت پرسیاری لێبکات و ئەگەر حەزی کرد بۆی کورتکاتەوە یان بۆ زمانێکی دیکە وەریبگێڕێ.




بەشێك لەئەرکەکانی پرۆگرامەکە ئەوەن:

دەکرێت فایلێکی گەورە بکەی بە چەند فایلێکی بچووك. هەروەها دەکرێت چەند فایلێك بکەی بە فایلێکی گەورەتر. گۆڕینی فۆرماتی PDF بە فۆرماتی دیکە. گۆڕین و دەستکاری کردنی فایلێکی PDF تەنانەت ئەگەر وێنەشی تێدابێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی گرنگ دەکات و دەپرسێت، بۆچی وەك پێشوو گرنگی بە ئەنتی ڤایرۆس نادرێت؟ ئێستا کەم کۆمپیوتەر هەیە ئەنتی ڤایرۆسی لەسەر بێت؟**

خوێنەری بەڕێز هۆکاری گرنگی پێنەدانی ئەنتی ڤایرۆس بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە. بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر ئێستا زۆر شارەزاترن و ئاگاترن لە ڤایرۆس و ماڵپەڕە جێی گومانەکان، ئەو ماڵپەڕ و پرۆگرامانە ناکەنەوە کە گومانیان لەسەرە. هەروەها وێبگەڕەکانی وەك گوگڵ کرۆم و مایکرۆسۆفت ئیدج کە زۆرتر بەکاردەهێنرێن، بەهێزتر بوونە و ئاگاداری بەکارهێنەر دەکەنەوە لە مەترسی کردنەوەی فایل و پرۆگرام و ماڵپەڕەکان بەرلەوەی بەکارهێنەر دایانبەزێنێ. ئەنتی ڤایرۆسەکان کێشەیان بۆ سیستەم دروست دەکرد و سیستەمیان خاو دەکردەوە. ئەمانە ئەو هۆکارانە بوون کە ئێستا ئەنتی ڤایرۆس بەکارناهێنرێت.

## ڕۆبۆتی پاککەرەوەی مەلەوانگەکان

مەلەوانگەکان جا چ مەلەوانگەی تایبەت بێت، یا مەلەوانگەی گشتی بە چەندین هۆکارەوە پیس دەبن. ئاوی ناو مەلەوانگەکە ئەگەر داخراو بێت ژێرەوە و دیوارەکانی پیس دەبن. ئەگەر کراوش بێت جگە لە پیسی دیوارەکان و ژێرەوەی ئەوە پووش و پەڵاش و گەڵای دار و تۆز و خۆڵی زۆر دەچێتە ناوی.

ڕۆبۆتی جۆری AquaSense Pro ڕۆبۆتێکە، وەك گەسکی کارەبایی دەچێتە ناو قووڵایی مەلەوانگەکان و پاکیان دەکاتەوە و هەروەها بە دیوارەکانیشدا هەڵدەچێت و ئەوانیش دەسڕێتەوە و ڕوون ڕوونی دەکاتەوە. ڕۆبۆتەکە ٩ مۆتۆری هەیە و لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێ و لە ڕێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. لە مەلەوانگەکە نەخشە هەڵدەگرێتەوە و ئەو شوێنەی پاکی کردۆتەوە جارێکی دیکە بۆی ناچێتەوە. کێشی زیاتر لە ٩ کیلۆیە و زیاتر لە سێ کاتژمێر لەناو ئاودا دەمێنێتەوە.





# کامێرایەکی چاودێری بۆ هەمیشە

ڕۆڵی کامێرای چاودێری لە پاراستن و ئەمنییەتدا زۆر گرنگە، لەو کاتەوە تەکنەلۆژیای دیجیتالی پێشکەوتووە و کامێرای چاودێری لە هەموو شوێنێك هەیە، ئەگەر ڕێژی دزی و تاوانیش کەم نەبووبێتەوە، لە سایەی کامێرای چاودێری بە زووترین کات ئاشکرا بوونە.
کامێرا چاودێرییەکان بۆ کارکردن پێویستیان بە وزەی کارەبایە، بەڵام کامێرای چاودێری جۆری reolink argus 4 pro بۆ کارکردن پێویستی بە هیچ شتێك نییە، بەڵکو لەو سویچ پەنەڵانەی کە لە خۆرەوە وزە وەردەگرن کار دەکات. کەوایە کامێراکە یەکجار جێگیر دەکرێت و بۆ هەمیشەییە. پانتایی ١٨٠ پلە لە ژێر چاودێری دەخات، پشتیوانی لە ژیری دەستکرد دەکات و مرۆڤ و گیاندار لێکجیا دەکاتەوە، هەروەها جوڵەی جێی گومان و جوڵەی ئاسایی لێك جیا دەکاتەوە. کوالیتی گرتنی 4Kیە. لە شەویشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. میمۆری ١٢٨ گیگابایت دەخوێنێتەوە و لە ئینتەرنێتیش شوێنی تایبەتی هەیە بۆ هەڵگرتنی داتاکان. لە وای-فای ڕاستەوخۆ سوود وەردەگرێت. دەنگ وەردەگرێ و بەرێش دەکات.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ وێنەی پرۆفایل

لە سەردەمی سۆشیال میدیادا یەکێك لەو شتانەی گرنگی پێدەدرێ، وێنەی پرۆفایلە. بۆ دروستکردنی وێنەی پرۆفایل پێویستە هەندێك شارەزاییت لە کاری گرافیکدا هەبێت. ژیری دەستکرد ئاسانکارییەکی زۆری لەو بوارەدا کردووە، زۆر ماڵپەڕی تایبەت بە گرافیك و دروستکردنی وێنەی پرۆفایل هەن کە بە چرکەیەك وێنەی پرۆفایل بە ویستی خۆت دەگۆڕێت، یەکێك لە ماڵپەڕە ناسراوەکان و ئاسانەکان ماڵپەڕی pfpmaker.com. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە هیچ پێویست بە زانیارییەکی ئەوتۆ ناکات، لە بۆکسێك کە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە وێنەی مەبەستی خۆتی بۆ دادەنێی لە چرکەیەکدا بە دەیان وێنەی پرۆفایلی زۆر پرۆفیشناڵ بەو وێنەیە دروست دەکات.

# بچووکترین پرینتەری 3D



پرینتەری سێ ڕەهەندی قەوارەیان گەورەیە و تێچووی بەرهەمهێنانیشیان زۆرە، کۆمپانیایەك هەستاوە بە بەرهەمهێنانی بچووکترین پرینتەری سێ ڕەهەندی، کێشەکەی تەنیا ٦٠٠ گرامە. هەڵگرتنی ئاسانە. ئەو مادانەی بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلەکان پێویستن بە ئاسانی بەدەست دێن.
پرینتەری جۆری tinyMaker 3D printer قەبارەکەی ١٥٥ لە ١٥٥ دایە. پرینتەرەکە بۆ کارکردن پێویستی بە وزەیەکی کەم هەیە و دەکرێت بە پاوەربانکێیش کاری پێبکرێت. لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت و ئاپێکی تایبەتی هەیە بۆ پرێنت کردنی کەلوپەلەکان. زیاتر بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلی بچووکە وەك ئامێری گەیمی منداڵانە و شتێکی بچووك لە کەلوپەلی ماڵەوە.



# چۆنێتی ڕەنگکردنی قژ بە شێوەیەکی سرووشتی

زۆرێك لە خانمان هەوڵدەدەن قژیان ڕەنگ بکەن، بەڵام بۆیەی کیمیایی لەوانەیە زیانێکی زۆر بە قژ بگەیەنێت و هەندێك جار ببێتە هۆی هەستیاریی پێستی سەر، ئەمەش وا لە خانمان دەکات بە دوای جێگرەوەیەکی سەلامەتتر و سرووشتیدا بگەڕێن.



پێش ئەوەی دەست بە ڕەنگکردنی قژت بکەیت، گرنگە ڕەنگی گونجاو دیاری بکەیت، کە لەگەڵ ڕەنگی پێست و چاوتدا بگونجێت.

بۆ پێستی کاڵ: ڕەنگی گەرمی وەکو مسی، قاوەیی کاڵ، ڕەنگی هەنگوین گونجاوە.

بۆ پێستی مامناوەند: ڕەنگی گەرمی وەکو مسی و قاوەیی کاڵ، وە ڕەنگی تۆخ وەکو قاوەیی تۆخ و ڕەش گونجاوە.

بۆ پێستی تۆخ: ڕەنگی تۆخ وەکو قاوەیی تۆخ و ڕەش گونجاوە.

بۆ چاوی شین: ڕەنگی کراوەی وەکو زەرد و هەنگوینی گونجاوە.

بۆ چاوی سەوز: ڕەنگی تۆخ وەکو قاوەیی تۆخ و ڕەش گونجاوە.

بۆ چاوی ڕەش: هەموو ڕەنگەکان گونجاون.



# هەندێک پێکهاتەی سرووشتی بۆ پێستی وشک

گرنگیدان بە پێست بەشێکی سەرەکییە لە پاراستنی تەندروستی و هاوکات پارێزگاریکردنە لە جوانی و زیندوو هێشتنەوەی پێست، لێرەدا چەند هەنگاوێك بۆ پاراستنی پێست دەخەینە ڕوو.

تێکەڵەی ماست و ئاوی خەیار: دوو کەوچکی چێشت ماستی سرووشتی، نیوەی خەیارێك توێکڵەکەی لێ بکەرەوە و لە ڕەندەی بدە، کەوچکێك ئاوی لیمۆی تازە.

**شێوازی ئامادەکردن:**

١- ماستەکە لەگەڵ خەیاری ڕەندەکراو تێکەڵ بکە تا تێکەڵەکە یەکسان دەبێت.

٢- ئەگەر ویستت ئاوی لیمۆی تێبکە.

٣- تێکەڵەکە بدە لە دەموچاوت و بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ خولەك بەجێی بهێڵە.

دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن بشۆ و بە نەرمی وشکی بکەرەوە.

**تێکەڵەی لیمۆ و هەنگوین:**

کەوچکێك ئاوی لیمۆی تازە،

کەوچکێك هەنگوینی سرووشتی.

**شێوازی ئامادەکردن:**

١- ئاوی لیمۆ لەگەڵ هەنگوینەکە بە باشی تێکەڵ بکە.

٢- تێکەڵەکە بدە لە دەموچاوت و بۆ ماوەی ١٥-٢٠ خولەك بەجێی بهێڵە.

دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن بشۆ و بە نەرمی وشکی بکەرەوە.

ترشی لیمۆ وەك نەرمکەرەوەیەکی سرووشتیی پێست کاردەکات، لە کاتێکدا هەنگوین یارمەتی شێدارکردن و نەرمکردنی پێستی وشك دەدات.

# هەندێک هەڵەی باو لە شۆردنی جلوبەرگدا



زۆرێك لە خانمان لە کاتی جلشۆردندا هەڵەی زۆر دەکەن، لێرەدا تێڕوانینێکی گشتی بۆ هەنگاوە هەڵەکان دەخەینەڕوو، کە هەندێکیان بەرپرسن لە تێکدانی ئامێری جلشۆر، هەروەها بۆنێکی ناخۆش دروست دەکەن، ئەمە جگە لەوەی ئەو جلوبەرگانەش کە دوای شوشتن بە باشترین شێوە هێشتا جوان، دەرناکەون.

١- بارکردنی زۆر لە ئامێری جلشۆردن بە کۆمەڵێك جلوبەرگ، ئەمە دەبێتە هۆی خراپیی پاککردنەوە، ئەمە جگە لەوەی زیان بە قوماشی جلوبەرگەکان دەگات.

٢- دانانی جلشۆر لە ئاستێکی ئاسۆیی ڕێك، دانانی ئامێری جلشۆر لەسەر ڕوویەکی نا یەکسان دەبێتە هۆی خراپیی کارکردن، چونکە ڕەنگە هەندێك دەنگ یان لەرزینێکی بەهێز لە کاتی وشککردنەوەی جلەکاندا دروست بکات، کە ڕەنگە زیان بە ماتۆڕەکەی بگەیەنێت یان تەنانەت ببێتە هۆی تێکچوونی هەمیشەیی ئامێرەکە.

٣- گونجاو نییە جلشۆر بە جلوبەرگی پەڵەی زۆرەوە بار بکرێت، بەو پێیەی ئەمانە پێویستیان بە چارەسەری دەستی هەیە، واتە چارەسەرکردنی پەڵەکان بە مادەیەکی پاککەرەوەی سرووشتی، وەك سرکەی سپی، ئاوی لیمۆ، سۆدە و هتد، پێش ئەوەی بە ئامێر بشۆردرێت.

• **ئامادە کردنی: شیلان عەلی**





## خاوەنی گەورەترین پێ

کاتێك (فانی میلز) لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئینگلتەراوە کۆچی کرد بۆ ساندوسکی لە ویلایەتی ئۆهایۆ، ئەو هەرزەکارێکی بچووك بوو، کە کێشی ٦٠ پاوند بوو، بەڵام زۆربەی ئەو کێشەی لە قاچ و پێیەکانیدا هەڵگرتبوو. (فانی) قوربانیی نەخۆشیی میلرۆی بووە، کە بووبووە هۆکاری ئاوسانی قاچ و پێیەکانی بەهۆی شلەی لیمفاوییەوە پێیەکانی ئاوسابوون بۆ ١٩ ئینج، کە ناچاری کردبوو پێڵاوی سێ پارچەی پێستی بزن و بەرگی بالیف وەك گۆرەوی لەپێ بکات، بەڵام ئەم نەخۆشییە هۆکاری گواستنەوەی بووە لە هەژارییەوە بۆ سەروەت و سامان، تا لە ساڵی ١٨٩٩ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.



## قەرەجەکان

قەرەجەکان لە ولایەتی ڕاجەکستانی هندستانەوە هاتوون و بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا بڵاو بوونەوە، ژمارەیان بە هەشت ملیۆن کەس دەخەملێندرێت، زۆربەیان کار ناکەن، بەڵکو بژێوی ژیانیان لەسەر سواڵکردن و سەما و مۆسیقا و.. هتد، دابین دەکەن. لە شاری سۆفیا پایتەختی بولگاریا بازاڕێك هەیە پێی دەڵێت بازاڕی بووکان، ساڵی جارێك قەرەجەکان لەوێ کۆدەبنەوە و کچەکانیان بە پارەیەك کە خێزانەکان دیاری دەکەن، بە پیاوەکان دەفرۆشن. یەکێك لە مەرجەکان ئەوەیە دەبێت قەرەج بێت و ئەو پارەیە بدات کە خێزانەکان لەسەر کچەکانیان دیارییان کردووە.







## دوورگەكانی ماریانا
## دەروازەی نێو دڵی زەوی

خەندەقی ماریانا كە دەكەوێتە ڕۆژئاوای زەریای هێمن و قووڵترین بەشی زەریاكانی جیهانە، لە خاڵێكدا كە بە قووڵیی چالنجەر ناسراوە، قووڵییەكەی دەگاتە نزیكەی ٣٦٠٧٠ پێ (١٠٩٩٤ مەتر) ناوی خەندەقەكە بە ناوی دوورگەكانی ماریانا ناو نراوە كە لە نزیكەوەیە. ژمارەی پێوانەیی جیهانی بۆ قووڵترین ئاست بۆ ناو خەندەقی ماریانا لەلایەن ڤیكتۆر ڤێسكۆڤۆ لە ٢٨ی نیسانی ٢٠١٩ تۆمار كرا، ڤێسكۆڤۆ بە قووڵایی ٣٥٨٥٣ پێ (١٠٩٢٧ مەتر) بە دەرياييەكەی كە ناوی DSV Limiting Factor بوو دابەزی، ئەمەش بۆ زیاتر تێگەیشتنمان لە بارودۆخی توندی خەندەقەكە و ژیانی دەریایی ناوازە تۆمارەكانی پێشووی تێپەڕاند.

## كۆنترین شوێنەواری بەنداو و (قەنتەرە -ئاوڕێژ)ی جیهان لە كوردستانە

كاتێك سەردانی بەنداوی جەڕوانە لە سنووری بادینان دەكەیت، سەرت لە هونەری دروستكردنی بەنداو یان ئاوڕڕێژی جەڕوانە سوڕ دەمێنێ، چونكە نزیكەی(٢٧٣٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بە درێژایی (٣٠٠) مەتر و پانیی (٢٠) مەترو بەرزیی (٩) مەتر بە بەردی ئەندازیاری كە وەك كەرپوچ و بلۆك یەك شێوە و قەبارەن دروست كراوە، بەڵام بەردەكان قەبارەیان زۆر گەورەیە و كێشی هەندێكیان نیو تۆن دەبێت، بەردەكان هاوشێوەن و هیچ چیایەك نزیك لەو شوێنەش نییە كە بەردەكانیان لێی دەرهێنابن، ئاوڕێژی جەڕوانە، بە دووریی ٩كم دەكەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی قەزای شێخان لە سنووری پارێزگای دهۆك، تەنیا یەك كیلۆمەتر لە ڕێگەی سەرەكیی دهۆك دوورە. لە سەردەمی پاشا سەنحاریب (٧٠٥ - ٦٨١)ی پێش زایین دروست كراوە، هەندێك دەڵێن: بەم جۆرە ئاوڕێژە دەگوترێت (قەنتەرە نەك بەنداو).



# مێژووی تۆقەکردن




تۆقەکردن، شێوازێکی سڵاو و سەلامکردن و خۆ نزیک کردنەوەیە، دەست لە دەستی یەکتر واتە ئێمە برایـن و خوێن و گۆشتمان یەکە، بەیەکەوە گیانفیدایی بۆ هەموو کارێك دەکەین، مێژووی تۆقە نازانرێت بەڵام بەپێی ئەم نەخشی سەر دیـوارە تۆقە لـە سەردەمی میزۆپۆتامیـادا هەبـووە، یەکەم تۆقەکردن کـە لـە مێژوودا تۆمارکراوە، لەلایەن خەڵکی میزۆپۆتامیا لەسەر دیوارەکانیاندا نەخشێنراوە. کە ئەویش تۆقەکردنی نێـوان پاشای ئاشـووری شەلمەنسەری سێیەم و پاشای بابلی مـەردوك زێکیـر ڕوویـداوە، لێرەدا ئـەم تۆقەکردنـە وەك ئاماژەیەکی فەرمـی بەکارهاتـووە کـە گوزارشت لـە هاوپەیمانی نێوان ئاشوور و بابل دەکات.

## یاسا



### شووکردنەوەی ئافرەت

بەگوێرەی یاسا و شەریعەی ئیسلام ئافرەت لە دوای مردنی مێردەکەی ناتوانێت یەکسەر شوو بکاتەوە، بەڵکو دەبێت ماوەیەك ڕابوەستێت، ئەو ماوەیەش پێی دەگوترێت ماوەی چاوەڕوانی (عدة)، بۆیە چەند زانیارییەك لەم بەرەیەوە بەگوێرەی شەرع هەروەها مادەکانی (٤٧ - ٤٨ - ٤٩ - ٥٠) لە یاسای باری کەسێتیی هەمواکراودا هەیە.

یەکەم: بەگوێرەی شەرع پێویستە ئەو هاوژینانە چوار مانگ و دە شەو خۆیان بگرن، بەگوێرەی یاسا، عدە پێویست دەبێت لەسەر ژن ئەگەر مێردەکەی مرد، تەنانەت پێش سەرجێیش، عـدەی مـردوو لەسـەر ژنەکـە (٤) مانـگ و (١٠) ڕۆژە ئەگـەر دووگیـان نەبـووە، کـە دەکاتـە (١٣٠) ڕۆژ، ئەگەریش دووگیان بوو ئەوا دوورترین ماوە ئەژمار دەکرێت لە دانانی منداڵەکە و ئەو ماوەی کە باس کرا، ئەگەر مێردی تەڵاقدراوێك مرد، ژنەکە لە عەدەدا بوو، ئەوا عدەی مردوو ئەژمار دەکرێت ماوەی ڕابردوو ئەژمار ناکرێت، عدە یەکسەر دوای مردن دەست پێدەکات، تەنانەت ئەگەر ئافرەتەکە بە مردنی مێردەکەشی نەزانیبێت، هیچ شتێك بەناوی بژێوی بۆ عدەی مردوو نییە.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس بۆمبە تەوقیتەکانی سۆشیال میدیا دەکرێت، لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەخرێتە ناو هزر و دەمی ئەو مرۆڤانەی کاتێکی زۆر خەریکی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیان.




## دیمەنە سەیرەکان

### دار و درەخت و پلەی گەرما

دوو دیمەنی ڕێڕەوێك کە یەکێکیان داروباری لێیە، ئەوەی دیکەش وشکانی پێوە دیارە، بە پێوەری گەرمی پلەی گەرمای ئەو دوو شوێنە وەرگیراوە، دەبینین کە گرنگی درەختەکان و ڕۆڵیان لە گۆڕینی پلەی گەرمادا چەند کاریگەرن.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە لایەنی پیشەییەوە بەختێکی باشت دەبێت، پێش ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کەسانی چواردەورت بگۆڕیت، بیرب لەوە بکەرەوە کە خۆت بگۆڕیت، بۆ ئەوەی هێندە ڕەخنە لە کەسانی چواردەورت نەگریت، ناجێگیریی تەندروستیی خۆشەویستەکەت نیگەرانی کردوویت، هەوڵ بدە زیاتر بایەخی پێ بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر هەڵسوکەوتی توندی خۆشەویستەکەت نیگەرانی کردوویت، هەوڵ بدە بە گفتوگۆ وشەکانی دڵتی بۆ باس بکەیت، هەوڵ بدە کاتەکانت بەکار بهێنە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت، ئەم چەند ڕۆژە سەرنجت لەسەر ژیانی تایبەتیت بێت، کێشەکانت بەزوویی چارەسەر بکە دەنا کێشەکانت گەورەتر دەبن.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی سەرقاڵیتەوە لە لایەنی پیشەییەوە تەندروستیت فەرامۆش مەکە، ئەگەر دەتەوێت بە تەندروستییەکی باشەوە بمێنیتەوە، پێویستە لە جگەرە و مادده کحولییەکان دوور بکەویتەوە، پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت زۆر باشە، سوود لە ئامۆژگاریی کەسانی دیکە وەربگرە و گوێیان لێ بگرە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر بێ بیرکردنەوە پارەکانت خەرج بکەیت لایەنی داراییت بەرەو خراپی دەبات، هەوڵ بدە بە پلان پارەکانت خەرج بکەیت، چونکە پلانی گەورەت هەیە بۆ داهاتوو، ئەم چەند ڕۆژە کاتەکانت بە بیرکردنەوەی بێسوودەوە بەسەر مەبە، دەنا هەموو وزە ئەرێنییەکانت لەناو دەبات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە دەتوانیت هەمو ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەیت کە لەسەر شانت بوون، قسەکردنی زۆر لەگەڵ هاوپیشەکانت وا دەکات سەرنجت لەسەر کارەکەت کەم ببێتەوە و خاوەن کارەکەت لێت نیگەران بێت، ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، لە کاتی ئەنجامدانی هەر کارێك بە ئەرێنی بیربکەرەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ باری دەروونیت زۆرباش نییە، بەهۆی سەرقاڵیتەوە زیاتر نیگەرانیت و سترێست هەیە، هەر کێشەیەك ڕووبەڕووت بووەوە دەتوانیت یارمەتی لە هاوڕێکانت وەربگریت، ئەوان دەتوانن لە قورسترین دۆخدا یارمەتیت بدەن، ئەم ماوەیە تەندروستیت باشە.



## پەند و وتە

فرانچۆس ماری ئۆرییۆت، کە بە نازناوی نۆم دی پلۆم، دی ڤۆلتێر ناسراوە، فەیلەسووف و ڕەخنەگری فەرەنسی، لە ساڵی ١٦٩٤ لە پاریس لە دایکبووە و لە ساڵی ١٧٧٨ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هیوا و ئاوات دەڵێ: «لەسەر لێواری شوێنە تاریکەکان مەوەستە کاتێك دەزانیت شەمشەمەکوێرەکان لەوێ ژیاون و دەژین، بەڵکو بەدوای دەنگ و چریکەی چۆلەکەکەندا بگەڕێ و بەیانیان لەگەڵ خۆرهەڵاتندا هیوا بخوازە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دیزاینێک کراوە و ٣ کەس دەیانەوێت سەر شوێنەکە بکەون، هەوڵدە بزانە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا، شوێن و ئاراستەی کام لەم ٣ کەسە ڕاست و دروستە.




زاناکان ڕێگەیەکی پشکنینی CRISPR یان پەرە پێداوە بە ناوی vivo Perturb-seq بۆتێگەیشتن لە گۆڕانە بۆماوەییەکان لە خانەکانی مێشکدا، مێشك زۆرجار بە سندووقێکی ڕەش ناو دەبرێت، سندووقێك کە زەحمەتە سەیری ناوەوەی بکەیت و بزانیت چی ڕوو دەدات لە هەر ساتێکی دیاریکراودا. ئەمە بەشێکە لە هۆکارەکانی ئەوەی کە زەحمەتە تێبگەین لە کارلێکی ئاڵۆزی گەردەکان و خانەکان و جینەکان کە لە نەخۆشییە دەمارییەکاندان هەن، بۆیە زانایان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی توێژینەوە دەمارییەکانەوە تێبگەن لە شێوازی کارکردنی مێشك و دەمارەکانی نومێشك و، بۆ لێکدانەوە و چارەسەری نەخۆشییەکان پەرەی پێ بدرێت لە داهاتوودا. لە ئێستاشدا تەکنەلۆژیای کریسپەر باشترین پێشکەوتنی زانستییە کە پەرەی پێ دەدرێت تا لە داهاتوودا کاری سەرسوڕهێنەر بۆ مرۆڤایەتی بکات، ئەم تەکنیکە داهێنەرانەیە ڕێگە بە شیکردنەوەیەکی خێرا و پێوانەکراو دەدات لەسەر ئەوەی چۆن گۆڕانکارییە بۆماوەییەکان کاریگەرییان لەسەر خانەکانی مێشك هەیە، ئەمەش تێڕوانینێکی نوێی خانەیی پێشکەش دەکات دەربارەی نەخۆشییە دەمارییەکان. شێوازێکی نوێی شاشەی CRISPR دەتوانێت شیکردنەوەی خێرا بۆ جینەکان بکات لە خانەکانی مێشکدا، ئەم تەکنیکە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ ناسینەوەی جۆرەکانی ئەو خانانەی زوو کارتێکەر دەبن بە نەخۆشی، بەهۆکاری گۆڕانە بۆماوەییەکان genetic mutations. ئەم ڕێگەیە لە یەك تاقیکردنەوەدا ڕێگە بە بەکارهێنانی دەیان هەزار خانە دەدات.

فیلم

## ڕێگەی ماڵەوە - Road House



فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە شەڕکەرێکی ئەندامانی گرووپی (UFC)ی کۆمپانیایەکی ئەمریکیی تایبەتە بە بواری شەڕکردن و دۆزینەوەی پاڵەوانانی مشتەکۆڵە دەکات، کە دوای ئەوەی واز لەو گرووپەکە دەهێنێنێت، پاشان کارێکی دەست دەکەوێت لە ویلایەتی فلۆریدا، کارەکەی بەخشین و ڕێنیشاندەریی ئەوانەیە کە ستەمیان لە نێو شوێنی گشتی و شەقامدا لێ دەکرێت، فیلمەکە لە دەرهێنانی داوگ لیمان، لە نووسینی لۆریل ساینز، گیزیل مادارا، بودجەی فیلمەکە ٨٥ ملیۆن دۆلارە، لە بەرهەمهێنانی هێنری براهام، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٤ خولەکە، ئەکتەرانی فیلمەکە بریتیین لە: جەیك گایلینهاڵ، کۆنۆر ماکگریگۆر، پۆست مالۆن، دانێلا میلیچۆر، بیلی ماگنوسین، جێسیکا ویلیامز.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی گرنگ دەبێت، هیچ بڕیارێك بە خێرایی مەدە، ژیرانە بیربکەرەوە و بڕیار بدە، هەندێك کێشە لە ژیانی سۆزداریتدا ڕوو دەدات، لە هەر دۆخێکدا بێت وریای وشەکانت بە بۆ ئەوەی دۆخەکە خراپتر نەکەیت، چانسی ئەوە دێتە بەردەمت کار لەسەر پرۆژەیەکی باش بکەیت، ئەمڕۆ تەندروستیت زۆر باشە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دەربارەی ژیانی سۆزداریت پێویستە لە مامەڵەکردندا زۆر هێمن و وریا بیت، تووڕەبوون کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە، هەوڵ بدە لە هەستی بەرامبەرەکەت تێبگەیت، هەموو شتێك بەهێمن تێدەپەڕێت، تەنیا ڕەنگە دۆخێك بێتە پێشەوە کە نەتوانیت بڕیار بدەیت، باشترە لەو کاتانەدا ڕاوێژ بە کەسێکی نزیکت بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەمڕۆ ڕۆژێکی باشتر دەبێت بۆت لە هەمو ڕوویەکەوە، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی بە ئەرێنی بیر بکەیتەوە و وزەیەکی زۆرت هەبێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە کاتێکی زیاتر لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت، لە لایەنی خێزانەکەتەوە پاڵپشتی تەواو دەکرێیت، تەندروستیت زۆر باشە، بەڵام وریای جۆری خۆراکەکانت بە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەگەر هەر کێشەیەکت هەبووە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی هەندێك کاتی لەگەڵدا بەسەر بەریت و کۆتایی بە کێشەکان بهێنن، لە لایەن خێزانەکەتەوە پاڵشتی تەواو دەکرێیت، ڕۆژێکی گرنگ دەبێت، چونکە دەتوانیت هەستەکانت بە ئاشکرا دەربخەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لێك تێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و خۆشەوستەکەت دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە نێوانتاندا، ڕۆژێکی ئاسایی دەبێت لە لایەنی داراییەوە، هەر کێشەیەك لە ژیانی تایبەتیتدا ڕووب دات لە کاتی خۆیدا چارەسەری بکە و دوای مەخە، لە لایەنی پیشەییەوە پێویستە زیاتر هەوڵ بدەیت و بە ڕاستگۆیی ئەرکەکانت ئەنجام بدەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

نێوانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆر باشە، پەیوەندیتان زیاتر بەهێز دەبێت، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو زۆر سەرقاڵ بویت، باشترە هەندێك کات بۆ کەسە خۆشەویستەکانت تەرخان بکەیت، لەگەڵ هاوپیشەکانت چەند هەواڵێکی خۆشتان پێ دەگات، کێشە تەندروستییەکانت چارەسەر دەبن.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly
Gulan
July 15, 2024 Issue,No.1421

